
مامۆستا کرێکار
فەرزێتی کۆمەڵکاری
و مافی ڕەوتەوانان لەسەر یەکتری

بسم الله الرحمن الرحيم

# فەرزێتی کۆمەڵکاریی
# و مافی ڕەوتەوانان لەسەر یەکتری

# فەرزێتی کۆمەڵکاریی

## و مافی ڕەوتەوانان لەسەر یەکتریی

**ئامادەکردنی**

**مامۆستا کرێکار**

# فەرزێتی کۆمەڵکاریی

## و مافی ڕەوتەوان لەسەر یەکتریی

کــتــێــبـــــــی: فەرزێتی کۆمەڵکاریی

ئامـــــادەکردنی: مامۆستا کرێکار

نەخشەســـــازی: سەردەم

ساڵـــــــــــی: ١٤٣٩ك-٢٠١٨ز

بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفَرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنْتُمْ مُسلِمونَ

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فازَ فَوزاً عَظيماً

أمَّا بعدُ: فإنَّ أصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النَّارِ.

پێشکەشە

بەو ڕەوتەوانە بەڕێزانەی

بۆ بانگەوازی خوایی لێبڕاون و

خۆیان بۆ سەرخستنی ڕەوتەکە ساغکردۆتەوە

## بیرخستنەوەی یەکەم

## تیۆری کۆمەڵکاری و بزاڤ لە روانگەی ڕەوتی شاخەوە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على رسوله الأمين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

لە خوێندنی هەر کتێبێکی کۆمەڵکارییماندا پێویستە کۆمەڵکار بزانێت کە باسەکە لە کوێیی نەخشەی دیدو ڕێماندایە، بۆیە بە پێویستی دەزانم نەخشەکە بۆ بیرخستنەوە بە کورتی بخەمەوە بەرچاو، تا بزانیت لە کوێدایت و خەریکی بیناسازیی چ لایەنێکی کەسایەتی خۆت و دەزگایەکی کۆمەڵکارییەکەی ڕەوتیت.

- یەکەمین برگەی دیدی موسوڵمان ـ دوای باوەڕهێنانی ـ زانینی عەبدایەتییەتی بۆ خوای گەورە، ئەم عەبدایەتییە دوای ناسینی خوای گەورەیە، عەبد تا زیاتر خوا بناسێت عەبدایەتییەکی سەر ڕاستانەتری بۆ ئەنجامدەدات. ناسینی خوای گەورە لە باسەکانی عەقیدەدا ڕووندەبنەوە، عەقیدە کە باسی سێ جۆری یەکخواناسی (تەوحید) دەکات:

١- ناسینی خوای گەورە : کە تەوحیدی پەروەردگارێتی (الربوبية) و ناوو سیفەتەکانێتی.

٢- رووڵەخواکردن و پەرستنی: کە تەوحیدی خوایەتی و پەرستن (الالوهية)یە.

٣- ئیعتیرافكردن بە مافی خوا لە دەسەڵاتدارێتییدا: واتە لە یاساوڕێسادانان (التشريع) و فەرمانڕەوایی (الحكم) و داوەریی بردنە لای شەریعەتەكەی (التحاكم الى الشرع) كە تەوحیدی حاكمێتییە (توحيد الحاكمية).[١]

هەروەها باسەكانی تری عەقیدە كە پێیان دەوترێت (مسائل الايمان) وەكو: پێناسەی باوەڕ، بەشەكانی باوەڕ، روكنەكانی باوەڕ، مەرجەكانی باوەڕ، لقەكانی باوەڕ، پێچەوانەكانی باوەڕو هیتر.

- ئەم خواناسینە بەپەرستنی راست و دروستی خوای تاك وپاك تەواو دەبێت، خواپەرستیەكانیش -كە بە دڵ و زمان و جەستە دەكرێن- هەموویان دیاری كراون و ناشێت بە بێ بەڵگەی قورئان و سوونەت زیادو كەم بكرێن.

- ئەم دوولایەنی ناسین (باوەڕ = العقيدة) وخواپەرستی (پەرستن = العبادة) لایەنی سێ یەمیان دەخوازێت كە ئیعتیرافكردنە بە حاكمێتی خوای گەورە كە

---

[١] راجوێیەكی زۆر لەناو زانایانی سەردەمدا هەیە كە ئایا حاكمێتی بەشێكە لە پەروەردگارێتی وەكو هەندێكیان دەفەرموون، یان بەشێكە لە خوایەتی وەكو هەندێكی تریان دەفەرموون، یان بەشێكە لە ناووسیفاتی خوا وەكو هەندێكی تریان دەفەرموون. بۆ دەرچوون لەم تێكەڵ و پێكەڵكردنە ئێمە وەكو ئیمامی مەودودی و سەید قوتب و محمد قوتب و ئەوانی تر دەفەرموون: رێگا نەگیراوە سەربەخۆ بكرێت و بوترێت (توحيد الحاكمية) خۆ دوو جۆرەكەی تریش _وەكو زاراوە_ بەڵگەی قورئان و سوونەتیان لەسەر نییە. هەر پۆلێنكردنی ئیمامی ئیبنوتەیمییەن رحمه الله كە ساڵی ٧٢٨ك كۆچی دوایی كردووە. ئەمەمان لە شوێنی خۆیدا بەدوورو درێژی باس كردووە والحمد لله.

هەر سێ بوارەکانی: یاسادارِشتن (التشريع) و فەرمانڕەوایی (الحكم) و داوەریی بردنە لا (التحاكم) دەگرێتەوە...

ئەو سێ لایەنی (عەقیدەت و عیبادەت و شەریعەت)ە ـ وەکو قورئان باسیدەکات ـ دەبنە مەیدانی چەسپاندنی تەوحیدەکە. شیرکیش ـ هەر وەکو کە قورئان خۆی باسی دەکات ـ لەو سێ بوارەدایە.

- هەموو ئەوەی سەرەوە دەشێت پێی بووترێت: ئیسلامناسی: خوێندنی ئیسلام یان زانیینی زانستیەکانی مەبەست (علوم الغاية) کە دەکاتە لایەنە تیۆریەکەی ئیسلام، ئێمە بەم لایەنە دەڵێین (دین وديدى).

لایەنە عەمەلییەکەی ئیسلام، کە چەسپاندن و بەکردەوەکردنی لایەنە خوێندراوەکەیەتی (واتە پراکتیزە کردنی ئیسلام لە واقیعێکی زیندووی کۆمەڵگەدا) دەشێت پێی بوترێت زانستەکانی هۆکار (علوم الوسائل) ئێمە بەم لایەنە دەڵێین (بزاوت و هەڵوێست) کە بەشی یەکەمی(العمل الصالح)ە.

- بەشەکەی تری (العمل الصالح) ئالییەتی سەلماندن و چەسپاندن و بەگەڕختنی ئیسلامەکە و بزاوت و هەڵوێستی (شەرعییانە) ی موسوڵمانەکانن، کە لە دوو مەیداندا ئەو کارە نیشاندەدەنەوە:

مەیدانی تاکەکەسی خۆیان و مەیدانی کۆمەڵکاریانەی خۆیان و ئوممەت (الجماعة) کەیان. ئەمەش روکنی سێیەمی بەرنامەکەیە: (دين وديدى ئیسلامی، کۆمەڵکاریی ئوممەتی، بزاوت و هەڵوێستی شەرعیی).

**١.مەیدانی تاکەکەسی سێ بوارە:**

_ پاڵفتەی دەروون (تزكية النفس).

_ ڕەوشتی پەسەن.

_ ئادابی ڕەسەن. (کە بەشێکیانی بریتییە لە مافی مرۆڤەکان، دووربن یان نزیك).

٢- **<u>کۆمەڵکارییە ئوممەتییەکەی خۆی و هاوبیرەکانی:</u>** وەکو سەیدنا عومەر خوا لێی رازی بێت فەرموویەتی (لَا إِسْلَامَ إِلَّا بِجَمَاعَةٍ، وَلَا جَمَاعَةَ إِلَّا بِإِمَارَةٍ، وَلَا إِمَارَةَ إِلَّا بِطَاعَةٍ) واتە ئیسلام بە بێ کۆمەڵ و کۆمەڵکاریی وجودی نییە، کۆمەڵکارییش بە بێ ئەمیرێتی نابێت، ئەمیرێتیش بە بێ گوێڕایەڵی نابێت. کەوابوو لەسەر تاك و کۆی موسوڵمانان فەرزە بەشێک بن لە کۆمەڵ و کۆمەڵکاریی ئوممەتە عەقائیدییەکەیان. جا موسوڵمانی وا هەیە ئەندامێکی ناڕەسمی سستی ئوممەتەکەیەو بەشێوەیەکی گشتی بە ئەحکامە ئیسلامیەکانەوە پابەندە، هەشیانە لەکۆمەڵکارییدایە، بەڵام کۆمەڵکارییەکی وا نییە کە ئیسلامەکەیان گشتگیرانە گرتبێتە بەر.. کۆمەڵکاریی موسوڵمانان چەندین جۆرە. هەیە بە شێوەی (حزبی سیاسی)یە، کە ئەندامی گرووپەکانی (ئیسلامیی سیاسیی)ن. واتە: ئەوانەی پێیان وایە کارکردنی سیاسییانە بۆ هێنانەوەی ئیسلام و شەریعەتەکەی بۆ سەر حوکم فەرزەو زەرووڕەتی دیندارێتیە. لە ناو ئەمانەشدا هەیانە شێوازی هەڵبژاردنی گشتی ووڵاتی خۆی دەگرێتەبەرو بەرنامەی سیاسی خۆی نیشاندەدات. هەشیانە بۆ هێنانەوەی حوکمی ئیسلامی لایەنی جیهادو بەکارهێنانی هێز دەگرێتەبەر. هەشیانە

ئیسلامییەکی ووریایە، بەڵام تاککەسیانە کاری خۆی دەکات، چ وەکو مەلایەك، چ وەکو سەنتەرێکی بەرچاوڕوونی ستراتیژیی، یان ئەو کەسەی کە دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەبات بەڕێوە.

موسوڵمانی غەیرە سیاسیش (ئەگەر ئەم ناوە شیاو بێت بۆیان) ئەوانەن کە بایەخ بە سیاسەت و حاکمێتی و هێنانەوەی حوکمی ئیسلام نادەن. هەر چەندە وەکو موسوڵمان حەزدەکەن حوکمی ئیسلام بێتەوە. وەکو مەلای ئەوقاف و شێخی تەریقەت و سەلەفیەکانی بنباڵی حکومەتەکان و عەوامی خەڵکی!.

- کومەڵکاریی ئەهلی ئیسلام هەر وەکو کۆمەڵکاریی خەڵکیترە. لە رووی هەبوونی پەیکەری رێکخستن و دیاریکردنی ئاست و پلەی هاوبیران. وەکو: ئەمیرو نوخبەو کادیری ناوەندو جەماوەر. ئەمەش بە دیاریکردنی ماف و ئەرک و دەسەڵاتی هەر یەک لە کەسەکان و دەزگاکان دەبێت..

ڕەوتی ئێمە هەر لە سەرەتاوە پەی بەوە برد کە کارکردن بۆ هێنانەوەی ئیسلام بۆ سەرحوکم و وەرگرتنەوەی سەروەرێتیی (کە دەسەڵاتی باڵای وڵاتەو هیچ دەسەڵاتێک لەسەروو ئەوەوە نییە) سێ روکن دەخوازێت: (دین و دیدی) ، (کۆمەڵکاریی ئوممەتیانە)، (بزاوت و هەڵوێستی شەرعییانە). ئاڕاستەوانانی ڕەوت زۆریان لەسەر روکنی (دین و دیدی) نوسیووە، چ ئەوانەی وەکو بابەتەکانی زانستی شەرعیی باسیان کردوون، چ ئەوانەی وەکو مەنهەجی پەروەردەبوون و ئاڕاستە باسیان کردوون. (دین ودیدییەکە) تا رادەیەکی باش روونبۆتەوە. ئەو بەڕێزانەی هەموو یان زۆرینەی نووسینەکانی مەنهەجی ڕەوتیان

خوێندۆتەوە دەزانن دیدی وتێڕوانین و پێناسەی ئێمە بۆ ژیان و گەردوون و مرۆڤ، بۆ پۆلێنكردنی خەڵكی كۆمەڵگەو چۆنیەتی گۆڕانكاریی كۆمەڵگەو سەروەرێتیی شەرع، چۆنە. بەڵام ماویانە بزانن ئالییەتی مومارەسەكردنی ئەو مەنهەجە چییەو چۆن لە جیهانی واقیعێكی بەشەرییدا دەبزوێین؟!

لەم كتێبەی بەردەستدا باس لە دوو بڕگەی (كۆمەڵكاریی ئوممەتیانە) دەكرێت كە بریتین لە: (كۆمەڵكاریی) و (ئەمیرێتی) بەو سیفەتەیان كە ئالییەتی سەلماندن و چەسپاندنی ئەم مەنهەجی (دین و دیدی)یەن، كە لە خۆیانگرتووەو لە سیماو سیفەتی خۆیاندا نیشانیان دەوەتەوە.. سەرەتا باس لە كۆمەڵكارییەكە دەكات، كە فەرزێكی شەرعەو لە هەموو كات و شوێن و حاڵەتێكدا دەبێ پێكبهێنرێت بە تایبەتی لە كات و شوێن و حاڵەتێكی وەكو ئێستای ئێمە لە كوردستاندا، كە ئیسلامەكە ئەوەندە غەریب كەوتووە كە كەس باسی پاكێتی وەلاء و بەراء و فیقهی دەستووریی (الأحكام السلطانية) و سەروەرێتی شەرع و جیهاد ناكات! كۆمەڵكارییەكە روكنێكی تێڕوانین و پێناسە ئایدیۆلۆجییەكەیە كە بریتین لە: (مەنهەجی وەحی)، (كۆمەڵكاریی ئوممەتیی)، (بزاوتی شیاو).

دواتر باس لە ئەمیرێتی دەكات بەو ئیعتیبارەی یەكەمین هۆكاری كۆبوونەوەی شوێنكەوتووانی مەنهەجەكەیە لە سێ روكنی كۆمەڵكاریی ئوممەتییەكەدا (ئەمیر، نوخبە، جەماوەر). چونكە سەرەتای بانگەواز بە هاتن و دەركەوتنی پێغەمبەرێك دەستپێدەكردو پاشان ئەوانەی باوەڕیان بە وەحیەكە دەهێنا دەبوونە شوێنكەوتووی عەقائدیی ئەو پێغەمبەرە بەرێزەو پێكەوە بە بزاوتی

شیاو (بە مەنهەجی وەحی) و (بە کۆمەڵکاریی ئوممەتەکە) کۆمەڵگە جاهیلییەکەیان دەگۆڕی..

لە هەموو کات و شوێنێک و لە ناو نەوەی هەموو کۆمەڵگەیەکدا کە گۆڕانکاریی دەبێتە زەروورەتێکی ژیانی تاکوکۆی ئەو کۆمەڵگەیە، سەرەتا هەستی زەروورەتی گۆڕانکارییەکە دێتە کایەوە. ئینجا راوبۆچوونی جیاواز لەسەر ماهییەت و چۆنییەتی گۆڕانکارییەکە دەبێتە جێباس و لێکۆڵینەوە، پاشان یان کەسێکی کاریزمایی کاریگەر دەردەکەوێت، یان بنەماو رێسای مەنهەجێک دەردەکەوێت. دواتر ئەوانەی دەیخوێننەوەو قەناعەت بە راستیی و دروستیی و زەروورەتی کارپێکردنی دەکەن، لە دووی کەسێک دەگەڕێن تا دارێژەری مەنهەجەکە بناسن. یان دەگەڕێن کەسێکی لە خۆیان شارەزاتر لەو مەنهەجە بدۆزنەوە، تا بیکەنە ئەمیری خۆیان. بەمەش هەبوونی ئەمیرێک ـ کە بەیعەتی لەسەر مەنهەجەکە دەدرێتێ ـ دەبێت بە یەکەمین هەنگاوی کۆمەڵکاریی..

لەم روانگەوە ئێمەش لێرەدا سەرەتا باس لە فەرزێتی هەبوونی کۆمەڵکاریی دەکەین پاشان ئەمیرێتی. تەفسیلاتی پێناسەو راڤەو لێکۆڵنەوەی (موفرەدات)ەکانی تری کتێب ونامیلکەی خۆیان هەیە..

دەشێت ئەم پێشەکیە کورتە ئاوا وێنە بکەین:




تیۆری کۆمەڵکاری و بزاڤ لە ڕوانگەی ڕەوتی شاخەوە

## بیرخستنەوەی دووەم

### بزاوتی ئێمە لە کوێی کۆمەڵکارییەکاندایە؟

ئێمەی ڕەوت کە الحمدلله کۆمەڵکارییەکی عەقائدیی ئیسلامی کوردستانین و باوەڕمان وایە کە ئیسلام دینی ئوممەتێکە بە بزاوتێکی شیاو جاهیلییەت دەگۆڕیت، تا خواپەرستیی و دادپەروەریی لە دارولئیسلامێکدا بچەسپێت.. ئێمەی ڕەوت کە باوەڕمان وایە کوردستان دارولکوفرەو دەسەڵاتە سیاسییەکەشی سیستمێکی طاغووتییەو قەومەکەمان لەژێر ئاڵای ئەو دەستوورو دەسەڵاتەدا لە جاهیلییەتیدان و زۆرینەی ئەهلی مزگەوتەکانیش ئەعرابین، ئینتیمای دینییان سیمایەکی سەتحیی دیندارییەو گوێ بە تەکالیفەکانی (ئیمان و هیجرەت و جیهادو ئیواء و نوصرەت) نادەن کە ئەمانەن پێکهاتەی تاکوکۆی موسوڵمانی سەرڕاستن. وەکو لە ئایەتی ٧٢ و ٧٤ ی ئەنفالدا هاتوون: (وَالَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوا وَّنَصَرُوا أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا)الأنفال/٧٤.

ئێمەی ڕەوت کە دەمانەوێت کوردستان بکەینەوە بە دارولئیسلام و سیستمێکی ئیدارەی ڕاشیدەی تێدا دابمەزرێنین و دانیشتوانەکەی بگێڕینەوە بۆ ئیسلامەکەو لەگەڵ ئەهلی مزگەوتەکانیشیدا بۆ لوتکەی ڕاقیببون و تەقواکاریی و ئینتیمای حزبواللەییەکەی ئایەتی ٢٢ی سوورەتی المجادیلە بەرز ببینەوە: (لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ

الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ).. ئائەم ئامانجە گەورەو دوورانە _کە زۆر کەس بە خەیاڵییان دەزانێت_ بە چ کۆمەڵکارییەک دێنە دی؟

ئێمەی ڕەوت لە کوێی بزاوتی پێشڕەوایانی ئوممەتەکەماندایین لەوانەی کە هەمان هیواو ئاواتیان هەڵگرتووەو لە رەنجی بەردوامیشیاندان بۆی؟

هەستم دەکرد روونکردنەوەی ئەمە بەرپرسێتییەکی گەورەمە، ئەرکێکی ئەو گومانباشییەی ئەوانە بەرامبەر رێبەرێتییمە بۆ ڕەوتەکەیان، زەروورەتێکی واقیعناسییش بوو تا بازنەکانی کۆمەڵکارییەکانمان لەبەرچاوبێت، تا ڕەوتەوانانی جوامێر بزانن لە کوێی ئینتیماو رێبازو قۆناغەکانی کارماندایین و ئەو ئامانجە باڵایانەمان چۆن و کەی پێ دێتەدی..

لەسەردەمانی سەلەفەوە تا ئێستا سێ بازنەی ئینتیمای "خۆمان" و دوو بازنەی ئینتیمای کوفری بەرامبەرمان بۆ دروستبووە:

**<u>بازنەی یەکەم: دەستەی سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة):</u>** توێژینەوەکانی فەرموودەوانی سیفەتەکانی ئەم دەستەیە نیشان دەدەن کە زیاتر لە بیست ریوایەتیان هەیەو خەریکە بگەنە ئاستی متەواتر. وەکو:

_ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ (لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي قَائِمَةً بِأَمْرِ اللَّهِ لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ أَوْ خَالَفَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ ظَاهِرُونَ عَلَى النَّاسِ) موسلیم (١٠٣٧) واتە: دەستەیەك لە ئوممەتەکەم بە

بەردەوامی پابەند بە فەرمانەکەی خواوە دەمێنێت، ئەوانەی پشتی بەردەدەن و پێچەوانەی کاردەکەن هیچ زیانێکی پێ ناگەیێنن.. ئەمەش هەروا بەردەوام دەبێت تا خوای گەورە فەرمان دەدات وسەرکەوتنیان بۆدێت، ئەمانە لەناو خەڵکیدا ئاشکراو دیارن.

-لەریوایەتێکی تردا دەفەرموێ (لَنْ يَبْرَحَ هَذَا الدِّينُ قَائِمًا ، يُقَاتِلُ عَلَيْهِ عِصَابَةٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ ) موسليم (١٠٣٧) واتە: ئەم دینە دابینانە لەجێ و ڕێی خۆی دەمێنێت و بەبەردەوامی دەستەیەك (لەدەوروبەری چل کەس کەمترنابن) لە موسوڵمانان لەپێناویدا دەجەنگن، ئەم حاڵەتە تا رۆژی قیامەت بەردەوامدەبێت. یەعنی زەمانێك نییە کە خەڵکانێکی جیهادی _با زۆرکەمیش بن_ هەر دەمێننەوە..

سەرجەمی ریوایەتەکان جەخت لەسەر کۆمەڵێک سیفەتی دیاریکراوی ئەم دەستە سەرکەوتووە دەکەنەوە، کە بریتن لە:

١-پابەندبوون بە مەنهەجی یاوەرانەوە کە قورئان و سووننەت و کۆڕا (ئیجماع)ی یاوەرانە.

٢- کۆمەڵیکی دینداریی جیهادییە.

٣-بەڵێنی دەرکەوتن وسەرکەوتنی پێدراوە.

٤-مژدەی دراوەتێ کە هەڵوێستی ترسنۆك و لەرزۆکەکان _کە پشتی تێدەکەن یان پێچەوانەی کاردەکەن_ کاریگەریی لەسەریان نابێت.

٥-هەر لە زەمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستی پێکردووەو تارۆژی دوایی بەردەوامدەبێت.

٦- ئەم دەستە سەرکەوتووە _ لەژێر ئاڵای سەیدنا عیسادا دەبن سەلامی خوای لێ بێت_ کە دەججال (ججاڵ) دەکوژێت.

کۆمەڵە موسوڵمانێکی دیندارو تێگەیشتوو، بەهیممەت و سوارچاك، بەردەوام و بوێری ناو ئەم حەشاماتە موسوڵمانە بێ شومارەی سەرزەمین، کە سەرەتایان موجاهیدی ژێر ئالای محمد المصطفى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بووەو ئاخر موجاهیدیشیان لەژێر ئاڵای سەیدنا عیسای کوڕی مەریەمدا دەبێت سەلامی خوی لێ بێت. ئەم دەستە سەرکەوتووە کە دینداری بۆخوا لێبڕاوو جوامێرانی بەغیرەتن پێشەنگی ئەو کۆمەڵە سەرفرازەیە (الفرقة الناجية) کە ئەویش دەیان فەرموودەی لەسەرە.. (ئێمەش دەمانەوێت ڕەوتەکەمان لەبازنەی ئەمانەدا بێت ان شاءالله)

<u>**بازنەی دووەم: کۆمەڵە سەرفرازەکە (الفرقة الناجية):**</u> کە بریتییە لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت بە شێوەیەکی گشتی. ئەمە پانتایی بانگەوازو قوڵایی بەشەریی و کێڵگەی بەرهەمهێنانمانە.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ (وَإِنَّ هَذِهِ الْأُمَّةَ سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثَلاثٍ وَسَبْعِينَ مِلَّةً –يَعْنِي الأَهْوَاءَ–، كُلُّهَا فِي النَّارِ إِلا وَاحِدَةً، وَهِيَ الْجَمَاعَةُ.)[١]

---

[١] ئەبوداوود (٤٥٩٧)، ئەحمەد (١٠٢/٤) حاکم (١٢٨/١)و بە سەحیحی داناوە، حافزی عێراقی کە بە فەرموودەکانی لای حاکمی نەیسابووریدا چۆتەوە، دەفەرموێ: سەحیحە.

واتە: ئائەم ئوممەتەش دابڕدابڕ دەبێت، دەبێت بەحەفتاوسێ کۆمەڵی هەواو هەوەسباز، هەرهەمووشی دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە جگەلە یەکێکیان، کە جەماعەتەکەیە.

- لەریوایەتێکی تردا سیفەتێکی ئەو جەماعەتە باسدەفەرموێ کە: (مَا أَنَا عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي)[1] یان ریوایەتی (مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي)[2] واتە: ئەوانەش ئەو کۆمەڵەن کەلەسەر ئەو ڕێبازە (دیدو هەڵوێست)ن، کە ئەمڕۆ من و یاوەرانمی لەسەرین.

ریوایەتەکانی ئەم فەرموودەیە زۆرن و لە یاوەرانێکی بەڕێزی وەکو: ئەنەسی کوڕی مالیک و ئەبوهورەیرەو ئەبوددەرداءو جابری کوڕی عبداللهو ئەبوسەعیدی خودریی و ئوبەیی کوڕی کەعب و عبداللهی کوڕی عەمری کوڕی عاص و ئەبوئومامەو واثلەی کوڕی ئەسقەع و هیترەوە خوا لێیان رازی بێت هاتووە.

---

ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانیش لە تەخریجی فەرموودەکانی (الكشاف/ ٦٣) دا دەفەرموێ سەحیحە، هەروەها ئیمامی ئیبنوتەیمییە لە کتێبی (إقتضاء الصراط المستقيم/ ١١٨/١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[1] حافزی عێراقی لە تەخریجی فەرموودەکانی (إحياء علوم الدين٢٨٤/٣)دا بە سەحیحی داناوەو شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن الترمذي)دا بە حەسەنی داناوە.

[2] طەبەرانی لە:(الأوسط/٥٠٢٨)، بە لەفزێکی تریش هاتووە: (مَنْ كَانَ عَلَى مِثْلِ مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي). ترمذی (٢٦٤١) و شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن ابن ماجه)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

-لەریوایەتەكەی حوزەیفەشدا خوا لێی رازی بێت لە باسی كۆمەڵە گومڕاو هەوەسبازەكاندا فەرمووی: (دعاه على أبوابِ جَهَنَّم) لەسەر دەروازەكانی دۆزەخ، بوون بە هۆوكێش (ئەوی خەڵكی بانگدەكات)، ئەوە هەر سیفەتێكی گومڕا باسكراوەكانی فەرموودەی: (الفِرَق)ە، كە تێیدا فەرمووی: (كُلَّها فى النار) واتە: هەمووی هەر ئەهلی دۆزەخن، پاشان فەرمووی: (الاّ واحدة) جگە لە یەكێكیان.. ئەو یەكەشیان كۆمەڵە سەرفرازەكە (الفرقة الناجية)یە، كە تایبەتەندێتی دەداتە ئەم كۆمەڵەیان لە نێوان ئەوانی تریاندا...

بەم شێوەیە ماناكە دەبێتە (لە هەموو دەستەو كۆمەڵە گومڕاكان دوورەپەرێز بوەستەو كەنارگیربە لێیان و بە كۆمەڵە سەرفرازەكەیانەوە پابەندبە، كە رێبازەكەی (دیدو هەڵوێستی) ئەوەیە كە (مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي) ئەمرۆمن و یاوەرانمی لەسەرین.

ئا ئەوەشە كە وەسفی تایبەتی (الجماعة) تایبەتەكەی بەسەردا دەبڕێت، كە ئیبنومەسعوود لەپێناسەیدا فەرمووی: (الجماعةُ ماوافقَ الحقَّ ولو كنُتَ وحدَكَ) واتە كۆمەڵ ئەوەیەكە لەسەرحەق (بەگوێرەی حەق) بێت با بە تەنهاش بیت.

كەوابوو دەبێ بزانین كە دەمانەوێت ڕەوت ببێتە دەستە سەركەوتووەكە تا ببێتە پێشەنگی ئەهلی سوننەت و جەماعەت، كە بریتین لەوانەی لە (بازنەی مزگەوتیی)دان، ناسیوومانن و پێكەوە كار لەسەر كۆلكەهاوبەشە زۆرەكانی نێوانمان دەكەین. هەر كەسێك ئەهلی مزگەوت بێت برامانە. لە هەر

ئینتیمایەکی تری کۆمەڵکاریی بێت، بەڵام لەوە دڵنیاین کە ئەوانی غەیری ئێمە سیفەتەکانی دەستەی سەرکەوتوویان بە دەستەجەمعی تێدا نییە. بۆیە سەرەتا دەبێت ئەوان لە پێناسەی خۆیانەوە بناسین، ئینجا بە پێی پێناسی قورئان و سوننەت بیانناسێنین.

_ سۆفیەو برامانە، دەشزانین کەوتۆتە شیرکەوە، موناقەشەی دەکەین تا قەناعەتی بە راستی بەڵگەکانمان و دروستیی کۆمەڵکاریی و بزاوت و هەڵوێستەکانمان پێدەکەین. تا بۆی دەسەلمێت کە هانا بۆ مەخلووق بردن شیرکەو یەکبوونی وجود (وحدة الوجود) کوفرە.

_ مەدخەلییەو برامانە، دەشزانین لە وەلائییدا بە طاغووت کەوتۆتە شیرکەوە، چونکە کافر بە وەلی ئەمری موسوڵمانان دەزانێت، موناقەشەی دەکەین تا قەناعەتی بە راستی بەڵگەکانمان و دروستیی کۆمەڵکاریی و بزاوت و هەڵوێستەکانمان پێدەکەین.. تا بۆی دەسەلمێت کە وەلائدان بە طاغووتی حوکم، شیرکە.

_ ئیخوانی مەشرەبەو برامانە، دەشزانین لە مەسەلەی دیموکراسییدا کەوتۆتە کوفرێکی دژوارەوە زۆر خەتەرترە لە مەسەلەی خەلقولقورئان. موناقەشەی دەکەین تا قەناعەتی بە راستی بەڵگەکانمان و دروستیی کۆمەڵکاریی و بزاوت و هەڵوێستەکانمان پێدەکەین. تا بۆی دەسەلمێت کە دیموکراسی بتەو دیموکراسی خوازیی، شیرکە.

_ تفەنگچییەکی خەواریجەو برامانە، دەشزانین لە مەسەلەی تەکفیرکردندا کەوتۆتە چاڵێکی تاریکەوە. زۆر نامۆیانە دەبینێت، کە وا دەزانێت ئەسڵ لەم خەڵکەدا کوفرە، تا بە نەزەری ئەو هەر تاکە بە جیاو ئاشکرا کوفرانە بە طاغووت دەکات.. طاغووتیش هەر ئەوەیە کە خۆی پێناسەی دەکات.. موناقەشەی دەکەین تا قەناعەتی بە راستی بەڵگەکانمان و دروستیی کۆمەڵکاریی و بزاوت و هەڵوێستەکانمان پێدەکەین. تا بۆی دەسەلمێت کە بەکافردانانی ئوممەت بە گشتی و ئەهلی مزگەوت بە تایبەتی، سیفەتی خەواریجەو لاڕێبوونە.

_ مەلایەکی ئەوقافەو برامانە، دەشزانین لە پێناسەی ئیمان و کوفردا لەسەر دیدو رێی ئەشعەرییەو کەسی پێ کافر نییە! مەگەر کەسەکە هاوارکات بڵی : هۆ خەڵکینە راستگۆیانە پێتان دەڵێن لە ناخەوە کافرم !! ئەمە لاڕێبوونی ئیمانییە، جگە لە پاشکۆیەتی بۆ کافرانی سەرحوکم.. موناقەشەی دەکەین تا قەناعەتی بە راستی بەڵگەکانمان و دروستیی کۆمەڵکاریی و بزاوت و هەڵوێستەکانمان پێدەکەین. تا بۆی دەسەلمێت کە ئەشعەرێتییەکەی پەناگای هەموو کافرو فاسق و فاجرو دوژمنانی ئەم دینەیەو دیدو رێی سەلەف راستەو پێویستە بگەڕێتەوە سەریی.

ئیمامی ئیبنولقەییم رحمەالله لە (مختصر الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة/ توێژینەوەی بدارالدين البعلي ١٤٧/١)دا دەفەرموێ: (لە کۆتایی سەردەمی یاوەراندا شیعەو خەواریج و قەدەرییەو مورجیئە دەرکەوتن، لەو نووره دوورکەوتنەوە کە نەوەی یەکەمینی ئەم ئوممەتەی تێدابوو، بەڵام

وەنەبێت بە ئێجگاریی لێی دوورکەوتبنەوەو وەلیانکردبێت. نا، ڕێزی دەقە شەرعییەکانیان هەرلابوو، بە پیرۆزو مەزن تەماشایان دەکردن، بۆ بەڵگەهێنانەوەی هەڵوێستیان، پشتیان پێیان دەبەست، دەیانخستنە پێش هەموو گوفتارێکی دیکەوە، پێش هزری هەمووانیان دەخست، کەس جورئەتی ئەوەی نەکرد لافی ئەوە لێدا کە بە هزرو ژیریی بەرهەڵستی وەحی و دەق دەبێتەوە، بەڵام بە تێگەیشتنی نادروست کەوتنەهەڵەوە، بۆیە یاوەران و پێشەوایانی تابیعین لە هەموو ویلایەتەکانەوە هاواریانلێیانکردو تۆمەتبارییانکردن، تەبەڕایان لێکردن و هۆشدارییاندایە خەڵکی کە لێیان بەحەزەربن. تا ئیتر نە سەلامیان لێدەکردن و نە دەچوونە کۆڕیشیان).. ئەم ئیسلامیانەی دەوری ئێمەش زۆر لەو نوورە دوورکەوتوونەتەوە، بەڵام هێشتا گومانی باشیان پێدەبەین، چونکە وا نازانین ڕێزی دەقە شەرعییەکانیان لانەمابێت، یان راوبۆچوون بخەنە پێش دەقەکانەوە، بۆیە لێیان بەحەزەرین و هۆشدارییش دەدەینە خەڵکەکمان لێیان، بەڵام تەکفیریان ناکەین، بەڵکو وا دەزانین زۆر بزاوت و هەڵوێستیان جاهیلییە.

**<u>بازنەی سێیەم: جیهانی ئیسلامی:</u>** یان ئوممەتی ئیسلامی.. ئەمەیان زاراوەیەکی ئیستیعمارییەو لەگەڵ داگیرکردنە سەربازییەکانی ئەواندا هاتە ناو خەڵکی وولاتەکانمانەوە، کە گوایە هەموو ئەوانەی کە لەسەر ئەم کیانە جوگرافییانە دەژین _کە ئیستیعمار لەت و پەتی کردوون_ موسوڵمانن! ئەم خەڵکەی لە ئەندۆنیسیاوە تا وڵاتی مەغریب دەژین و خۆیان بە موسوڵمان دەزانن، یان بە موسوڵمان حسابدەکرێن، ئێمە وایان دەبینین کە بە گشتی بەرامبەر

دوژمنانمان لە جووی رقن و دیانی چەواشەکارو ئەرثەذۆکسی بوغزن و بودائی کەللە رەق و ئەوانیتر دەوەستنەوە، لایەنگریان دەبین. نەک بەو سیفەتەی ئیماندارو موجاهیدن. بەڵکو بەو سیفەتەیان کە دژواریان کەمترە لە دژواریی دوژمنەکانی بەرامبەرمان.. لەم روانگەوەیە کە پێمان خۆشبوو کە حزبواللّەی لوبنانی، توانی بە جەنگ سوپاو دەسەڵاتی ئیسرائیلی لە باشووری لوبنان بکاتە دەرەوەو خۆی راگرت بەرامبەر هێرشەکانی.. بەڵام بە حەماس دڵخۆشترین چونکە لە بازنەی دووەمی ئوممەتەکەماندایە. لە ئەهلی سوننەت و جەماعەتەکەمانە. زۆر سیفەتی دەستەی سەرکەوتووی پێوەیە.. لەم روانگەشەوە بووە کە خۆشحاڵبووین بە بەرگریی بۆسنەو کۆسۆڤاو بەرەی مۆرۆ لە (فیلیپین) و ئازادیخوازانی ئەزواد لە چادو هاوشێوەیان.

هەر لەم روانگەوە ئەگەر جەنگی ناوخۆیی لە نێوان ئەهلی ئەم بازنەیەدا دروست ببێت، هەر لەم روانگەوە بۆیدەڕوانین و پێناسەی دەکەین. وەکو جەنگی نێوان حوسییەکان و گەلی یەمەنی، لەبەرەی حوسییەکاندا نابین کە چەندەها مزگەوت و مەدرەسەی ئەهلی سوننەتیان سووتاندو ئەوە زیاتر لە چوار ساڵە گەمارۆی شاری تەعزیان داوەو _لەبەر ئەوەی تەعز قەڵایەکی دینداریی ئەهلی سوننەت و جەماعەتمانە_ ناهێڵن نان و دەرمانیشی بۆ بچێت!. نە سعوودیەو نە ئیماراتیش لایان نەکردۆتەوە بە لای تەعزدا!!

هەر لەم روانگەوەیە لە عەفریندا نەکەوتینە بەرەی پەکەکەوە کە دەزانین چەند مولحیدو بێدینن و چەند دژ بە ئیسلامەکەمانن. وە نەبێت سوپای تورکیاش بە دیندارو موجاهید بزانین، یان سوپای ئازادی سوریا کە هەر لە

شڕەخۆرەکانی پارتی و یەکێتی دەچن! هەرچی بەرامبەر پەکەکەو لقەکانی دەکەوێت لە سوریا، ناکاتە دەیەکی ئەوەی ئەمان بەرامبەر کۆمەڵ و خەڵکی ئەو ناوچانە کردوویانە کە بە پشتیوانی ئەمریکای طاغووت لە رەققەو دیرززورو شارەکانی تر کەوتە بەردەستیان! بەرەی ئەمبەر مارکسی و یەزیدیی و عەلەویی و بێدین و خاچپەرست و شیعەی ئیمامی و جۆرەها ئینتیمای تری دژ بە ئیسلامی تێدایە. شتێکی نامومکینە حەملەی چەواشەکاریی میدیاکانیان هەڵوێستی ناشەرعییمان پێبگرنەبەرو بە ناوی کوردایەتییەوە لایەنگرێتیان بکەین کە گومان نییە لاینگرتنیان کافربوونە..

لەم سێ بازنەیە دوورتر، ئیتر بازنەکانی کوفر دێن:

**<u>بازنەی یەکەم: بازنەی کوفری موسالیم:</u>** وەکو بزوتنەوەی گۆڕان و حزبی سۆشیالیست و هاوشیوەیان.. ئەمانە دیدو ڕێیان کوفرە، بەڵام نە لە لایەنی نەزەریی (تیۆریی)ەوە نە لە لایەنی عەمەلیی (پراکتیز)ەوە دژایەتی ئیسلامەکەمانیان رانەگەیاندووە. بزوتنەوەی گۆڕان هەقی لایەنی فیکریی نەبوو، وەکو بزوتنەوەیەکی سیاسی نیشتیمانی بەرهەڵستکار دەرکەوت. بۆیە توانیشی زۆر لە ئیسلامییە ئیخوان مەشرەبەکان کەسب بکات و بشیانکاتە واجیهەی خۆی و پرۆژەکەی! گۆڕان پرۆژەی چاکسازیی ئیدارەی دەوڵەتی خستەڕوو: داڕشتنەوەی دەستوور، بنیاتنانەوەی دەزگاکانی حکومەت، روونی دارایی و ئاشکرایی بوجەو گەشەی ئابووریی، چاودێری دەسەڵات و دەزگاکانی، سەربەخۆکردنی دادگاو دوورخستنەوەی لە دەستێوەردانی حزب، بە نیشتیمانیکردنەوەی بەرنامەی خوێندن.. هەروەها دیاریکردنی پەیوەندییەکانی

دەرێ وهیتر.. زۆر لە خاڵەکانی پرۆژەکەی گۆڕان دەکران ببنە کۆلکەی هاوبەشی نێوان ئێمەی مەزڵوم و ئەوانی بەرهەڵستکاری رەسمی و ناسراو. ئەوان بە توانا بوون، دوو ئەوەندەی ئیسلامییەکان ئەندام پەرلەمانیان هەبوو، خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزتر لە ئیسلامییەکان بوون. خودی نەوشیروان مستەفاش لە مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کەمترنەبوو.. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەواندا دوو طاغوتی دەسەڵات شڵەژان، زیندانە لاکۆڵانەکانیان کەشف بوو، ئێمەش برا عەزیزەکانی خۆمانامان بە مردوویی و بە زیندوویی دۆزیەوە. ئێمەش بووینەوە بە خاوەن هاوارو دەنگمان بەرزبۆوەو جارێکی تر خەڵکەکەمان لێمان کۆبۆوە. ئەمە جگە لەو جورئەتەی لەو کاتەوە کە بزوتنەوەی گۆڕان دروستبووە لە ناو خەڵکیدا بۆتە سیفەتی دەرکەوتووان لە هەردوو رەگەزەکە. بە عەلەمانی و ئیسلامییەوە..

**<u>بازنەی دووەم: بازنەی کوفری موحاریب:</u>** وەکو کۆمەڵەی مارکسیزمی رۆژهەڵات لە سەرەتای ساڵانی دەرکەوتنیانداو پارتی و یەکێتی باشوورو پەکەکەی باکورو پەکەکەی رۆژئاوا.. ئەمانە هەموو وجودی خۆیان کردووە بە بەرەی دوژمندارێتی ئیسلامەکەمان، لە رووی دیدو تێڕوانین و پێناسەی فیکرییانەوە بێت یان لە لەلایەنی بەرنامەی کۆمەڵکاریی و خەبات و بەرنامەی سیاسییانەوە بێت، یان لە رووی قیەمی و رەفتارو رەوشتیانەوە بێت.. دژایەتیکردنی ئیسلامەکەیان بە پلانی مەنهەجی و قۆناغ قۆناغە، هەموو ووزەیەکی بەردەستیان _ بە پاڵنەری ناخی خۆیان و هاندانی کوفری دەرەکی_ دژ بە ئیسلام و موقەددەساتی موسوڵمانان خستۆتە گەڕو بەردەوامیشن. ئەمانە لە یەک روانگەی هەڵەوە دەڕوانن کە

دەڵێن: (ئیسلام کوردی دواخستووەو نەیهێشتووە ببێت بە دەوڵەت).. هەرچەندە ئەمە مەقوولەیەکی پووچەڵە بۆ خۆدینەوەو داپۆشینی شکستی کوردایەتیی خۆیان بڵاویدەکەنەوە، بۆیە ئەوانەی باوەڕ بەم قسە نابەجێیەیان دەکەم هەرزەکارو هەرزەبیرە بێ خاوەنەکانی کوردن، دەنا ڕۆشنبیرێک نابینیت قەناعەتیان پێبکات.. بە تایبەتی کە هەموو لایەک فارس و تورک و عەرەبی دروارسێمان دەبینن کە چۆن دینەکە بووە دیدوڕیی شۆڕشی ڕیشەییان و بیناسازی دەوڵەت و ئاڕاستەی کۆمەڵگەکانیان.

# بەندی یەکەم

# فەرزێتی کۆمەڵکاریی

## باسی یەکەم

## مانای کۆمەڵکاریی

کۆمەڵکاریی: لێکدراوی دوو ووشەی (کۆمەڵ) و (کار) و (یی)ەکەش پاشگرە. نیشانەی سەرچاوەیّتی یە، یان نیشانەی (ناوی کردار = اسم الفعل)ە.

کۆمەڵ: کۆبوونەوەی لەسێ شت و بەرەوژوورە. هەروەها کارکردنە پێکەوە. کەوابوو کۆمەڵکاریی یەعنی ئەنجامدانی کاری دەستەجەمعی کەسانێك پێکەوە.. کۆمەڵکاریی لەبەرامبەر زاراوەی (الجماعە)ی عەرەبیدا داناوە، کەبە هەردوو مانای (کۆمەڵ) و کۆمەڵکارییەکە دێت وەکو: (العمل الجماعی = عمل جماعة) بەڵام لە عەرەبیدا (الجماعة) بەکاردێت کە ئەمە شەرحێکی کورتێتی:

الجماعة : راغیبی ئەصفەهانی لەکتێبەکەیدا (مفردات القرآن) دەفەرموێ: (جَمَعَ: الجَمْعُ: خستنەپاڵ: شتێك کە دەخرێتەپاڵ شتێکیتر، دەوترێت: جَمَعْتُهُ فاجْتَمَعَ : کۆمکردنەوە ئیتر کۆبوونەوە .. تا دەگاتە: جَمْعٌ وجميعٌ وجماعة : کۆکراوە).

الجماعە: بەم شێوازەی لەقورئاندا هاتووە، بەڵکو لە فەرموودەدا، کە بەدوومانایە:

مانای یەکەم: مانای زمانەوانی الجماعة: واتە کۆبوونەوە، کە پێچەوانەی لێکجودایی و ترازانە. بەشێوەیەکی گشتی لەدوو بەرەوژوورە. لای زانایانی ئوصول لەسێ بەرەوژوورە، بەم مانای (ژمارە) یەیە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه

وسلم دەفەرموێ: (هَذَانِ جَمَاعَةٌ )[١] واتە: ئەو دوانە جەماعەتن (کۆمەڵکارن). هەروەها دەفەرموێ: (صَلَاةُ الْجَمَاعَةِ تَفْضُلُ صَلَاةَ الْفَذِّ بِسَبْعٍ وَعِشْرِينَ دَرَجَةً )متفق عليه[٢] واتە: نوێژی کۆمەڵکارانە لە نوێژکردن بەتەنها بەبیستوحەوت پلە باشترە. ئەمە مانای یەکەمی (الجماعة) کەژمارەیە.

مانای دووەم: مانای زاراوەیی الجماعة: بەیەکێك لەم دوو مانایانە دێت، کە بەپێی گرنگیان ریزکراون:

ا- الجماعة: واتە حەق و دین. وەکو لە فەرموودەکانی باسی کۆمەڵەکان (الفرق) دا هاتووە: (كُلُّهَا فِي النَّارِ إلا وَاحِدَةً، وَهِيَ الْجَمَاعَةُ)[٣] هەموویان دەچنە ئاگری دۆزەخەوە جگە لەیەکێکیان کە (الجماعة)یە... ئەم کۆمەڵە کە دیندارەو لەسەر حەقە شایانی وەسفی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و سەرجەمی یاوەرانێتی. کە لە ریوایەتیتری ئەو تاکە کۆمەڵەی ئەهلی دۆزەخ نییە

---

[١] بوخاری/ بَابُ اثْنَانِ فَمَا فَوْقَهُمَا جَمَاعَةٌ (٦٢٧). بڕوانە: (فتح الباري ٢/ ١٣٢).

[٢] بوخاری (٦١٩)، موسلیم (٦٥٠).

[٣] ئەبوداوود (٤٥٩٧)، ئەحمەد (٤/ ١٠٢) حاکم (١/ ١٢٨) و بە سەحیحی داناوە، حافزی عێراقی کە بە فەرموودەکانی لای حاکمی نەیسابووریدا چۆتەوە، دەفەرموێ: سەحیحە. ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانیش لە تەخریجی فەرموودەکانی (الكشاف/ ٦٣) دا دەفەرموێ سەحیحە، هەروەها ئیمامی ئیبنوتەیمییە لە کتێبی (إقتضاء الصراط المستقيم/ ١/ ١١٨)دا دەفەرموێ: سەحیحە. ئاێخی ئەلبانیش رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ١٤٩٢)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

دەفەرموێ: (ما أَنَا عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي)[١] واتە: ئەویش ئەوەیە کەمن و یاوەرانمی لەسەرین (لێرەدا بەمانای ڕێبازەکەیانە). بۆیە ئیبنومەسعود خوالێ رازی بێت دەیفەرموو (إِنَّمَا الْجَمَاعَةُ مَا وَافَقَ طَاعَةَ اللَّهِ وَإِنْ كُنْتَ وَحْدَكَ)[٢] واتە کۆمەڵ و کۆمەڵکاریی بریتیە لە لەسەرحەقبوون با بە تەنهاش بیت. کەوابوو کۆمەڵ و کۆمەڵکارییەی ئێرە بەمانای (ئەهلی ئیسلام)ە. بۆیە لە فەرموودەیەکی تردا کە باس لە شیاوێتی کوشتنی کابرا دەکات کە ئەمە وەسفێتی (التاركُ لدينهِ المفارقُ للجماعَةِ)[٣] واتە: ئەو کەسەی کەدینی ئیسلامی وازلێهێناوەو لەکۆمەڵی موسوڵمانانندا نەماوەو لێیان جودابۆتەوە.

-هەروەها (الجماعة) بەمانای (ئەهلی حەل و عەقد)یش دێت کە پۆلی راوێژکارانی ئوممەت و شورای ئیمامن، لە زانایان وشەرعناسان و خاوەن هێزو پسپۆرو فەرماندەو.. هتد.

ب- الجماعة: بەمانای کۆمەڵی موسوڵمانان کە لەژێر دەسەڵاتی و گوێڕایەڵیی دەسەڵاتداری موسوڵماندان، وەکو لە فەرموودەدا هاتووە: (مَنْ رَأَى مِنْ أَمِيرِهِ

---

[١] ترمذی (٢٦٤١)و دەفەرموێ: (حسن غريب)، حاکم (٢١٨/١)، ئیبنونەصری مرووزی لە (السنة ل ٢٣). حافزی عێراقی لە تەخریجی فەرموودەکانی (إحياء علوم الدين ٢٣٠/٣) ی غەززالییدا دەفەرموێ: حەسەنە.

[٢] ترمذی (٤٦٧/٤)، ئیمامی لالەکائی لە (شرح أصول إعتقاد أهل السنة والجماعة ١٢٢/١ ژمارە ١٦٠) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە تەعلیقییدا لە (مشكاة المصابيح ٦١/١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٣] بوخاری (٦٨٧٨)، موسلیم (١٦٧٦).

شَيْئًا يَكْرَهُهُ فَلْيَصْبِرْ، فَإِنَّهُ مَنْ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ شِبْرًا فَمَاتَ فَمِيتَةٌ جَاهِلِيَّةٌ)[١] واته: هەر کەسێك شتێکی لە ئەمیرەکەی بینی کەپێی پەسەندنەبوو، دەیبوغزاند، با سەبری لەسەربگرێت، چونکە هەرکەسێك بستێك لە (جەماعەت) دووربکەوێتەوەو بمرێت ئەوە جاهیلیانە مردووە.

بەپێی ئەم دووفەرموودەیە موسوڵمان داوایلێکراوە کە هەمیشە حەقخوازبێت و بەحەقەوە پابەندبێت، ئەگەر بینی موسوڵمانان دەسەڵاتێکی سیاسی شەرعیانەیان هەیە، پێویستە لەگەڵیاندا هاوهەڵوێست بێت و گوێڕایەڵی و ملکەچیی بۆ دەسەڵاتدارە شەرعیەکە دەرببڕێت، بێگومان بەپێی ڕێبازی حەق و لەسەرحەق ملکەچیی بۆ دەردەبڕرێت و فەرمانی لە کاروباری خێروچاکەدا رادەپەڕێنرێت، لەخراپەشدا بەقسەی ناکرێت.. لەبەر ئەمەیە کە ووتمان بەپێی گرنگییان ریزبەندن. چونکە حەقخوازیی و پشتیوانیکردنی حەق دوو حاڵەت و هەڵوێستی یەك لە دوای یەکن: ناسین و زانینی حەق لەپێشترە، ئینجا پشتیوانیلێکردنی دەسەڵاتی حەقخواز (دەسەڵاتی شەرعی). ئەمەش وەکو زەمانی ئێستامانە کە موسوڵمانان دەسەڵاتی سیاسی شەرعیانەی نەماوە، بەڵام خۆ دەبێت حەقناسبن و لایەنگری ئەهلی حەق بمێنن.

کەوابوو لەبەدواداچوون و شیکاریی ماناکانی (الجماعة)دا _لە فەرموودەکاندا_ دەردەکەوێت کە مەبەست لێی (ژمارە، حەق، کۆمەڵی موسوڵمانەکانی کە لەژێر دەسەڵاتی سیاسی شەرعیانەیاندان). ئەمما کۆمەڵە

---

١ موسلیم (٣٤٤٤). لە بوخاریی (٦٦٣٩)دا دەفەرموێ: (مَنْ كَرِهَ مِنْ أَمِيرِهِ شَيْئًا فَلْيَصْبِرْ فَإِنَّهُ مَنْ خَرَجَ مِنْ السُّلْطَانِ شِبْرًا مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً).

موسوڵمانەکانی ئەم سەردەمە، هەیانە بەشێك لەم مانایانەی بەسەردا دەبڕێت، وەکو (ژمارە) هەشیانە لەگەڵ هەبوونی رادەو بڕی جیاواز پێناسەی ڕێبازی حەقیان بۆ دەشێت..

## باسی دووەم

## کۆمەڵکاریی بۆ سەرخستنی ئیسلام فەرزە

مەبەستمان لە کۆمەڵکاریی : کارکردنی دەستەجەمعی موسوڵمانانەیە، لەناو کۆمەڵێکدا کە بۆسەرخستنی دینەکە پێکیانهێناوە. ئەمەش فەرزی زەمانە. چونکە لەکاتی نەمانی حوکمی ئیسلامی و خیلافەتەکەیدا، (ئەگەر کۆمەڵێك موسوڵمان بۆ ئەنجامدانی ئەرکە دینیەکانیان کۆمەڵێکیان بۆ خۆیان پێکهێنا، ئەمە خۆی لەخۆیدا فەرزە).

ئەرکە دینییەکان کە شەرع فەرزیکردوون وەکو: جیهادکردن و فەرمانکردن بەچاکەو بەرهەڵستیکردن لە خراپە، بەنەمانی خەلیفە لەسەر موسوڵمانان لا ناچێت، هیچ بەڵگەیەك لەسەر لاچوونی نییە. ئیبنوقودامەی مەقدیسی بەتەئکیدەوە دەفەرموێ: (ئەگەر ئیمام (خەلیفە) نەبوو جیهادەکە دواناخرێت).

ئەرکەشەرعییەکان وەکو ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: (بە بێ دەسەڵات و ئەمیرێتی ئەنجامنادرێن) کۆمەڵکارییش بەشێکە لە دەسەڵات و هێز. نابینیت خوای گەورە کردوێتی بەمایەی هێزی بەرگریی و پاراستنی دینەکەی؟ کە دەفەرموێ: (وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ) آل عمران/١٠٣ واتە: بەدینەکەی خواوە دەستەجەمعانە پابەندبن و تەفرەقەتان تێنەکەوێت.

هەروەها: (وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ)الانفال/٤٦ واتە: لەناوخۆتاندا مەکەونە ناکۆکیی وململانێ، دەنا شکستدەخۆن و هێزەکەشتان لەدەستدەچێت... کەوابوو هێز لە کۆمەڵکاریی بێخەت و باڵدایە..

-فەرمانی پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەکۆمەڵکاریی ئاشکراو راشکاوە، لەو فەرموودەدا کە دەفەرموێ: (وَأَنَا آمُرُكُمْ بِخَمْسٍ اللَّهُ أَمَرَنِي بِهِنَّ: السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ وَالْجِهَادُ وَالْهِجْرَةُ وَالْجَمَاعَةُ )[١] واتە: منیش فەرمانتان بە پێنج کردار پێدەدەم کە خوای گەورە فەرمانی پێیانکردووە: گوێڕایەڵیی، ملکەچیی، جیهادکردن، کۆچکردن و کۆمەڵکاریی.

لەگەڵ ئەم رۆشنیی و راشکاویەدا خەڵکانێك بۆچوونی وایان بۆ دروستبووە کە لەم زەمانەدا _کە موسوڵمانان خەلیفەیان نییە_ کۆمەڵکاریی بۆ ئەنجامدان و راپەڕاندنی ئەرکەشەرعیەکان فەرزنییە! بەڵکو لەجیاتی ئەوە پێویستە موسوڵمان گۆشەگیرو دوورەپەرێزبێت و بایەخ بە دینداریێتی تاککەسی خۆی بدات.. حەتمەن ئەم بۆچوونە سەقەتە هەموو ئیسلام پەکدەخات و کارکەناری دەکات و موسوڵمانانیش پەرتەوازەتر دەبن. ئەمانە لەهەڵە حاڵیبوونێکەوە ئەم بۆچوونەیان لادروستبووە. لەوەوە کە حوزەیفەی کوڕی یەمان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە لە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: (قُلْتُ فَإِنْ

---

[١] ترمذی (٢٨٦٣) و دەفەرموێ: (هذا حديث حسن صحيح غريب)، حاکم (١٥٣٤) و دەفەرموێ: بە پێی مەرجەکانی بوخاری و موسلیمە. شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الجامع الصغير/١٧٢٤)دا دەفەرموێ سەحیحە.

لَمْ يَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلَا إِمَامٌ قَالَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا)[١] واتە: ئەدی ئەگەر کەوتمە زەمانێکەوە کە موسوڵمانان نە جەماعەتیان مابوو نە ئیمام (خەلیفە)یان مابوو، چی بکەم؟ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: هەر هەموو دەستەو کۆمەڵەکان وەلکەو گۆشەگیربە..

فەرموودەکە لەسەرەتایەوە ئاوایە (كَانَ النَّاسُ يَسْأَلُونَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ الْخَيْرِ وَكُنْتُ أَسْأَلُهُ عَنْ الشَّرِّ مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا فِي جَاهِلِيَّةٍ وَشَرٍّ فَجَاءَنَا اللَّهُ بِهَذَا الْخَيْرِ فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الْخَيْرِ شَرٌّ قَالَ نَعَمْ فَقُلْتُ هَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الشَّرِّ مِنْ خَيْرٍ قَالَ نَعَمْ وَفِيهِ دَخَنٌ قُلْتُ وَمَا دَخَنُهُ قَالَ قَوْمٌ يَسْتَنُّونَ بِغَيْرِ سُنَّتِي وَيَهْدُونَ بِغَيْرِ هَدْيِي تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ فَقُلْتُ هَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ قَالَ نَعَمْ دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا، قَالَ نَعَمْ قَوْمٌ مِنْ جِلْدَتِنَا وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَمَا تَرَى إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ قَالَ تَلْزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ فَقُلْتُ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلَا إِمَامٌ قَالَ فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ عَلَى أَصْلِ شَجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ ) واتە: خەڵکی هەر دەربارەی شتی چاکیان لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەپرسی منیش هەر دەربارەی خراپەم لێدەپرسی لەوە دەترسام بمگاتێ، جارێك عەرزی پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد (پێم ووت) ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە خەڵکێك بووین لە جاهیلییەت و خراپەکاریدابووین، تاخوای گەورە ئەم چاکە (ئیسلام)ی بۆ ناردین، ئایا دوای ئەم چاکە خراپ هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ

---

[١] بوخاری (٦٦٧٣)، موسلیم (٣٤٣٤).

هەیە، عەرزمکرد: ئەدی لەدوای ئەو خراپە چاك هەیە؟ فەرمووی بەڵێ، بەڵام گومڕایی تێکەڵە، عەرزمکرد: گومراییە تێکەڵەکەی چۆنە؟ فەرمووی: خەڵکانێك دەبن کە ڕێبازێکی تری غەیری ڕێنماییەکەی من دەگرنەبەر، ئیتر دیدو هەڵوێستی پەسەندو ناپەسەندیان لێدەردەکەوێت، عەرزمکرد: ئەدی دوای ئەو چاکە خراپ هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، خەڵکانێك لەدەروازەکانی دۆزەخ وەستاون و خەڵکی بۆ بانگهێشتدەکەن، هەرکەس وەدەنگیانەوەبچێت (ولەگەڵیاندابێت) دەیگرن و فرێیدەدەنە ناو دۆزەخەوە، عەرزمکرد: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسیان بکە بۆمان فەرمووی: هەر لەم خەڵکەی خۆمانن و بەزمانی خۆشمان دەدوێن، عەرزم کرد: ئەدی ئەگەر کەوتمە ئەوێ ڕۆژێ، فەرمانت بەچییە؟ چی بکەم؟ فەرمووی: بە کۆمەڵی موسوڵمانان و پێشەواکەیانەوە پابەندبە، عەرزمکرد: ئەدی ئەگەر نەجەماعەتیان هەبوو نەپێشەوا؟ فەرمووی: خۆ لە هەموو کۆمەڵەکان گۆشەگیرکە، با قەپیش بکەیت بە ڕەگی درەختێکداو هەروا بمێنیتەوە تامردنت دەگاتێ و لەو حاڵەتەدا دەمریت...

بەرپەرچی ئەم گومانە سەقەتە (پێویستە موسوڵمان گۆشەگیرو دوورەپەرێزبێت و بایەخ بە دینداریێتی تاککەسی خۆی بدات) لەدوو لایەنەوەیە:

**<u>لایەنی یەکەم</u>**: هەرلە فەرموودەکەی پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دیارەکە مەبەست لەو کۆمەڵانە کەفەرمانی بە دوورەپەرێزگرتن لێیان داوە، کۆمەڵ و دەستە گومڕاکانن کە خەڵکەکە بانگهێشت دەکەن بۆ دۆزەخ: (دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ) فەرموودەکە ئاماژە بۆ ئەو گومڕایانەدەکات، چونکە:

١-ئەوناوی ئاماژە (اسم الإشارە) کە (تلك)یە دەگەڕێتەوە بۆ باسکراوێکی پێشتر لە دەقەکەدا.

٢-ئەلف ولامی (الفرق) جۆری ئەلفولامی عەهدییە، واتە پێشتر باس وەسفی لەبیرو هزردا چەسپاوە، چونکە ناشێت ئەلفولامی توخم (الجنس)بێت واتە: هەر هەموو کۆمەڵەکان! نا، دەنا (الفرقة الناجية)کەش دەگرێتەوە کە لە فەرموودەی تردا هاتووە، کە تاقە کۆمەڵێکە ناچێتە دۆزەخەوە.. ئەوی بڵێ ئەلفولامی جنسە، کەوابوو ئەم کۆمەڵەشی لە کۆمەڵە گومڕاکان حسێبکردووە! ئەمەش بەکۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەت شیاونییە. لە مەوە دەردەکەوێت کە ئەو کۆمەڵ و دەستەو تاقم و گروپانەی فەرمانمان پێکراوە خۆمانیان لێ بەدووربگرین کۆمەڵە گومڕاکانن، کە لەسەر مەنهەجی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانی نین. ئەمەش وەکو زانایانی ئوصول دەفەرموون: (من العام الذي يراد به الخصوص) لەفزوشێوازی گشتیە، بەڵام مەبەست لێی تایبەتکردنێکە.

ئەمە لەریوایەتی تری هەمان باسدا رۆشنتر دەرکەوێت کەدەفەرموێ(ثمَّ تَنْشأ دُعاةِ الضَّلالةِ) واتە: پاشان بانگخوازی گومڕایی پەیدا دەبن.. یەعنی لەناو ئەو کۆمەڵ و گروپانەدا کە خەڵکەکە بەرەو دۆزەخ بانگهێشتدەکەن.

<u>**لایەنی دووەم:**</u> ئێمە بەردەوام دەڵێین ئەحکامی شەرعی لەتەنها دەقێکەوە وەرناگیرێت، مەگەر دەقیتر لەتەوەرە مانای ئەو دا نەبێت، ئەگینا حەتمەن دەبێت هەموو دەقەکان بهێنرێنەپێش و لێکبدرێنەوە، تاپەی بە هەموو لایەنی

کێشەکە ببڕێت، چونکە دوای بینینی هەموو دەقەکان، هەستدەکرێت کە گشتیی و تایبەت، رەهاو سنوردار، سڕاوە و بەردەوام، یان جۆری تریان تێدایە، کە دەبێت بەشێوازو رێسای زانایانی ئوصول پێکەوە بسازێنرێن.

لەم مەسەلەیەشدا دەڵێین: ئەو فەرمانی: (فاعتزِل تلِكَ الفَرق) خۆدووره پەرێزبگرە، یان ئەو کۆمەڵ و دەستەو گروپانە وەلکەو گۆشەگیربە لێیان، مەبەست لە کۆمەڵە گومڕاکانن. باشە ئەگەر وەکو گریمانێك بڵێین: مەبەست لە هەموو جۆرە کۆمەڵێکە، کەوابوو کۆمەڵەی سەرفرازو (الفرقة الناجية) و دەستەی سەرکەوتوو (الطائفه المنصورة)ەکەش لەریزیاندان! ئەمەش نامومکینە، چونکە ئەم کۆمەڵ و دەستە سەرفرازو پێشرەوە تا قیامەت هەر لەسەر رێباز (دیدو هەڵوێست)ی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەمێنن:

**١- فەرموودەکەی کۆمەڵی سەرفراز(الفرقة الناجية):**

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ (وَإِنَّ هَذِهِ الأُمَّةَ سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثَلاثٍ وَسَبْعِينَ مِلَّةً –يَعْنِي الأَهْوَاءَ–، كُلُّهَا فِي النَّارِ إِلا وَاحِدَةً، وَهِيَ الْجَمَاعَةُ.)[١]
واتە: ئائەم ئوممەتەش دابڕدابڕ دەبێت، دەبێت بەحەفتاوسێ کۆمەڵی هەواو

---

[١] ئەبوداوود (٤٥٩٧)، ئەحمەد (١٠٢/٤) حاکم (١٢٨/١)و بە سەحیحی داناوە، حافزی عێراقی کە بە فەرموودەکانی لای حاکمی نەیسابووریدا چۆتەوە، دەفەرموێ: سەحیحە. ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانیش لە تەخریجی فەرموودەکانی (الكشاف/ ٦٣) دا دەفەرموێ سەحیحە، هەروەها ئیمامی ئیبنوتەیمییە لە کتێبی (إقتضاء الصراط المستقيم/ ١١٨/١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

هەوەسباز، هەرهەمووشی دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە جگەلە یەکێکیان، کە جەماعەتەکەیە.

- لەریوایەتێکی تردا سیفەتێکی ئەو جەماعەتە باسدەفەرموێ کە: (مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي)[١] واتە: ئەوانەش ئەو کۆمەڵەن کەلەسەر ئەو ڕێبازە (دیدو هەڵوێست)ن، کە ئەمڕۆ من و یاوەرانمی لەسەرین.

-لەریوایەتەکەی حوزەیفەشدا خوا لێی رازی بێت لە باسی کۆمەڵە گومڕاو هەوەسبازەکاندا فەرمووی: (دعاة على أبوابِ جَهَنَّم) لەسەر دەروازەکانی دۆزەخ، بوون بە هۆوکێش (ئەوی خەڵکی بانگدەکات)، ئەوە هەر سیفەتێکی گومڕا باسکراوەکانی فەرموودەی: (الفِرَق)ە، کە تێیدا فەرمووی: (كُلَّها فى النار) واتە: هەمووی هەر ئەهلی دۆزەخن، پاشان فەرمووی: (الاّ واحدة) جگە لە یەکێکیان.. ئەو یەکەشیان کۆمەڵە سەرفرازەکە (الفرقة الناجية)یە، کە تایبەتەندێتی دەداتە ئەم کۆمەڵەیان لە نێوان ئەوانی تریاندا...

بەم شێوەیە ماناکە دەبێتە (لە هەموو دەستەو کۆمەڵە گومڕاکان دوورەپەرێز بوەستەو کەنارگیربە لێیان و بە کۆمەڵە سەرفرازەکەیانەوە پابەندبە، کە ڕێبازەکەی (دیدو هەڵوێستی) ئەوەیە کە (مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي) ئەمرۆمن و یاوەرانمی لەسەرین.

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی (لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە هاتووە، بە زۆری ریوایەتەکانی دەبێتە فەرموودەیەکی (حسن لغيره)، راستە: طەبەرانی لە:(الأوسط/٥٠٢٨)، بە لەفزێکی تریش هاتووە: (مَنْ كَانَ عَلَى مِثْلِ مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي). ترمذی (٢٦٤١) و دەفەرموێ حەسەنە.

ئا ئەوەشە کە وەسفی تایبەتی (الجماعة) تایبەتەکەی بەسەردا دەبڕێت، کە ئیبنومەسعوود لەپێناسەیدا فەرمووی: (الجماعةُ ماوافقَ الحقَّ ولو كنُتَ وحدَكَ)[1] واتە کۆمەڵ ئەوەیەکە لەسەرحەق (بەگوێرەی حەق) بێت با بە تەنها‌ش بیت.

## ٢-فەرموودەکەی دەستەی سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة):

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ (لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي قَائِمَةً بِأَمْرِ اللَّهِ لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ أَوْ خَالَفَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ ظَاهِرُونَ عَلَى النَّاسِ)[2] واتە: دەستەیەك لە ئوممەتەکەم بە بەردەوامی پابەند بە فەرمانەکەی خواوە دەمێنێت، ئەوانەی پشتی بەردەدەن و پێچەوانەی کاردەکەن هیج زیانێکی پێ ناگەیێنن.. ئەمەش هەروا بەردەوام دەبێت تا خوای گەورە فەرمان دەدات وسەرکەوتنیان بۆدێت، ئەمانە لەناو خەڵکیدا ئاشکراو دیارن.

-لەریوایەتێکی تردا دەفەرموێ (لَنْ يَبْرَحَ هَذَا الدِّينُ قَائِمًا ، يُقَاتِلُ عَلَيْهِ عِصَابَةٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ )[3] واتە: ئەم دینە دابینانە لەجێ و رێی خۆی دەمێنێت و بەبەردەوامی دەستەیەك (لەدەوروبەری چل کەس کەمترنابن) لە

---

[1] نووسەری بەڕیز نوسیوێتی: (رواه ابن عساكر بسند صحيح عن ابن مسعود مرفوعا). راستە: ئیمامی لالەکائی لە (شرح أصول إعتقاد أهل السنة والجماعة ١٢٢/١ ژمارە ١٦٠)دا هێناوێتیەوەو شێخی ئەلبانی رحمەالله لە تەعلیقی لەسەر (مشكاة المصابيح ٦١/١)دا دەفەرموێ: (ترمذی لە السنن ٤٦٧/٤)دا هێناوێتییەوەو سەحیحە.

[2] موسلیم (١٠٣٧)، ئیبنوماجە (٩)، ئەحمەد (١٦٥٧٥).

[3] موسلیم (١٠٣٧)، ئەحمەد (٢٠٥٤٠)، فتح الباری (٦٨٨١).

موسوڵمانان لەپێناویدا دەجەنگن، ئەم حاڵەتە تا رۆژی قیامەت بەردەوامدەبێت. یەعنی زەمانێك نییە کە خەڵکانێکی جیهادی _با زۆرکەمیش بن_ هەر دەمێنتەوە..

ئەم فەرموودانە بەناوبانگن، ریوایەتەکانیان ئەوەندە زۆرە، کە گەیشتۆتە پلەی (متەواتر). وەکو ئیبنوتەیمیەی رەحمەتی لە کتێبی (اقتضاء الصراط المستقیم)دا دەفەرموێ: لەزیاتر لە پازدە یاوەرەوە گێڕراوەتەوە[1].

ئەمە دەستەیەکی سەرکەوتووی موسوڵمانانە کە فەرموودەکان ئاوا باسیدەکەن کە:

١-پابەندەبە دینی خواوە.

٢-جیهادییە.

٣-بەڵێنی دەرکەوتن وسەرکەوتنی پێدراوە.

٤-مژدەی دراوەتێ کە هەڵوێستی ترسنۆك و لەرزۆکەکان _کە پشتیتێدەکەن یان پێچەوانەی کاردەکەن_ کاریگەریی لەسەریان نابێت.

---

[1] لە کتێبەکانی صوحاحی ستە (شەش سەرچاوەکەی فەرموودە لای ئەهلی سوننەت کە بریتین لە: بوخاری و موسلیم و ئەبوداوودو ترمذی ونەسائی و ئیبنوماجە) و مەعاجم و مەسانیدو سەرچاوەکانی تری سوونەتدا و کتێبی تری سەلەفدا تۆمارکراوە، خواپاداشتی هەموویان بداتەوە. لە توێژینەوەی فەرموودەوانانی سەردەمدا لە زیاتر لە بیست یاوەرەوە گێڕراوەتەوە.

٥-هەر لە زەمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستی پێکردووەو تارۆژی دوایی بەردەوامدەبێت.

٦-ئاخرکەسی ئەم دەستە سەرکەوتووەیە کە دەججال (ججاڵ) دەکوژێت، کە لەژێر ئاڵای سەیدنا عیسادا دەبن سەلامی خوای لێ بێت..

کۆمەڵە موسوڵمانێکی دیندارو تێگەیشتوو، بەهیممەت و سوارچاك، بەردەوام و بوێری ناو ئەم لافاوە موسوڵمانەی سەرزەمین، کە سەرەتایان موجاهیدی ژێر ئاڵای محمد المصطفى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بووەو ئاخر موجاهیدیشیان لەژێر ئاڵای سەیدنا عیسای کوڕی مەریەمدا سەلامی خوی لێ بێت دەبێت، چۆن پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: لێی دوورەپەرێزبن و هەقتان نەبێت بەسەریانەوە؟! کەوابوو کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ (فاعتزِلْ تِلكَ الفِرَقِ كُلَّها) واتە لە هەموو کۆمەڵەکان دوورەپەرێزبە، بەشێوەیەکی گشتی، ئەم فەرمودانەی کۆمەڵی سەرفراز (الفرقه الناجية) و دەستە سەرکەوتووەکەی (الطائفة المنصورة) _کە وەکو پێشەنگی ئەو کۆمەڵە سەرفرازەیە_ تایبەتمەندێتی دەداتە یەك کۆمەڵ لەو هەموو کۆمەڵەی کە دەچنە دۆزەخەوە، جگە لەوەیان کە لەسەر ڕێباز (دیدوهەڵوێست)ی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانێتی خوالێیان ڕازی بێت.

کەوابوو لەو زەمانەی کە موسوڵمانان خەلیفەو خیلافەتیان (یان دەسەڵاتی سیاسیان) نامێنێت و ئوممەتەکە پەرتەوازەدەبێت، موسوڵمان دەبێت بزانێت

کە دەچێتە ریزی کام کۆمەڵەوە؟! کامیان رێبازەکەی (دیدوهەڵوێستی) وەکو مەنهەجی (کۆمەڵەی سەرفراز = الفرقه الناجية) یە؟! کامیان راسپاردەی ئەم دینەی وەکو خۆی و دیندارانەو سەرڕاستانە هەڵگرتووە؟! کامیان لە پێناویدا دەجەنگێت؟! بڕواتە ریزی ئەوەیانەوە، بەتایبەتی کە فەرموودەی تریش هەن، موسوڵمان هاندەدەن کە لەژێر سەرپەرشتی و فەرماندەیی ئەمیری (فاسق و فاجر) یشدا بێت هەر دەبێت جیهادەکە بەردەوامبکات، چونکە جیهادکردن تا رۆژی قیامەت بەردەوامدەبێت و ناپسێت. بۆیە ئیمامی ئیبنوقودامە فەرمووی: (ئەگەر موسوڵمانان ئیمام (خەلیفە)یان نەما، نابێت جیهادکردن بوەستێنن).. ئێ باشە جیهاد بە بێ کۆمەڵێك موسوڵمان چۆن دەکرێت؟!.

بەڵێ ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی لەشەرحی فەرموودەکەی حوزەیفەدا، لە بڕگەی (فاعتزل تِلكَ الفِرَقِ كُلَّها)دا فەرموویەتی: (لە فەرموودەکە دەفامرێتەوە کە هەر کاتێك موسوڵمانان پێشەوا (خەلیفە)یان نەماو خەڵکەکە کۆمەڵ کۆمەڵ کەوتن و تەفرەقەیان تێکەوت، باشتر وایە شوێن هیچ کۆمەڵێکیان نەکەوێت و لە هەموان گۆشەگیربێت، ئەگەر توانی، نەبادا بکەوێتە خراپەکارییەوە )[١]بەڵام پێشتر باسمانکرد کە فەرموودەی کۆمەڵە گشتییەکان کە گومڕان، یەکێکیان لێبەدەرکراوە کە تایبەتمەندێتی بەوە وەرگرتووە کە لەسەر رێبازی (دیدو هەڵوێستی) پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانێتی. بۆیە دەبینیت هەر ئیبنوحەجەر خۆی لە بەشێکیتردا بەناوی (باب تَغَيُّر الزمان حتى تُعبَدُ الأوثان) دا دەفەرموێ: (ئیبنوبەططال

---

[١] فتح الباري (٣٧/١٣).

دەفەرموێ: ئەم فەرموودەو هاوشێوەکانی مانای ئەوە نادەن کە زەمانێك دێت کە لە هەموو وڵاتێکی سەرزەویدا دینەکە نامێنێت و مەفحدەبێتەوە ! نا، چونکە ئەوە سەلمێنراوەو بەڵگەنەویستە کە ئیسلام تا رۆژی قیامەت هەر دەمێنێت. بەڵێ لاوازدەبێت و غەریبدەبێتەوە، وەك غەریببوونەکەی یەکەمجاری، بەڵام خۆ فەرموودەکانیتر دەیسەلمێنن کە کۆمەڵە موسوڵمانێك بەردەوام لەسەر رێبازی راست دەمێننەوە، وەکو فەرموودەی (لاتزال طائِفة مِن أمَّتي يقاتِلونَ على الحقّ) واتە: بەبەردەوامی کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم لەسەرحەق دەمێننەوەو لەپێناویدا دەجەنگن.. پاشان ئیمامی ئیبنوحەجەر بەردەوام دەبێت و دەفەرموێ: (لەمەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەم فەرموودەیە، هەر هەموو فەرموودە گشتیەکان بەگشتیی ناهێڵێتەوە، بەڵکو ئەم کۆمەڵەیان تایبەت دەناسێنێت کە لەگشتیەکان بەدەر (استثناء) کراوە )[1].

لەبەر ئەمەیە کە دەڵێم فەرموودەکانی دەستەی سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة) فەرموودەی (فاعتزِلْ تِلكَ الفِرق كُلَّها) تایبەتدەکات. جگە لەمەش، خودی فەرموودەکە گۆشەگیریی و دوورەپەرێزبوونەکە بە دوومەرجەوە پەیوەستدەکات: یەکەمیان نەمانی کۆمەڵە مەنهەجیەکەو دووەمیان: نەمانی ئیمام (خەلیفە) (فإن لمْ يكُنْ لهم جماعةٌ ولا إمام فاعتزِلْ). کەوابوو ئەگەر ئیمام (خەلیفە) نەبوو، بەڵام کۆمەڵەکە هەبوو ئیتر گۆشەگیریی و دوورەپەرێزبوونەکە بەتاڵدەبێتەوە، چونکە بە هەردوو مەرجەکەوە پەیوەستە، نەك بە یەکێکیانەوە. بەڵام ئەم شیکارییەش ووردەکارانە نیە، چونکە

---

[1] فتح الباري (١٣/٧٦_٧٧)، هەروەها لە (١٣/١٩)شدا وای فەرمووە.

فەرمودەکە باس لە کۆمەڵی موسوڵمانان دەکات، کە لەژێر دەسەڵاتی شەرعیانەی خەلیفەدان (تُلزِمُ جماعهِ المسُلمينَ وإمامَهُم) کە خەلیفەکە نەما، جەماعەتە موسوڵمانەکەش نامێنێت، چونکە سەر بە ئیمامەکەن، بەڵام ئەمەشیان هەر ووردەکارانە نییە، بۆیە لە هەموان راستتر ئەوەیە کە فەرمودەکانی دەستەی سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة) ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە مەنهەجییە سەرخراوە لەگشتی کۆمەڵەکانیتر دەردەهێنن و جودای دەکەنەوە، تاحوکمی گومڕایی و چارەنووسی دۆزەخ نەیانگرێتەوە.. ئەم شیکارەیان شیاوترە لەوانیتر..

کەوابوو موسوڵمان فەرمانپێکراوە کە شوێن (حەق) بکەوێت، فەرمانپێکراوە شوێن پێشەوا (خەلیفە)ی موسوڵمانان بکەوێت، ئەگەر هەبوو (تلزِمُ جماعهِ المسُلمينَ وإمامَهُم) لەو فەرمان و بەرهەڵستانەیدا کە شەرعین و گوێڕاڵی خوای گەورەیە تێیاندا، ئەمیش گوێڕایەڵی ئەو خەلیفەیەدەبێت، لە تاوان و ناشەرعێتیشدا بەقسەیناکات.. ئەگەر لە زەمانێکیشدا ژیا کە موسوڵمانان پێشەوا (خەلیفە)یان نەمابوو، خۆ هەر فەرمانپێکراوە کە دەبێت شوێنی حەق بکەوێت.. کەوابوو ئەگەر پێشەوا نەما پابەندبوون بە کۆمەڵێکی مەنهەجی سەرڕاست و دیندار فەرزدەبێت، تا زانست و بانگەوازو جیهادەکەیان لێوەربگرێت. خوای گەورەش دەفەرموێ: (وَاتَّبِعْ سَبِيل مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ) لقمان/١٥ واتە: شوێن رێبازی ئەو کەسە بکەوە کە بەرەو من هاتۆتەوەو وازی لە رێی غەیری رێی من هێناوە..

ئیبنولقەییم رحمەالله دەفەرموێ: (ئەوەی ئەبو محمد عبد الرحمانی کوڕی ئیسماعیل _کە بە ئەبوشامە ناسراوە_ لە کتێبی (الحوادث والبدع)دا باسیکردووە، زۆر راستەو لەجێی خۆیدایەتی، کە دەفەرموێ: لە هەر شوێنێکدا فەرمانی پابەندبوون بە (جەماعەت) هاتەپێش، ئەوە فەرمانە بە وەرگرتنی حەق و پێوەپابەندبوون و شوێنکەوتنی، با ئەو خەڵکەش کە پێوەی پابەنددەبن کەمیشبن و بەرامبەرەکانیان زۆربن، چونکە حەق ئەو رێبازەیە کە کۆمەڵی موسوڵمانانی یەکەمی لە زەمانی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەربوو.. بڕوانە زۆریی ئەهلی بیدعەو لارێیان، کە لەدوای ئەوان هاتوون. عەمری کوڕی مەیموونی ئەودی دەفەرموێ : (صَحِبْتُ مُعاذًا باليمن. فَمَا فَارَقْتُهُ حتَّى وَارَيتُهُ في التُّرابِ بالشَّام، ثمَّ صَحِبْتُ بعدَه أفْقَهَ النَّاسِ عبدَ اللهِ بنَ مَسعودٍ ﵁، فَسَمِعْتُهُ يقولُ: عَلَيكُمْ بالجماعَةِ، فَإنَّ يَدَ اللهِ عَلى الجماعةِ، ثمَّ سَمعتُه يوما من الأيام وهو يَقولُ: سَيَلِي عَلَيكُمْ وُلاةٌ يُؤَخِّرونَ الصَّلاةَ عن مَوَاقيتِها، فَصَلُّوا الصَّلاةَ لِمِيقَاتِها، فَهِيَ الفَرِيضَةُ، وَصَلُّوا مَعَهُم فَإنَّها لَكُمْ نافِلَةً. قالَ :قُلْتُ: يَا أصْحابَ محمدٍ، مَا أدْرِى ما تُحَدِّثُونَا؟ قالَ: وما ذاكَ؟ قلتُ: تَأمُرُني بالجماعةِ وتَحُضُّنِي عَلَيها ثمَّ تقولُ: صَلِّ الصلاةَ وَحدَكَ، وهي الفَرِيضَةُ، وصَلِ مَعَ الجماعةِ وهي نَافِلَةٌ؟ قالَ: يا عَمرو بنَ ميمون، قَدْ كُنْتُ أظُنُّكَ مِن أفْقَهِ أهْلِ هذهِ القَريةِ، تَدري ما الجمَاعَةُ؟ قُلْتُ: لا، قالَ: إنَّ جُمهورَ الجماعَةِ: الَّذينَ فارقُوا الجَماعَةَ. الجماعَةُ مَا وافَقَ الحَقَّ، وإنْ كُنْتَ وَحْدَكَ) [1] واتە: لە خزمەتی مەعازی کوڕی

---

[1] ئیبنولقەییم: (إغاثة اللهفان ل ٨٢_٨٣)، ئیمامی لالەکائی: (شرح إعتقاد أهل السنة ١٠٩/١)، المزي: (تهذيب الكمال ٢٦٤/٢٢)، ئیبنولئەثیر: (أسد الغابة ٣٦٧/٢).

جەبەلدا بووم لە یەمەن، دواتریش هەر لە خزمەتییدابووم تا کۆتایی ژیانی، تا لەشام بەخاکمان سپارد هەر لەخزمەتیدا بووم، دوای ئەویش لەخزمەت شەرعناسترین یاوەردا بووم کە عبداللەی کوڕی مەسعوودە خوا لێی رازی بێت، جارێك گوێم لێی بوو دەیفەرموو: بە کۆمەڵەوە پابەندبن، چونکە دەستی خوا لەگەڵ کۆمەڵی موسوڵماناندایە. رۆژێکیتر گوێم لێی بوو دەیفەرموو: دەسەڵاتداری وا دەبێتە کاربەدەستتان کە نوێژەکان دوا دەخەن و لەکاتی خۆیاندا نایانکەن، لەو رۆژەدا ئێوە نوێژەکانی خۆتان بەتەنها لەکاتی خۆیدا بکەن، ئەوە فەرزەکەی خۆتانە، دواییش لەگەڵ ئەواندا نوێژەکە بکەنەوە، ئەمەیانتان بەسووننەت بۆ هەژمارددەکرێت. عەرزمکرد (پێمووت) ئەرێ یاوەرانی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ! نازانم ئێوە چیمان بۆ باسدەکەن؟ فەرمووی: بۆچی ؟ ووتم: لە لایەکەوە هانمدەدەیت بۆ کۆمەڵکاریی و پێوەپابەندبوون، لەلایەکیتریشەوە دەڵێت نوێژەکەی خۆت بە تەنها بکە، بەفەرز بۆت حسێبە، بەڵام لەگەڵ جەماعەتدا بیکە، بەسووننەت بۆت حسێبە! فەرمووی: ئەی عەمری کوڕی مەیموون وامگومانم دەبرد لە زیرەکترین و تێگەیشتووترینی خەڵکی ئەم ناوچەیەبیت، دەزانی (جەماعەت) کامەیە؟ ووتم: نەخێر، فەرمووی: زۆرینەی خەڵکی جەماعتیان وازلێهێناوە. جەماعەت ئەوەیە کە لەگەڵ (حەق)دا بیت با بە تەنهاش بیت).. لەریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: دەستێکی بەڕانم داداو فەرمووی: داماو، زۆرینەی خەڵکی جەماعەتیان وەل (تەرك)کردووەو وازیان لێهێناوە.. جەماعەت بریتیە لە گوێڕایەڵیی و ملکەچیی فەرمانی خوای گەورە..).

نوعەیمی کوڕی حەممادیش دەفەرموێ : مەبەستی لەوەیە ئەگەر جەماعەتەکە ئینحرافیانکرد، تۆ پابەندبە بە ڕێبازەکەوە، کە جەماعەتی پێش لادانەکە لەسەریبوون، با بە تەنها خۆشت بیت، ئەو کاتە تۆ خۆت (جەماعەت)یت.. بەیهەقی گێڕاوێتیەوە .

**<u>دەستەی سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة):</u>**

زۆرێك لە زانایان و شەرعناسان فەرموویانە کە دەستەی پێشڕەو زانایان و فەرموودەوانن، لەوانە ئیمامی ئەحمەد و ئیمامی بوخاری، بەڵام ئەوەی پێناسەکەی لێتێکەڵکردوون ئەو سیفەتەی دەستەی سەرکەوتووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەیان دەفەرموێ (لنْ يبرَحَ الدينُ قائِماً يُقاتِلُ عليه عصابةٌ من المسلمين..) موسلیم واتە: ئەم دینە بە جێگیریی و پایەداریی لەجێ و ڕێی خۆی دەمێنێت و کۆمەڵێك لە موسوڵمانان لە پێناوی دینەکەدا دەجەنگن. وەکو ریوایەتی جابری کوڕی عبدالله و عیمرانی کوڕی حەصین و یەزیدی کوڕی ئەصەم لە معاویەوەو لە عوقبەی کوڕی عامرەوە خوا لێیان رازی بێت گێڕاویانەتەوە.. لەبەر ئەوە ناتوانرێت تەنها بە زانایان و فەرموودەوانان بوترێت دەستەی سەرکەوتوو، چونکە ئەو دەستەیە ئەهلی زانستی شەرعی و جیهادن ئیمامی نەوەوی دوای ئەوەی بۆچوونی ئیمامی بوخاری و ئەحمەدو زانایتری هێناوەتەوە دەفەرموێ: (ئەندامانی ئەم کۆمەڵە لەناو چین و توێژەکانی هەموو جۆرە موسوڵمانێکدان، هەیانە جەنگاوەری ئازایەو هەیانە شەرعناسەو هەیانە فەرموودەوانەو هەیانە تەرخانبووی خواپەرستییەو لەریزی زاهیداندایەو هەیانە لەریزی ئەو کەسانەدایەکە فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی

لەخراپە دەكەن، هەشیانە لە مەیدانەكانیتری خێرو چاكسازیی ترەوە هاتوون، مەرجیش نییە هەموو پێكەوەو لە یەك شوێن بن، بەڵكو دەشێت لە هەموو وڵاتانی سەرزەمیندابن)[١].

هەروەها شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە لە فەتواكەیدا دەربارەی جەنگ لەدژی تەتار _كە بەزاهیریی شایەتمانیان هێنابوو بەڵام بەغەیری شەریعەتی ئیسلام حوكمیاندەكرد_ دەفەرموێ: ئەوانەی جیهاد دژی ئەوانە دەكەن شایانترن بەدەستەی سەركەوتوو (الطائفة المنصورة) هەژمارد بكرێن... دەفەرموێ (ئەمما ئەو موسوڵمانانەی لەمیسرو شام و شوێنەكانیترن، ئەوان لەم سەردەمەدا جەنگاوەرانی دینی ئیسلامن، ئەوان لە هەموو كەس شایانترن بە دەستەی سەركەوتوو هەژماردبكرێن، ئەو دەستەیە (الطائفة المنصورة) كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەی زۆرو سەحیحدا وەسفی فەرموون، وەكو (لاتزالُ طائفة مِنْ أمَّتي ظاهِرينَ على الحقِّ، لايضُرهمْ مِنْ خالفَهُمْ، ولا مَنْ خذلهُمْ، حتى تقوم السَّاعةُ) لە ریوایەتەكەی ئیمامی موسلیمدا هاتووە (لايزالُ أهلُ الغربِ) واتە خەڵكی ناوچەكانی خۆرئاوای ئوممەت كەبەرامبەر رۆم بوون[٢].

---

[١] صحيح مسلم بشرح النووي ٦٧/١٣.

[٢] مجموع الفتاوى (٥٣١/٢٨).

گومان لەوەدا نییە کە زانا کاراو کاریگەرەکان یەکەمین کەسن کە شایانی ریزی ئەم کۆمەڵە سەرکەوتووە دەبن، چونکە موجاهیدەکان و خەڵکیتر شوێنکەوتووی ئەوانن.

ئەوەی وایکردووە کە ئەو پێشەوایانە بفەرموون کە دەستەی سەرکەوتوو زانایان و فەرموودەوانانن، ئەوە بووە کە جیهادکردن لەناو شەرعناسان و گشتیی موسوڵمانانادا راجوێی لەسەرنەبووە، سنوری وولات (دارولئیسلام)ەکە بە لەشکرو سوپای ئەهلی ئیسلام تەنرابوو، کاربەدەستانی بەهێزی حکومەت فەرماندەی جەنگەکانییان لەبەرەکاندا دەکرد، ئەوی بەرەی دوژمنداریتی دژی ئیسلام و رێساکانی هاندەدا بیدعەچی و لادەرو دیدلێڵەکانی ناوەوە بوون، کە زانایان و پێشەوایان بەرامبەریان وەستابوونەوە و بەرگرییان لە دینەکە دەکرد، بۆیە وا دیاربوو کە زانایان دەستە سەرکەوتووەکەن، بەڵام خۆ وەسفی ناو فەرموودەکەش ئاشکراو راشکاوو رۆشنە، کە دەفەرموێ (یُقاتِلُ علیهِ..) لەپێناوی خواو بۆ بەرگری لە دینەکە کوشتاردەکەن.

بەڵام لەم سەردەمەدا خۆ ئێمە موحتاجی رەنجی هەردوولایان: زانایان و موجاهیداینن، هەر یەکە لە بواری خۆیەوە. ئەم دینە نەتەنها بەزانستی شەرعی پیادەدەکرێت، نەتەنها بەجیهاد، بەڵکو بەهەردووکیان و پێکەوە، وەکو خوای گەورە لە ئایەتی (حەدید)دا هەردووکیانی پێکەوە هێناوەتەوە: (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن ينصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ) الحدید/٢٥ واتە: بەتەئکید ئێمە نێرراوانی خۆمان بەبەڵگەو

نیشانەی زۆرەوە ناردووە، پەیام و تەرازووشمان لەگەڵدا ناردوون، تا خەڵکی دادپەروەرانە خۆ ڕێکخەن، ئاسنیشمان ناردەخوارەوە کە مایەی هێزێکی سەخت و پتەوەو سوودیشی بۆ خەڵکی زۆرە، تا خوای گەورە بزانێت کە کێ خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دیارو نادیارییدا سەردەخات، گومانی تێدانییە کە خوای گەورە بۆ خۆی بەهێزو بەدەسەڵاتە.

شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە رحمەالله دەفەرموێ (ئەم دینە بەو سێیە نەبێت پیادەنابێت: بە پەیام و تەرازوو ئاسن، پەیامەکە ڕێپشاندەرەو هۆی ڕێنماییە، ئاسنەکەش سەریدەخات، کتابەکە زانست و دینە، تەرازووەکە مافەکان و سنوورەکانی دیاریدەکات، وەکو گرێبەستی پارەو سامان، ئاسنەکەش سزاکانی پێ جێ بەجێ دەکرێت )[1].

هەروەها دەفەرموێ : شمشێری دەستی موسوڵمانانەکە شەرعەکە دەپارێزێت، شەرعیش قورئان و سوونەتە. وەکو جابری کوڕی عبدالله خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: (أَمَرَنا رسولُ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أن نضرب بهذا- يعنى السيف – مَنْ خَرَجَ عن هذا – يعنى المصحف) واتە : پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانیپێداوین کە بەمە – شمشێری مەبەستە – بدەین لەسەری ئەو کەسەی کە لەمە – مەبەستی قورئانە – یاخیدەبێت)[2]. هەروەها

[1] مجموع الفتاوى (٣٦/٣٥).
[2] مجموع الفتاوى (٣٦٥/٢٥).

دەفەرموێ: (مانەوەی ئەم دینەو پیادەکردنی: قورئانی ڕێنیشاندەرو ئاسنی پاریزەرە، هەروەکو کە خوای گەورە وەسفیکردوون)[١].

کەوابوو دەستەی سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة) ئەو کۆمەڵە موجاهیدەیە کە شوێنکەوتووی ڕێباز (دیدو هەڵوێست)ی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانی کەوتووە، کە مەنهەجی ئەهلی سوونนەت وجەماعەتە[٢]..

**_ ئایا (کۆمەڵی سەرفراز) و (دەستەی سەرکەوتوو) هەریەکن؟.**

لەزۆر کتێبی عەقیدەدا وا هاتووەکە کۆمەڵی سەرفراز (الفرقة الناجية) کە ئەهلی سوونนەت و جەماعەتن هەر دەستەی سەرکەوتوو (الطائفة والمنصورة)هەن ، بۆ نموونە: (العقيدة الواسطية ی ئیمامی ئیبنوتەیمیەو پێشەکییەکەی معارج القبول ی حافزی حەکەمی و هیتر). بەڵام ئەوەی لای من پەسەندترە ئەوەیەکە (فرقة) و (طائفة) یەك مانانین، دووشتی جیاوازن: (طائفة) بەشێکە لە (فرقة) کە، یان ئەو لقەیەتی _کە بە (دیدو هەڵوێست) و جیهادەکە_ پێشڕەوێتی سەرخستنی دینەکە دەکات، هەردووکیشیان کۆمەڵەکەو دەستەکە لەسەر مەنهەجی عەقائیدی راست و دروستن.

---

[١] مجموع الفتاوی (٣٩٥/٢٥) و شوێنیتر.

[٢] بە ناوی (دیدوڕێ مەنهەجی ئەهلی سوننەت و جەماعەت) لە ٢٠١٨ لە لوبنان چاپکرا. والحمدلله.

نوێکار (المجدد)ی دینەکەش هەر یەکێکە لەو دەستە سەرکەوتووەی کە گرنگترین ئەرکی دینەکەی لە ئەستۆ گرتووە کە جیهادەکەیە. جمهوری زانایان و شەرعناسانیش دەفەرموون کە نوێکار (المجدد)یەك کەسە.

**بەڵگەمان بۆ ئەم بۆچوون و پێناسەیە:**

١-خوای گەورە دەفەرموێ (فَلَوْلاَ نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طائفة لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي الدِّينِ)التوبه/١٢٢ واتە: نەدەکرا موسوڵمانان هەر هەموویان بچنە جیهاد، هەر دەبوو چەند کەسانێك لەهەر کۆمەڵێکیان بىنە دەستەیەك و بۆ تێگەیشتنی دینەکەو فێربوونی لێببڕێن.. لێرەدا (فرقة)و (الطائفة) لێکجودان، (طائفة) بەشێکە لە (فرقة)ەکە، ئەو بەشە سەرکەوتووە ئاشکرایەیە کە بەرپرسێتی زانست و جیهادەکەی خستۆتە ئەستۆی خۆی، وەکو لەتەفسیری ئیبنوکەثیردا هاتووە).

٢-زانست وجیهاد دیارترین سیفەت و مۆرکی دەستەسەرکەوتوو (الطائفة المنصورة)ەکەن، کە هەردووکیان فەرزی کیفایەن، لەسەر هەندێك لە ڕۆڵەکانی ئوممەتی ئیسلام دەبێتە فەرز، کە دەبێت لەجیاتی ئەوانی تریش بیهێننەدی. ئەو هەندە ڕۆڵەیە کە ئەو زانست و جیهادە فێردەبن و دەیگەێننەوە، دەستە سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة)ەکەن.

٣- بۆچوونەکەی ئەو پێشەوا بەڕێزانەی وەکو ئیمامی ئەحمەدو بوخاری لەسەر ئەهلی عیلمەکەیە، کە لەو سەردەمەی ئەواندا فەرموودەوانان پێشڕەو بوون، هەر وەکو کە بوخاری (باب) ێکی تەرخانکردووە بۆ ئەو مەبەستە (لە کتاب

الاعتصام ی سەحیحەکەیدایە) ئەویش ئەم جیاوازیەی نێوان (فرقة) و (طائفة)ی خستۆتەڕوو، چونکە خۆ هەموو کۆمەڵە سەرفرازەکە (ئەهلی سوننەت وجەماعەت) بۆ زانستی وەرگرتن و گەیاندنەوەی لێنابڕێن، هەر هەندێکیان دەبێت ئەوە بکەن، خۆ هەموو ئەهلی سووننەت و جەماعەت ئەهلی فەرموودەوانی نین و نابن.

ئەمما ئەوەی کە ئیمامی نەوەوی دەربارەی دەستە سەرکەوتووەکە لە ئیمامی ئەحمەدەوە نەقڵیکردووە، کە فەرموویەتی: (جا ئەگەر ئەو دەستە سەرکەوتووە فەرمودەوانان نەبن، ئەدی کێن؟!) بەدوایدا بۆچوونی قازی عیاضی هێناوەتەوە، کە فەرموویەتی: (مەبەستی ئیمامی ئەحمەد ئەوەبوو کە ئەو دەستە سەرکەوتووە ئەهلی سوونەت و جەماعەتن، کە دیدو عەقیدەیان وەکو عەقیدەی فەرمودەوانانە)..

کەوابوو قازی عیاض پێیوایە فەرمودەوانان و ئەهلی سوونەت هەر یەکن، بەڵام ئەمە وا نایاتەوە، مەگەر بە شوێنکەوتن و بەشێکبوون. واتە فەرموودەوانان _کە بەشێکن لە ئەهلی سوونەت و جەماعەتەکە_ ئەوە مەنهەج (دیدو هەڵوێست)یانە... بۆیە قازی عیاض فەرمووی: (هەر کەسێك کە دیدو عەقیدەی وەکو عەقیدەی فەرموودەوانان بێت). چونکە خەڵکە گشتییەکەی ئەهلی سوونەت و جەماعەت، خۆ هەموویان هەر فەرمودەوان و زانا و شەرعناس نین و نابن، بەڵکو شوێنکەوتوویانن.

زانایان سەرپەرشتیار و خەمخۆران (اولی الامر)ی ئوممەتن، کە خوای گەورە لەئایەتی (أَطِيعُواْ اللَّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُول وَأُوْلِى الأَمْر مِنكُمْ) النساء/٥٩ ئاماژەی پێکردوون. واتە: ملکەچیی بۆ خوای گەورەو ملکەچی بۆ پێغەمبەرەکەی و کاربەدەستە سەرپەرشتیارەکان دەرببڕن کە لەخۆتانن.

هەروەها لەو ڕۆشنتر: (وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَأولي أُولِى الأَمْر مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذينَ يسْتَنبِطونَهُ مِنْهُمْ) النساء/٨٣ واتە: ئەگەر (قسەو قسەڵۆك و واتەواتەکانی ترس و ئەمان)یان بگێڕایەتەوە بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بۆ ئەو زاناو واقیعیناسانەی سەرپەرشتیارو کاربە دەستی کاروبارییانن، ئەوان دەیانزانی لێکیبدەنەوە و راو بۆچوونی شیاوی بەرامبەر دەربڕن –بە ئاشکراو راشکاوانە زاناکانی ناوناوە سەرپەرشتیارو کاربەدەست (أولي الأمر) چونکە (لَعَلِمَهُ الَّذينَ يسْتَنبِطونَهُ مِنْهُمْ)، دیسان ئاماژەشە بۆ ئەوەی کە دەبێت بکرێنە بەرپرس و کاربەدەست و دەمڕاستی موسوڵمانان، چونکە خەڵکی شوێنکەوتووی زانایانن، خوای گەورەش ئەو خەڵکە بە بەرپرس و پێشەوایانیان پۆلێندەکات (يوْمَ نَدْعُو كُلَّ أُنَاسٍ بِإِمَامِهِمْ) الاسراء/٧١ واتە: لەڕۆژی دواییدا هەر کۆمەڵە خەڵکەو بەپێشەواکەی خۆی بانگیدەکەین.

خەڵکە گشتییەکەی ئەهلی سووننەت و جەماعەت شوێنکەوتووی زانا کاراکانیانن، کە لەڕیزی دەستەی سەرکەوتووی ئوممەتەکەن و پۆلێکی تایبەتی ئەو دەستەیەن، کە سەرکەوتووانی هەموو (فرقە)ی ئەهلی سووننەت وجەماعەتن. والله اعلم.

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوە شیکارییە مەبەستە ئەوەیە کە هەموو موسوڵمانێك پێویستە ببێت بە یەکێك لەم دەستەی سەرکەوتووەی ئەرکی سەرخستنی دینەکەی (زانست و بانگەوازو جیهاد)ەکەی لەئەستۆگرتووە. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَفِي ذَلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ الْمُتَنَافِسُونَ) المطففين/٢٦ واتە: با لە وبوارەدا کێبڕکێی یەکتریی بکەن.

بۆچوونم وایە کە دەشێت دەستەی سەرکەوتوو هەموو کۆمەڵە سەرفرازەکەی بگرێتەوە، وەکو کە لە کۆتایی ژیاندا هەموو موسوڵمانان دەچنەڕیزی جەنگاوەرانی شامەوەو عیسای کوڕی مەریەم سەلامی خوای لێ بێت دێتەخوارەوە بۆ ناویان و فەرماندەیتییان دەکات، تا ججاڵ (دەجال) دەکوژن. (وەکو لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە).

کەوابوو کە لە فەرموودەدا دێت کە ئەهلی شام یان ئەهلی قودس دەبنە دەستەی سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة) ئەوە لە ئاخرزەماندایە، چونکە پێش ئەو زەمانە دەشێت دەستەی سەرکەوتوو لەشام و فەلەستین بێت یان لە غەیری ئەوێ[١]. وەکو لە فەرموودەکەی ئەبوئومامەدا هاتووە. والله اعلم.

---

[١] بڕوانە بۆچوونی خاوەنی کتێبی (فتح المجید شرح کتاب التوحید) لە (شرح حدیث الطائفة) چاپی أنصار السنة (ل ٢٧٨_٢٧٩).

## باسی سێیەم

## ئەرکە هەنووکەییەکانی دەستەی سەرکەوتوو

**<u>بڕگەی یەکەم: لادان و رادانی حوکمی کافران.</u>**

گەورەترین و گرنگترین ئەرکی دەستەی سەرکەوتوو لەم زەمانەدا جیهادکردن و لادان و رادانی ئەو حاکمە مورتەددانەیە کە شەریعەتی خوایان لاداوەو موسوڵمانان بەیاسادەسکردە کوفرییەکان حوکمدەکەن، هەر وەکو ئیبنوکەثیر لە تەفسیری ئایەتی (أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يبْغُون) المائدە/٥٠ واتە: چما حوکمی جاهیلییەتیان دەوێت؟! دەفەرموێ: (خوای گەورە ئیدانەی هەڵوێستی ئەو کەسە دەکات کە حوکمی خوای گەورەی _بەو هەموو خێرەوە کە تێیدایەتی و بەو هەموو ئامۆژگاری خۆپاراستنە لەهەموو جۆرە خراپەیە کە لە خۆی گرتووەی_ گۆڕیوەتەوە بەراو بۆچوون و ئارەزووی خەڵکانێك کە بە بێبەڵگەیەکی شەریعەتی خوا دایانرشتووەو شەرعی خوایان لاداوەو ئەمانەیان بە ناوی چاکسازییەوە هێناوەتە جێگای! تا دەگاتە ئەوەی کە دەفەرموێ: هەر کەسێك رەفتاری وا بنوێنێت کافرەو کوشتار لە دژی فەرزە، تا ئەو ساتەی دەگەڕێتەوە سەر حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و لە زۆرو کەمدا غەیری شەریعەتی ئیسلام ناکاتە یاسا)..

زۆر لە زاناو شەرعناسانی سەردەم ئەو بۆچوونەی ئیبنوکەثیریان بە فەتوایەکی راست وەرگرتووەو شەرحیانکردۆتەوەو فەرموویانە: ئەوە حوکمی

ئەم حاکمانەی و وڵاتانی ئەمڕۆی موسوڵمانانیشە، کە بە یاسا حوکمدەکەن نەك بەشەرع.

-شێخ ئەحمەد شاکر رحمەاللە دەفەرموێ: (دوای ئەمە، ئایا جائیزە، ئایا شەریعەتی ئیسلام ڕێگای داوە کە موسوڵمانان لە وڵاتی خۆیاندا بە یاساو ڕێسایەك حوکمبکرێن کە لە دەستووری ئەوروپای موشریك و بێدینەوە وەرگیراوە؟ یاساو ڕێسای دەستورێك کە هەموو راو بۆچوونی باتڵی داڕێژەرانێتی کە (لێرەو لەوێش) کەس حساب بۆ ئەوە ناکات کە داخۆ چەند لە گەڵ شەریعەتەکەی خوادا دەگونجێت؟! هەر کاتێك وویستیان دەیگۆڕن.. تادەگاتە ئەوەی دەفەرموێ: (حوکمی شەرع دەرهەق ئەم یاسایانە وەکو خۆری نیوەڕۆ دیارو ئاشکرایە، حوکمکردن بەم یاساو دەستوورانە کافربوونە، کوفرێکی زەق و راشکاو کە بواری شاردنەوەو پاساوبۆهێنانەوەی نییە، هیچ کەسێك لەوانەی بە ئەهلی ئیسلام هەژمارد دەکرێن _هەرکەسێك بێت _ مافی ئەوەی نییە وەریبگرێت یان کاریپێبکات، یان ملکەچیبێت، یان رایپەڕێنێت )[1].

-عەللامە محمد حامد الفەقی رحمەاللە لە روونکردنەوەو شەرحی فەتواکەی ئیبنوکەثیردا، دەفەرموێ (ئەوەی وەکو ئەم دەستورەی تەتارەو خراپتریشە لەو، بۆچوون و دیدی فەرەنگەکان (رۆژئاوایی)ەکانە کە خەڵکانێك کردوویانن بەیاساو ڕێساو دەستووری وڵات و حوکمی ناکۆکی خوێن و ناموس و سامان و

[1] ئەحمەد شاکر: (عمدة التفسیر مختصر تفسیر ابن کثیر. چاپی دارالمعارف (ب٤ ل ١٧٣_١٧٤).

مامەڵەی پێدەکرێت و دەخرێتەپێش ئەحکامە زانراوەکانی شەرع، کە لە قورئانەکەی خوای گەورەو سیرە و سووننەتی پاکی پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەرگیراوە، هەر کەسێك ئەم یاسایانە وەربگرێت و حوکمی پێبکات گومانی تێدانییە کە کافری موتڵەقە، لە ئیسلام پاشگەزبۆتەوە، مادام پەشیماننابێتەوەو ناگەڕێتەوە سەر حوکمی خوای گەورەو سوورە لەسەر هەڵوێستی کافرە، هەر ناوو نازناوێکی هەبێت، ئەو حوکمە دەربارەی ناگۆڕێت، هیچ کاروکردەوەیەکی باشیشی وەکو نوێژو ڕۆژوو حەجکردن و هاوشێوەیانی دادینادات.. )[١].

-شێخ محمدی کوڕی ئیبراهیمی ئالوشیەخ کە موفتی گەورەی عەرەبستانی سعودی بوو رحمەاللە دەفەرموێ: (حوکمکردن لە غەیری ئەوەی کە خوای گەورە ناردۆێتیەخوارەوە: (الحکم بغیر ما انزل اللە) کوفری گەورەیەو بکەرەکەی لە دین و ئوممەتی ئیسلام دەباتەدەرەوە، چونکە شەش جۆرە کوفری لە خۆیدا هەڵگرتووە..

- دوای ئەوەی ووردەکارانە باسی واقیعی وڵاتی موسوڵمانان دەکات دەفەرموێ: (پێنجەمیان: ئەمیان لە هەموو لایەنەکانیتر دژوارترو خراپترە، چونکە گشتگیرترو دوژمندارانەترە بەرامبەر شەرعی خوا دەوەستێتەوەو لووتبەرزانە پشت لە ئەحکامەکانی دەکات و بەربەرەکانێی حوکمی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکات و کێبڕکێ و شەڕەپاڵ لەگەڵ دادگای شەرعدا

[١] كتاب فتح المجيد شرح كتاب التوحيد چاپی أنصار السنة (پەڕاوێزی ل ٣٩٦).

دەکات، لەهەموو لایەنەکانی یاسادارڕشتن و ئامادەکردن و لقلێبوونەوەو سۆراغ و رەسەنکردنەوەوە، لە لێکدانەوەو تەفسیرکردن و جۆرکردن و چەسپاندن و پێوەپابەندکردن، لە مەرجەعییەتی وەرگیراوو بەڵگەکانی.. هەر وەکو چۆن دادگای شەرع مەرجەعییەتی هەیە، کە لە ناکۆکی و راجوێیدا دەگەڕێتەوە سەریی: لەقورئان و سوونەت، یان لە کۆڕا (ئیجماع) و قیاس، ئەو دادگایانەش هەر وان، مەرجەعییەتیان کە بەسەرچاوەی دەستورو یاساو رێسای دادەنێن و لە ناکۆکیەکانیاندا دەگەڕێتەوە سەر ئەو، بریتیە لەو کەشکۆڵە دەستوریە تێکەڵ و تەلفیقەی لە یاسای فەرەنسایی و ئەمریکایی و دەستوری بەریتانی و هیترەوە هێناویانەو لەگەڵ راو بۆچوونی بێبەڵگەی هەندێك بەناو موسوڵماندا تێکەڵ یەکیان کردووە، تا بڵێین لە ئیسلامیش وەرگیراوە.

ئا ئەم دادگایانە ئێستا لە زۆرینەی وڵاتی موسوڵمانان ئامادەکراوە، دەروازەی والایەو خەڵکی پۆل پۆل دەچن بۆی... لە هەموو دائیرەیەك قەرەباڵغتر دادگاکانە! کە حاکم و داوەرەکانی پێچەوانەی شەریعەتی خواو سوونەتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داوەری ئەو موسوڵمانانەی لێ دەکەن!! بەو یاسا کوفرنیانە کە پێیانەوە پابەندیان دەکەن و ناشهێڵن داوەریی ببەنەوە لای شەرع. دەی سا چ کوفرێك لەمە گەورەترە؟! ئەمە چ بەرەیەکی پڕاوپڕ پێچەوانەی (أشهدُ أنَّ محمداً رسول الله)یە؟!) [1].

[1] رسالة تحكيم القوانين/ سەرەتاکەی.

ئەمە بۆ چوونی زانایانی سەردەمە کە ئاستیان لە پێشەوایانی تابیعی تابیعین کەمترنییە رحمهم الله. کە هەموویان پێیانوایە ئەو حاکمەی یاسادا دەڕێژێت، یان جێبەجێیدەکات، یان داوەریی خەڵکی پێدەکات کافرە.. تەفسیلاتی ئەم باسە لە کتێبێکی تردایە..

ئەرکی موسوڵمان بەرامبەر ئەم حاکمە مورتەددانە هەر ئەوەیە کە قازی عیاض دەیفەرموو: (ئەگەر کاربەدەستێك (والی و خەلیفە) کوفری ئاشکرای لێوە دەرکەوت، یان شەریعەتی خوای گۆڕی، یان بوو بە بیدعەچی، ولایەتی بەسەر موسوڵمانانەوە نامێنێت. (واتە موسوڵمانان ناچارنابن گوێڕایەڵیبن و ملکەچیی بۆ خۆی و بڕیارەکانی دەربڕن). ئەوکاتە لەسەریان فەرزدەبێت شۆڕش بەرپابکەن تا لایدەدەن و رایدەدەن و لە جێی ئەو خەلیفەیەکی دادپەروەر دادەنێن، ئەمە ئەگەر بۆیان مەیسەربێت، ئەگەر تەنها بۆ کۆمەڵێکیان دەلواو هەلیان بۆ دەرەخسا لەسەر ئەوانە فەرزە رایماڵنەخوارەوە، ئەمە دەربارەی دەسەلاتداری مورتەددە، ئەمما بیدعەچی ئەوە دەبێت سەبری لەسەر بگیرێت، مەگەر لەوە دڵنیابن کە بۆیان لادەدرێت، ئەگەر لە گۆڕانکاریی بێئومێدبوون (لەبەر لاوازیی و بێتوانایی خۆیان) ئەوە موسوڵمان دەبێت ئەو شوێنە جێبهێڵێت و هیجرەتبکات بۆ ناوچەیەکیتر )[١].

پێشتریش قەولی شێخولئیسلاممان هێنایەوە کە دەفەرموێ: (هەر کاتێك لەبەر بێتوانایی و لاوازیی موسوڵمانان جیهادەکە وەستا، ئامادەسازییەکەی

---

[١] صحيح مسلم بشرح النووي (كتاب الإماره ٢٢٩/١٢).

دەبێتەوە بە فەرز، کە خۆیان و سواریی و چەك و توانا ئامادەبکەنەوە بۆی، چونکە ئەوی فەرزی پێدێتەدیی، فەرزە. (ما لا یتم الواجب الا به فهو واجب) وەکو ئەم ڕێسایە دەفەرموێ )[1].

- هەروەها لەبەر ئەوەی خوای گەورە وەکو فەرز دەفەرموێڵ (وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ) الانفال/٦٠ واتە: ئەوەندەی دەتوانن هێز پێکەوەنێن بەرامبەریان (لەدژی کافران).. چونکە خۆئامادەکردن بۆ جیهادکردن دژی ئەو دەسەڵاتدارە مورتەددانە لە فەرزە سەرەکیەکانی سەرشانی موسوڵمانانی سەردەمە، چونکە زاهیرەن وڵاتێکی زۆر گونجاو بەدی ناکرێت، هیجرەتکردن موسوڵمانی بۆئاسانبێت، هیجرەتەکەش خۆ بۆ هەموو موسوڵمانێك ئاساننییە، چونکە هەموو لە وڵاتی مەرکەزیی سەخت و چەقبەستووی سیستم ئاڵۆزدا دەژین.

ئەمەسەرەکیترین ئەرکی دەستەی سەرکەوتووی ئوممەتەکەیە، کە جیهاد دژی دەسەڵاتی کافرانەی ئەم حکومەتە مورتەددانە بکەن، کە بە غەیری شەریعەتی ئیسلام حوکمدەکەن.

ئەم کێشەیە (کافربوونی ئەو حاکمانەی حوکم بە غەیری دینەکەی خوای گەورە دەکەن و فەرزێتی جیهادکردن دژیان) لە لای من بەقەدەر کێشەی هەڵگەڕانەوەکەی زەمانی یەکەم دژوارە، کە لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ روویدا، چونکە ئەمەی ئێستا هەڕەشە لە جەماوەری

---

[1] مجموع الفتاوى (٢٨/٢٥٩).

موسوڵمانانی وڵاتەکانیان دەکات! نەوەکانی نوێیان بەرەو هەڵگەڕانەوە لە دینەکە دەبات، ئەگەر لانەدرێن و نەوەستێنرێن، گومانی تێدا نییە کە زیانی زۆر گەورەی لێ دەکەوێتەو لە گۆڕینی شەریعەتی خواو ئیلغاکردنەوەی حوکمی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی خراپەکاریی و ڕەشوورووتکردنی موسوڵمانان..

ئەگەر یاوەران لەم سەردەمەدا بوونایە، گومانی تێدانییە کە یەکەمین کاریان جیهاد دەبوو لەدژی ئەم کاربەدەستانە.

ئەم فیتنەی لادانی شەرع و حوکمی کافرێتیە زۆر لە مەسەلەکەی (خلقُ القرآن) گەورەترو بەرفراوانترو خەتەرترە، چەندین بەرابەر لەو گشتگیرترە... بۆیە وا نازانم کەس لەو کەسانەی زانستی شەرعییان لەم زەمانەی ئێمەدا خوێندبێت، قسەیان لەسەرنەکردبێت، بە دژ وەستانەوەی و بەهۆشدارییدان لێی و هاندانی موسوڵمانان بۆ دژایەتیکردن وجیهادکردن لە دژی، تا لە تووڕەیی و غەزەبی خوای گەورە قوتاربن. خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَىٰ مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَٰئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَٰئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ) البقرە/١٥٩-١٦٠ واتە: ئەو کەسانەی نیشانەو بەڵگەو حوکم و هیدایەتی ئێمە لە خەڵکی دەشارنەوە _دوای ئەوەی هەموویمان لە قورئاندا بۆ خەڵکی روونکردۆتەوە_ ئەوانە خوای گەورە لەعنەتیان لێدەکات (واتە دووریاندەخاتەوە لە ڕەحمەتی خۆی)و هەموو ئەو کەسانەش کە نەفرینده‌کەن (فریشتەو مرۆڤ و هیتر) دوعای خراپەیان لێدەکەن، کە خوایە بەر غەزەبی خۆتیان خە (ئەوی نەفرینی خوای لێدەکرێت بەر غەزەبی خوا دەکەوێت) جگە

لەو کەسانەی کە تۆبەدەکەن و هەڵوێستە چەوتەکەیان بەشەرع راستدەکەنەوە، پاشان چاکسازیی دەکەن و ئەوە دەردەخەنەوە بۆ خەڵکی و ئاشکرایدەکەنەوە کە پێشتر شاردبوویانەوە، ئا ئەوانە لێیان خۆشدەبم و تۆبەکەیان قبوڵدەکەم.. من خۆشم زۆر تۆبە قبوڵدەکەم و بەبەزەیم.

زاناو شەرعناس و داعی موسوڵمان داوایلێکراوە کە حەق روونکاتەوەو بەخەڵکی راگەیێنێت، نابێ چاوەڕێی بکات لێی بپرسن ئینجا وەڵام بداتەوە، بەڵکو دەبێت خۆی حوکمی شەرع لەسەر هەموو دیدو هەڵوێستەکان بەیانکات، چونکە خوای گەورە بە فەرمان دەفەرموێ: (قُلْ تَعَالوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ) الانعام/١٥١ واتە: بڵێ وەرن با ئەوەی خوای پەروەردگارتان لێتانی حەرامکردووە بەسەرتاندا بیخوێنمەوەو حاڵیتان کەم لێی.

کەوابوو فەرزە روونبکاتەوەو هانیانبدات تا حەق بگرنەخۆو بەرگری لێبکەن، نەك خۆشی لە حەقەکە لادات!! قورتوبی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: (ئاوا لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوە دەبێتە ئەرکی سەرشانی زاناکان کە ئەو ئەحکامانەی ئیسلام بۆ خەڵکی روونبکەنەوەو تێیانگەیێنن کە خوای گەورە چی بۆ حەڵاڵکردون و چی لێ حەرامکردوون، خوای گەورە دەفەرموێ: (لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلاَ تَكْتُمُونَهُ)ال عمران/١٨٧ واتە : دەبێ بۆ خەڵکەکەی روونبکەنەوەو نەیشارنەوە )[١].

[١] الجامع لأحكام القرآن ب١٣١/٧

ڕێسای شەرعناسانیش لەوەڵام و فەتوادا ئەوەیە کە (روونکردنەوەی حوکمی شەرع ناشێت لە کاتی پێویستیەکەی خۆی دوابخرێت) خۆ ناشێت کابرای زاناو شەرعناس و داعی بڵێن بەخوا ترسمان هەبوو!! چونکە خوای گەورە بە توندیی وەڵامیان دەداتەوە کە (أَتَخْشَوْنَهُمْ فَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَوْهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) التوبە/١٣ واتە: چما لێیان دەترسن؟! خۆ خوای گەورە شانترە لێی بترسن ئەگەر راستدەکەن و موسوڵمانن.

ئەمە لەسەر زانایەکە، کە روونینەکردۆتەوەو خۆی کڕکردووە! ئەدی ئەو زانایەی لەسەر سفرەی ئەو حاکمە مورتەددانەیە؟ ئەوەی کە مساوەمەی لەسەر دینەکەی کردووە. ئێ ئەمەشیان لە کوێ و ئەو زانا عەمامەپیسە لەکوێ، یان ئەو شێخەگوێ لەمستە، یان ئەو داعیە ترسنۆکە لە کوێ کە بەو حوکمە کوفرە رازیبووە. یان ئەمەش لە کوێ و ئەو زاناو زمانلووسانە لەکوێ کە لەخزمەتیاندایەو یارمەتیدەریانە؟! کە خوای گەورە دەرهەقیان دەفەرموێ: (وَمَن يتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ) المائدە/٥١ واتە: هەر کەسێکتان ببێتە دۆست و لایەنگریان ئەوە لەریزی ئەوانەو حوکمی وەکو حوکمی ئەوانە، کە کافربوونە.

**بڕگەی دووەم: داوەریکردن بە پێی توانای:**

مامۆستا عەلی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی عبدالحەمید کە مامۆستایەکی سەلەفییە ڕەسمییەکانی ئەردەنە کتێبێکی لەسەر بەیعەت نووسیووە بەناوی: (البدعة بين السنة والبدعة عند الجماعات الاسلامية/ چاپی المكتبة الاسلاميةی عەممان/ ئەردەن ١٤٠٦ک/ ١٩٨٧) کە تایبەتیکردووە بە ڕەخنەی خۆیان ئاسا لە یەکێك لە کۆمەڵە ئیسلامییەکان. باسی چەندین مەسەلەی بەتێکەڵوپێکەڵی ووروژاندووەو سەرکەوتووشنەبووە تێیاندا. وەکو: بەیعەتی کۆمەڵە ئیسلامیەکان بە بیدعە دەزانێت، ئەمیرێتی کۆمەڵە ئیسلامیەکان بە بیدعە دەزانێ، دانانی قازی و داوەریکردن لەلایەن کۆمەڵە ئیسلامیەکانەوە بەبیدعە دەزانێ.. هەر هەبوونی کۆمەڵەکان بەبیدعە دادەنێت!!.

ئێمە لێرەدا گومانی چوارەمی دەڕەوێنینەوە ان شاء الله کە تێیدا دەڵێ: (ئەگەر خەڵکانێك لەناوخۆیاندا ڕێکەون کە سزا شەرعییەکان راپەڕێنن ... تا دەگات ئەوەی کە دەڵێ: ئەمە بە کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەت باتڵەو جائیز نییە).

لە ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکەیدا پشتیوان بەخوا دەڵێم:

یەکێك لەوانەی ئەرکی سەرشانی موسوڵمانەو لە ئەسڵی باوەڕهێنانی هەژماردەکرێت، ئەوەیە کە لە کاتی دروستبوونی کێشەو راجوێیی و ناکۆکی (الخصومات والنوازل)دا، دەبێت داوەیی بباتەوە لای شەرع، وازهێنان و وەل(تەرك)کردنی ئەوە _لەگەڵ هەبوونی هەلی ڕەخساودا_ کوفرەو بکەرەکە

(واتە نەکەرەکەی) ئەگەر عوزری نەبێت کافردەبێت، چونکە خوای گەورە نەفی باوەڕی لەو کەسە کردووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (کە لە ژیاندابوو) قورئان و سوونەتیش دوای کۆچی دوای کردنی ناکاتەداوەر، یان قبوڵێتی داوەربێت بەڵام بەسەرزارەکی، دەنا لەناخییدا سەرپێچەو مل لێنانێت وەك دەفەرموێ: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا)النساء/٦٥ ..

زۆرینەی موسوڵمانان لەوە غافلن، یان خۆ گێلدەکەن کە ئەمە فەرزی سەرشانی موسوڵمانە! لە کاتێکدا زۆر سووك و لەبار بە بێ هیچ تین و فشارێکی دەرەکی، یان گرێوگۆڵی دەروونی، یان ژانی و یژدان، تەسلیم بە یاسای کوفر دەبن و کێشەکانیان دەبەنە دادگای کوفر، تا ناوبژییان لە خوێن و ناموس و سامان و مافەکانی تریاندا بکات!! ئەو کەسانەشیان کە باوەڕیان وایە کە دەبێ داوەریی خۆیان بهێننەوە بۆ شەرع، پێیانوایە ئەوە کارێکی زۆرقورسە، ئەگەر ئەستەمنەبێت! چونکە پێیوایە حوکمی یاسا ئاسانکاریی زۆری بۆ کراوەو هێزی راپەڕاندنی لەپشتە، بەڵام داوەرییبردنە لای شەرع ئاساننییە!! لە راستیدا ئەوە وەهمە، شەیتان و دوژمن چاوی شکاندوون و دەروونی بەزاندوون و وورەی روخاندوون، دەنا لە واقیعدا وانییە.

موسوڵمانان لەگەڵ ئەوەشدا کە حوکمی یاسای کوفرینیان بەسەردادراوە، بەڵام لە توانایاندا هەیە داوەریی خۆیان بهێننەوە بۆ لای شەرع و کێشەکانیان لای شەرعناسێکی لێزان یەکلاکەنەوە، یان لای هەر کەسێکی تری ئەهلی ئیسلام کە شیاوی داوەرێتیە، تا بیکەنە داوەری خۆیان.

ئەوە ئەستەم نییەو لە توانادایە، خوای گەورەش داوای پەرستنی بە گوێرەی توانا کردووە، کە دەفەرموێ: (فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ) التغابن/١٦ پێغەمبەری پێشەواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ (وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ)متفق عليه[١] واتە: ئەوەی کە فەرمانمپێداون ئەوەندەی لێ جێبەجێبکەن کە دەتوانن.. داوەرییبردنە لای مەلایەك چۆن لە توانادا نییە؟!!

ئەم باسە (داوەرییبردنە لای داوەرێکی شیاو بە ڕەزامەندی هەردوو لایەنی ناکۆك) لە کتێبە فیقهیەکاندا بە (مسألە التحکیم) ناسراوە، کە،لە،بەرامبەر (التقاضي)دا دانراوە، واتە داوەرییبردنە لای قازی ڕەسمی، کە خەلیفە تەعینیکردووە[٢].

*ئەگەر خەڵکانێك لەناو خۆیاندا ڕێکەوتبن کە سزاشەرعییەکان ڕاپەڕێنن، حاڵیان لە دوو حاڵەت بەدەرنییە:

---

[١] بوخاری (٦٨٥٨)، موسلیم (١٣٣٧).

[٢] من (وەرگێڕ) لە هەندێك نووسینیترمدا بەناوی (قازی شەعبی) و (قازی ڕەسمی) باسمکردوون، بەڵام پێموایە راستتر ئەوەیە بڵێین (داوەر)و (قازی) چونکە ئێستا لەناو کوردی باشووردا بە حاکمی دادگای حکومەت و حەکەمی ناوبژیوانی وەرزشەوانی دەوترێت (داوەر) لە ئەقڵی شاراوەی دەستەجەمعی کوردیشدا کە ووترا قازی: یەعنی ئەو کەسەی جلوبەرگی مەلایەتی لەبەردایەو بەشەریعەتی ئیسلام داوەریی خەڵکی دەکات. بۆیە لەمەودوا ان شاء الله بۆ حەکەمی نێوان دوولایەنی ناکۆك کە قازی شەعبییە دەڵێم (داوەر) و بە حەکەمی تەعینکراوی خەلیفەش دەڵێم (قازی).

یەکەم: لە دارولئیسلامدان و خەلیفەیان هەیە، کە شەریعەتی خوا رادەپەڕێنێت.

دووەم: لە وڵاتێکدان کە خەلیفەیان نییەو دادگای شەرعیشیان نییە.

توێژینەوەی ئەم دوو حاڵەتەو حوکمی شەرعی دەربارەیان، ئاوایە. والله اعلم:

**حاڵەتی یەکەم: لەدارولئیسلامدا**: کە خەلیفەی شەرعی دەسەڵاتدارەو سەروەرێتی دەستوور بۆ شەرعەو خەلیفە قازی دادگای داناوە، تا داوەریی بکات:

دەڵێم لەم حاڵەتەشدا جائیزە خەڵکی داوەریی ناکۆکیی و کێشەکانی خۆیان ببەنە لای کەسێکی شیاو، کە بە رەزامەندی هەردوو لایەنی کێشەکە دیاریکراوە، با نەشچووبنە لای قازی رەسمی خەلیفە، هەر حوکمێکیش ئەو کەسە شیاوە دەریبکات، دەبێ هەردوو لای ناکۆك پێوەیپابەندبن.

لە دارولئیسلامدا کە سەروەریی یاسا بۆ شەرعەو بەس، کە خەلیفەی موسوڵمان حوکمیدەکات، داوەریی خەڵکی دەبرێتە لای قازی رەسمی، کە لە لایەن خەلیفەوە تەعینکراوە، بەڵام جائیزە بۆ موسوڵمانان کە داوەریی ببەنە لای پیاوێکی شیاوی داوەرێتی، مادام هەردوو لایەنی ناکۆك پێی رازیبن، کە چوونە لای و داوەرییکردن، دەبێت بە بڕیارەکەیەوە پابەندبن و جێبەجێیبکەن.

زانایان و شەرعناسانی مەزهەبەکان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئەمە کۆن، تەنها لەوەدا راجوێن کە ئایا بۆ چارەسەری هەموو کێشەو ناکۆکیەکانی ژیانیان

بۆیان هەیە بچنە لای داوەر؟ ئایا هەموو کێشەیەك کە دەبرێتە لای قازی دەشێت بشبرێتە لای داوەر؟ یان هەندێ کێشە لەو ڕێسایە بەدەرە؟! دواتر ان شاء الله ووردەکارانە بۆچوون بۆ ئەمە دەکەین و بۆچوونی شەرعناسان دەهێنینەوە، چ لە کاتی هەبوونی قازی ڕەسمییدا بێت، چ لە کاتی نەبوونییدا.. ئەوەش ڕووندەکەینەوە کە بردنی ناکۆکی بۆ لای داوەر ئاسانکارییە، هەم بۆ خەڵکی و هەم بۆ قازی ڕەسمی.. خۆ هەموو دانیشتوانی دارولئیسلام شارنیشین نین و ئاسان ناگەنەدادگاو کات و ئارامگریی بەداواداچوونی ڕەسمییان نییە، بە تایبەتی گوندنشین و گەڕۆك و هاوشێوەیان.. قازی ئەبوبەکری ئیبنولعەرەبی زۆر بە تەفسیل ئەوەی باسکردووە .

ئەمەش بۆچوونی هەندێك لە شەرعناسان و بەڵگەکانیان:

شەرعناسان کەدەفەرموون (بەحەق یان بەپێی حەق) مەبەستیان بەڵگەی شەرعییە والله اعلم.

ـ ئیبنوضۆیان لە کتێبی (شرح الدلیل)دا دەفەرموێ: (ئەگەر دوو کەس یان سێ لەناو خۆیاندا کەسێکی پیاوچاکیان کردە داوەرو حوکمیدان، دەبێت بڕیارەکانی جێبەجێبکرێت، هەر وەکو کە بڕیاری قازی ڕەسمی خەلیفە جێبەجێدەکرێت) لەبەر ئەو فەرموودەیەی ئەبو شورەیح گێڕاوێتیەوە خوا لێی ڕازی بێت کە عەرزی پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد: (إِنَّ قَوْمِي إِذَا اخْتَلَفُوا فِي

شَيْءٍ أَتَوْنِي، فَحَكَمْتُ بَيْنَهُمْ، فَرَضِيَ كِلا الْفَرِيقَيْنِ، فَقَالَ: مَا أَحْسَنَ مِنْ هَذَا)[١]
واتە: ئەی پێغەمبەری خوا خزمەکانم کە ناکۆکیەکیان لەسەر شتێك تێدەکەوێت، دێنە لای من تا داوەریانبکەم، منیش حوکمیاندەدەم و هەردوو لایەنیش رازیدەبن، پێغەمبەری خوا فەرمووی: ئای کە شتێکی چاکە..

-عوسمانی کوڕی عەففان و طەڵحەی کوڕی عوبەیدواللە ناکۆکیان هەبوو، چوونە لای جوبەیری کوڕی موطعیم تا داوەریان بکات..

کەس لەم داوەرە بەڕێزانە داوەری ڕەسمی تەعینکراوی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یا خەلیفەیەك نەبوون.

لەدەقی کتێبەکەشدا دەفەرموێ (ئەو حوکمە ناکۆکییەکەی پێ چارەسەر دەکرێت، ئەگەر حەقی پێکابوو، کەس بۆی نییە هەڵیوەشێنێتەوە) هەر نووسەر لەشەرحەکەیدا دەفەرموێ: (چونکە هەر کەسێك داوەرییکردنەکەی جائیزبێت، بڕیارەکەشی بەرامبەرەکان پاپەنددەکات، هەر وەکو حوکمی قازی ڕەسمی، کە خەلیفەدایناوە)[٢].

---

[١] ئەبوداوود (٤٩٥٥)، نەسائی (٥٧٣٦)، حاکم (٧٨١٢)، بەیهیقی (١٩٨٨٤). شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١٩٣٩ )و لە (أرواء الغليل ب٨/ ژمارە ٢٦١٥ )دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٢] منار السبيل في شرح الدليل (٤٥٩/٢) چاپی المكتب الإسلامي ١٤٠٤ک.

-ئیبنوقودامەی مەقدیسی لەکتێبی (الکافی)[1] خۆیدا _هەروەها لە کتێبی (المغني)[2] یەکەشیدا_ بە دوورودێژیی باسی ئەم مەسەلەیەی کردووە، دەفەرموێ: (فَصل: ئەگەر دوو کەس داوەریان بردە لای کابرایەك تا حوکمی نێوانیان بکات، هەردووکیان ڕەزامەندییان بۆ دەربڕی، کابراش شیاوی داوەریکردن بوو، کەحوکمی بۆ دەرکردن، داوەرییەکەی شیاوەو حوکمەکەشی دەبێ جێبەجێبکرێت.. ئەمەش بۆچوونی ئیمامی ئەبوحەنیفەو قەولێکی ئیمامی شافیعییە کە دەفەرموێ: (مەرجە هەردووکیان بە حوکمەکەی ڕازی بووبن، دەنا، نا.. چونکە دەبێ حوکمەکەیان بۆ روونبێتەوە) یەعنی بەڵگەو چۆنیەتی دەرکردنەکەی بزانن..

فەرموودەکەی ئەبو شورەیح ئاشکراو راشکاوەو بەسیشە، کە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرموو (إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَكَمُ، وَإِلَيْهِ الْحُكْمُ، فَلِمَ تُكْنَى أَبَا الْحَكَمِ؟» فَقَالَ: إِنَّ قَوْمِي إِذَا اخْتَلَفُوا فِي شَيْءٍ أَتَوْنِي، فَحَكَمْتُ بَيْنَهُمْ فَرَضِيَ كِلَا الْفَرِيقَيْنِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «مَا أَحْسَنَ هَذَا، فَمَا لَكَ مِنَ الْوَلَدِ؟» قَالَ: لِي شُرَيْحٌ، وَمُسْلِمٌ، وَعَبْدُ اللَّهِ، قَالَ: «فَمَنْ أَكْبَرُهُمْ؟» قُلْتُ: شُرَيْحٌ، قَالَ: «فَأَنْتَ أَبُو شُرَيْحٍ)[3] واتە: باشە خۆ خوای گەورە

---

[1] ٤٤.وا لە ٤٣٩/٤ چاپی المكتب الإسلامي ١٤٠٢ك.

[2] المغني والشرح الكبير (٤٨٣/١١_٤٨٤).

[3] لە پەڕاوێزی پێشتردایە، ئەلبانی رحمەالله لە زۆر شوێنی تردا بە سەحیحی ناساندووە، جگە لەو دوو شوێنە ئاماژەبۆکراوە، لە (صحيح سنن النسائي/٥٣٨٧ )یشدا هەر بە سەحیح ناساندوێتی.

ناوی ئەلحەکەمە، ئەدی بۆچی کونیەی تۆ ئەبولحەکەمە؟ فەرمووی : هەر کاتێك خزمەکانم لەسەر شتێك ناکۆك دەبن، دێنە لام تا داوەریان بکەم، منیش بڕیاردەدەم و هەردوولایەنیش پێی ڕازیدەبن پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئای ئەمە کە چاکە: ئەدی کوڕت هەیە؟ حەرزی کرد بەڵێ: شورەیح و موسلیم و عەبدوالله. فەرمووی: کامیان گەورەکەیانە؟ عەرزیکرد: شورەیح، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی : دەی سا تۆ ئەبوشورەیحیت..

له پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕیوایەت کراوە کە فەرموویەتی (مَنْ حَكَمَ بَيْنَ اثْنَيْنِ تَرَاضَيَا بِهِ، فَلَمْ يَعْدِلْ بَيْنَهُمَا، فَهُوَ مَلْعُونٌ)[1] واتە: هەر

---

[1] نووسەری بەڕێز هەر وا بە بێ سەنەد و بە شێوەی لاوازکردن (رُوِيَ) هێناوێتیەوە. دوای بەدواداچوون گەیشتمە ئەوە کە زۆر کەس بە بێ توێژینەوە لە ئیبنولجەوزیيانەوە (٥٩٧ك مردووە) وەرگرتووە کە لە کتێبەکەیدا (التحقيق في أحاديث الخلاف ٣٨٤/٢)دا هێناوێتییەوە. یان لە ئیبنوقودامەی مەقدیسییانەوە (٦٢٠ك مردووە) وەرگرتووە کە لە کتێبی (المغني/١٠٩٤) دا بە بێ سەنەد هێناوێتییەوە، یان لە ئەلقورافی (٦٨٤ك مردووە) کە لە (الذخيرة/٣٥/١٠) دا هێناوێتییەوە. هەروەها ئیبنوحەجەر (٨٥٢ك مردووە) لە (التلخيص الحبير ١٨٥/٤)دا هێناوێتیەوە بە بێ ئاماژەکردن بە سەنەندەکەی. هەروەها مەنصووری بەهووتی (١٠٥١ك مردووە) لە (شرح منتهى الارادات بەرگی٣/ل ٤٩٥)دا بە بێ سەنەدوو توێژینەوەو بە شێوازی لاوازی(رُوِيَ). وا دیارە لای هیچیان نەبووبێت بە بەڵگە بۆیە ئیبنولمولەقڨین (٨٠٤ك مردووە) لە (البدر المنير ٥٥٥/٩)دا دەفەرموێ: ئەم ڕیوایەتە فەرموودە نییەو بۆ بەڵگەهێنانەوە ناشێت.
بەڵام ئەمە باسەکەی نوسەری بەڕێز لاواز ناکات کە بەڵگەی تری بەهێزیی بۆ هێناوەتەوە.
والله اعلم

کەسێك ببێتە داوەری نێوان دووکەس کە رازیبووبن بە داوەرێتیەکەی، بەڵام ئەم دادپەروەرانە حوکمینەکردبن، ئەوە لەعنەتی لێ دەکرێت (دووردەخرێتەوە لە رەحمەتی خوا)!.

ئەگەر حوکمەکەی جێبەجێنەکرایە ئەم هەڕەشە سەختەی لێنەدەکرا..

سەیدنا عومەرو ئوبەیی کوڕی کەعب داوەریی خۆیان بردە لای شورەیح پێش ئەوەی سەیدنا عومەر بە قازی تەعینیبکات. هەروەها سەیدنا عوسمان و سەیدنا طەڵحە داوەریان بردە لای جوبەیری کوڕی موطعیم خۆ قازی رەسمیش نەبوو..

ئەگەر بووترێت: ئاخر خۆ سەیدنا عومەرو سەیدنا عوسمان پێشەوا (خەلیفە)بوون، هەر بەوەی کە داوەرییەکەیان بردۆتەلای ئەو کەسانە، ئەمە بۆ خۆی وەکو تەعینکردنیان وایە بەقازی. دەڵێین: ئەوەی لەو دوو بەڕێزەوە نەقڵکراوە، رازیبوونیانە بە داوەرییەکە، بەمەش نابن بە قازی رەسمی، ئەگەر ئەمە چەسپێنرا، ئەو بۆچوونە بەهێزدەکات کە خەلیفەو والی بۆیان نییە بڕیاری داوەرەکە هەڵوەشێننەوە.. ئەمەش بۆچوونی ئیمامی شافیعیە، بەڵام ئیمامی ئەبوحەنیفە دەفەرموێ خەلیفە یان والی بۆیان هەیە هەڵیوەشێنەوە، ئەگەر پێچەوانەی بۆچوونی خۆی بوو (واتە بۆچوونی خەلیفەو والییەکە)، چونکە ئەسڵی ئەم کارە گرێبەستی نێوان ئوممەت و خەلیفە/ والیەکەیە، بۆیە وەکو بەکارهێنانی مافی خۆی دەتوانێت هەڵیوەشێنێتەوە، وەکو هەر گرێبەست و مافێکیتری تایبەت بە خۆی.. بەڵام ئەم بۆچوونە بەهێزنییە (بەبەڵگەی شەرعی)

و لە بەرامبەریشیدا شەرعناسانیتر فەرموویانە: مادام کابرای داوەر شیاوی داوەرییەکە بووبێت و ئوصوڵی حوکمکردنەکەی و بڕیارەکەی بە پێی شەرع بووبێت، کاربەدەست بۆی نییە هەڵیوەشێنێتەوە، بە بەهانەی ئەوەی پێچەوانەی بۆچوونی ئەوە، جا ئەگەر وا بێت جیاوازی چییە لە نێوان ئەو بڕیارەی لەگەڵ بۆچوونی کاربەدەستەکەدایەو ئەو بڕیارەی کە لەگەل بۆچوونییدانییە .

ئەگەر ئەمە سەلمێنراو چەسپا، دوولایەنی ناکۆك رازیبوون بە کەسایەتی شیاو ببێتە قازی نێوانیان، لە کاتی دادگاییکردنەکەشیاندا بۆیان هەیە خۆیان رێکەون و دادگاکە بوەستێنن، بەڵام دوای بڕیاری قازی هیچیان بۆی نییە، هەرچەندە هەندێك لە زانایان دەفەرموون جائیزە، بەڵام ئەگەر رێ بەمە درا، هیچ داوەرییەکی دادگای غەیرە رەسمی سوودی نابێت، چونکە هەر چۆنێك بڕیاردەرکات لایەنێکی نا کۆکیەکە هەرپێی رازینابێت.

قازی ئەبویەعلا دەفەرموێ: حوکمی داوەرەکە کە هەردوولایەنی کێشە دایاننابوو، جێبەجێدەکرێت، لە هەموو لایەنێکەوە، جگە لە چوارجۆر کێشە (مارەکردن، لەعان و تۆمەتبارکردنی داوێن و خوێنوەرگرتن) چونکە ئەمانە لە کێشەیتر جیاوازن و هەر دەبێت بگەڕێتەوە بەردەست خەلیفەو جێگرو نوێنەرەکانی. ئەبولخەططاب دەفەرموێ: زاهیری بۆچوونی ئیمامی ئەحمەد ئەوەیە کە حوکمی ئەو داوەرە جێبەجێدەکرێت. یاوەرانی ئیمامی شافیعی دوو بۆچوونیان هەیە، یەکێکیان وەکو ئەمەیە.. ئەگەر ئەم داوەرە حوکمی خۆی نووسیەوەو ناردی بۆ قازیەکی موسوڵمانان، پێویستە بەحوکمەکە رازیبێت و

نوسراوەکەشی جێبەجێبکات، چونکە ئەمیش وەکو ئەو قازی بووەو بڕیارەکەی وەکو تەعینکراوی خەلیفەیە. ئەمەی ئیبنوقودامە لە قازی ئەبویەعلاوە نەقڵیکردووە، هەر وەکو بۆچوونی قازی ئیبنوفەرحونی مالکییە کە لە کتێبی (تبصرة الحكام ب ٦٢/١) داباسیکردووە.

ئیبنوقودامە لە کتێبی (الكافي)یەکەیدا دەفەرموێ: (یاوەرانی مەزهەبی ئێمە لەوەدا راجوێبوون کە داوەریی لەچ جۆرە کێشەیەکدا دەکرێت، ئەبو لخەطاب دەفەموێ: زاهیری بۆچوونی ئیمامی ئەحمەد ئەوەیە کە لە هەموو جۆرەکێشەیەکدا دەبێت، کە دەکەوێتە نێوان موسوڵمانانەوە. ئەمەش قیاسە لەسەر کێشەکانی بەردەستی قازی تەعینکراوی خەلیفە.. قازی عیاض دەفەرموێ: لەو کێشانەی دەربارەی سەروەت و سامانی تایبەتی خەڵکن، ئەمما هاوسەرگیریی و سزای خوێن و سزای تۆمەتبارکردن بە داوێنپیسی، ناشێت داوەریان لە غەیری لای قازی رەسمی خەلیفە تێدابکرێت، چونکە لە ئەسڵدا دەبێت لەم جۆرە کێشانەدا زۆر ئیحتیات بکرێت و بە حەزەرەوە بخرێتە دادگاوە)[١].

-بۆچوونی ئیبنولمونزیر (کە کۆڕا(ئیجاع)ی پێشەوایانی تۆمارکردووە) هەر وەکو ئیمامی ئەحمەدە، کە دەشێت هەموو کێشەیەك لای قازی دانراوی خەڵك (داوەری شەعبی) ساغبکرێتەوە. ئیبنو لمونزیر کۆڕای زانایانی لەسەر ئەم بۆچوونەش نەقڵکردووە، پێشتریش بۆچوونی ئیبنوضۆیانی خاوەنی (منار

[١] ئیبنوقودامە: الكافي چاپی المكتب الإسلامي (٤٣٦/٤).

السبیل) مان هێنایەوە کە فەرمووی: (بڕیاری حەکەم، قازی دانراوی نێوان خەڵکی غەیرە رەسمی) وەکو قازی تەعینکراوی رەسمی خەلیفەیە، هەموو کێشەکانی نێوان خەڵکی دەگرێتەوەو جێبەجێکردنیشی پێویستە، راجوێی لەمەدا نییە، تا نەقڵیبکات، وا دیارە ئەوە بۆچوونی پەسەندترینی حەنەفییەکانە.

- بەسەهاتی سەیدنا عومەر خوا لێی رازی بێت کە لەگەڵ کابرای ئەعرابییدا ناکۆکییان کەوتە نێوانەوە و چوونە لای شورەیح بۆ داوەریکردنیان. ئیبنوقودامەش هێناوێیتەوەو ئیبنولقەیمییش لە(اعلام الموقعین ١/٨٥)دا دەفەرموێ (عەلی کوڕی جەعد دەفەرموێ: شوعبەی کوڕی سەییار لە شەعبییەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: عومەری کوڕی خەططاب خوا لێی رازی بێت ئێسترێکی لە کابرایەك بەکرێگرت، لە بارلێنانییدا ئێسترەکە سەقەتبوو، کابرای خاوەنی ووتی: شکاتت لێدەکەم، دەبێ بۆمبژێریت، عومەر کوڕی خەططاب خوا لێی رازی بێت (کە خەلفەش بوو) پێی فەرموو: کەسێك دیاریبکە، تا داوەریی خۆمانی ببەینە لا، کابرا ووتی: رازیم بچینە لای شورەیحی عێراقی، شورەیح بە عومەری کوڕی خەططابی خوا لێ رازی بێت فەرمووو: بەسەلامەتی بردووتەو بە سەقەتی هێناوتەتەوە، دەبوایە پارێزگاری لێبکەیت، تا بەسەلامەتی دەیدەیتەوە، بۆیە دەبێ بۆی بژێریت، عومەر کوڕی خەططاب خوا لێ رازی بێت بە داوەرێکی پەسەندی زانی، بۆیە کردی بە قازی رەسمی و پێیفەرموو: برۆ داوەریی خۆت بکە، هەرچی حوکمێکت لە قورئاندا بینی حوکمی

خۆتی پێ دەرکە، ئەگەر نا لە سوونەتدا بیدۆزەرەوە، ئەگەر (لە قورئان و سوونەتدا) نەتدۆزیەوە بە رای خۆت بکە).

*ئیمامی حەرەمەین (جوەینی) دەفەرموێ: (ئیمامی شافیعی دوو بۆچوونی لەسەر ئەوە هەیە کە ئایا شیاوە لە کاتی هەبوونی خەلیفەی شەرعییدا _کە ئەحکامی ئیسلام لەسەر ئەهلی ئیسلام جێبەجێدەکات_ کەسێك داوەرێکی تر دیاریبکات؟ وە ئایا حوکمەکەی جێبەجێدەکرێت؟ لە یەکێك لە بۆچوونەکانییدا دەفەرموێ: (کە بۆچوونی ئیمامی ئەبوحەنیفەیە رحمەالله) بەڵێ، لە هەموو جۆرە کێشەیەکدا کە قازی رەسمی خەلیفە یەکلای دەکاتەوە، ئەم داوەرە (شەعبیە)ش بۆی هەیە یەکلای بکاتەوە.. ئەمەش لە بەراووردکردن و قیاسدا پەسەندەو وا نازانم زەروور بێت زۆری لەسەر بدوێنن)[1] .

ئەمما ئەوەی کە مامۆستای نووسەر دەڵێ کە گوایە داوەرییبردنە لای غەیری قازیی بە کۆڕای دەنگی ئوممەت باتڵە، ئەوە رووی خۆی دەگرێتەوە. ئیمامی ئەبوبەکری کوڕی مونذیر لە کتێبەکەیدا: (الإجماع) پێچەوانەی مامۆستای نوسەری باس کردووە. ئیبنولمونذیر (لە الجماع لاپەڕە ٢٥٤)دا دەفەرموێ: (پێشەوایان رایان لەسەر ئەوە کۆیە کە بڕیاری قازی غەیری قازی، دەبێت جیبەجێبکرێت، مادام لە بوارێکدایە کە جائیزە)[2] کە دەفەرموێ: قازی غەیری قازی، واتە ئەو قازییەی کە لەلایەن ئیمام (خەلیفە)ەوە تەعینکراوە. کە

---

[1] الغیاثي _ چاپی دووەم/ توێژینەوەی عبدالعظیم الدیب (١٤٠١ لاپەڕە ٣٨٩).

[2] کتاب الإجماع_ چاپی دار طیبة ١٤٠٢ك (ل٨٥).

دەفەرمویّ: مەدام لە بوارێكدایە كە جائیزە، واتە: ئەگەر بڕیاری ئەم قازییە لە كێشەیەكدابوو كە لە شەرێحەتدا رێپێدراوە.

_ شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە دەفەرمویّ: (قازیی ناوێكە بۆ ئەو كەسەیە كە داوەریی نێوان دوو كەس دەكات و بڕیاریان لە نێواندا دەدات. جا خەلیفەیەك بێت یان سولتانێك یان جێگرێك یان والییەك یان كەسێك كە بە داوەر دانراوە یان جێگرێتی تا بە شەریعەتەكە حوكم بكات و كێشە یەكلابكاتەوە، تەنانەت بەو كەسەش دەوترێت قازی كە لە نێوان منداڵاندا دەبێت بە حەكەم تا سنووری نێوانیان یەكلابكاتەوە، مادام خۆیان بە دانانی بە یاوەری نێوانیان رازیبووبن. ئاوا لە یاوەرانی پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە، ئەمەوش دیارو رۆشنە)[١].

*هەروەها لەو بەڵگانەی شەرعێتی داوەرێتی (شەعبی) دەسەلمێنن و بڕیارەكانی جێ بەجێ دەكرێت وەكو قازی (رەسمی) تەعین كراو، ئەوەیە كە ئەگەر كۆمەڵێك لەخەلیفەیاخی بوون وشۆڕشیان بەرپاكردو چەكدارانە شارێكیان بۆ خۆیان كۆنترۆڵ كرد و بەشەریعەتی خوا حوكمیان كرد و زەكات و مافی گشتیشیان بۆ خۆیان هەڵگرت، كەبە پێی شەرع وەری دەگرت وخەرجی دەكەنەوە لەبوارەشەرعییەكانییدا، بڕیارەكانیان دەبێ جێ بەجێ بكرێت، خەلیفەی دادپەروەری موسوڵمانان (كەلەشوێنێكی ترە)بۆی نییە بڕیاریان ئیلغابكاتەوە،

[١] مجموع الفتاوى (٢٨/٥٢٤).

تەنانەت ئەگەر هاتەسەریان وشارەکەی لەبن دەست دەرهێنانەوە هەرِبۆی نییە حوکمەکانیان بگۆڕێت کەداوەریان پێ کردووە).

-ئیبنوقودامە دەفەرموێ (ئەگەر یاخیبووان لەخەلیفە قازییەکی شیاوی داوەریان تەعین کردو حوکمی دەرکرد، حوکمەکانی وەکو حوکمی قازی ئەهلی داد دەبێت وپێویستە وەکو بڕیاری قازی ئەولا جێ بەجێ بکرێت، ئەوی شایانی رەت کردنەوەش بوو لە حوکمی هەردووکیاندا وەکویەك دەبێت )[1].

هەروەها دەفەرموێ (ئەگەر ناوچەیەکیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە – واتە یاخیبوان – وسزاکانیان تێدا چەسپان و زەکات و جزیە و خەراجیان کۆکردەوە، بۆیان هەیە و رەفتارەکەیان دروستە، چونکە عەلی کوڕی ئەبو تالیب خوای لێ رازێ بێت بەدوای بڕیارورەفتاری دەسەلاتدارانی بەسرەدان چۆوە (کەلێ ی یاخی بوو ببون)

-ئیبنو عومەریش خوای لێیان رازی بێت زەکاتی خۆی دەدایە دەسەڵاتدارانی خەواریج کە باجگرەکانیان دەنارد بۆ کۆکردنەوەی .. چونکە دەسەڵاتداری سەپاوبوون و هەربەشەرع حوکمیان دەکرد[2].

-ئیمامی جوەینییش بۆ چوونی وایە[3].

---

[1] المغني والشرح الكبير (١٠/٨٠).

[2] الكافي (١٥٢/٤).

[3] الغياثي (ل ٣٧٤).

ئەمانەی باسمان کردن هەمووی بەڵگەی بێ راڕایی و بێ گومانی شیاوێتی داوەریی بردنی خەڵکە بۆ لای حەکەم (داوەری) شیاوی ناو خۆیان، مادام بەرەزامەندی هەموو لایەکە، لەکاتێکدا کە لەدار الئیسلامدان وخەلیفە قازی رەسمی بۆتەعین کردوون وخۆی و قازیە رەسمیەکەشی بەشەریعەتی ئیسلام حوکم دەکەن کەسەروەری ئەو لەسەرو هەموو دەسەلێتێکی وولێتەوەیە.. ئەبو بەکری کوڕی مونزیر کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەتەکەی لەسەر ئەوە نەقڵ کردووە ئەمەش پێچەوانەی راوبۆ چوونی نووسەرەکەی (البیعە بین السنە والبدعە عند الجماعات الاسلامیە) یە کە بێ بەڵگەیە.

**<u>حاڵەتی دووەم: موسوڵمانان خەلیفە و دادگای شەرعییان نییە:</u>** وەکو ئەم زەمانە چۆن داوەریی دەبەنەوە لای شەرع؟.

داوەرییبردنەوەی موسوڵمانان لەم حاڵەتەیاندا بۆ شەرع، نەك هەر جائیزە، بەڵکو فەرزە لەسەریان داوەری شیاو بدۆزنەوە، کە کێشەو ناکۆکیەکانیان بەپێی شەریعەتی خوا بۆ چارەسەربکات، ئەگەر زانایەکی زۆرشارەزای شەرعیان دەسنەکەوت، با بچنە لای مەلایەك، ئەگەر دەستنەکەوت، فەقێیەك، یان داعییەکی وا کە سەر لە ئەحکامەکانی شەرع دەرکات، چونکە حەرامە ناکۆکی خۆیان ببەنە لای دادگایەك کە بەیاسای کوفرین حوکمیاندەکات.

بەڵگەی ئەم دیدو هەڵوێستە راستە، ئەوانەی پێشوون، کە لەباسی حاڵەتی هەبوونی خەلیفە لە کتێبی (منار السبیل)ە کەی ئیبنوضۆیاندا، هەروەها بۆچوونی ئیبنوقودامەی مەقدیسی لە کتێبی (المغنی)یەکەیداهەیە. جگە لە

بۆچوونی ئەوان، لێرەشدا بە شێوەیەكی گشتی بەڵگەی هەندێك لەشەرعناسانی مەزهەبەكان دەهێنیتەوە:

١-قازی ئەبو یەعلا دەفەموێ (ئەگەر ناوچەیەك قازی رەسمی دانراوی خەلیفەی لێ نەبوو، یان لێی نەما، دانیشتوانەكەی هاتنەسەر ئەو رایەی كە قازییەك بۆ خۆیان دابنێن، تەماشای بارودۆخیان دەكرێت. ئەگەر خەلیفە دەستی دەیانگەیشتێ، ناشێت قازی بۆ خۆیان دابنێن، ئەگەر دەستی نەیاندەگەیشتێ، دانانی قازییە شەعبییەكەی خۆیان راست و دروستەو حوكمەكانی دەبێ جێبەجێبكرێت. ئەگەر دوای حوكمدەركردنی دەسەڵاتی خەلیفەیان گەیشتێ قازی رەسمییان بۆ دیاریدەكرێت، بەڵام كەس بۆی نییە بڕیارەكانی داوەری پێشوو هەڵوەشێنێتەوە.. بۆچوونی ئیمامی ئەحمەد ئەوەیە كە ئەگەر دووكەس بۆ داوەریی نێوان خۆیان كەسێكیتر دیاریبكەن، بڕیارەكانی لەسەریان جێبەجێدەبێت)[١] .

ئەوی پەیوەندی بەم باسەی ئێمەوەیە ئەو قەولەیەتی: (ئەگەر دەستی خەلیفەیان نەدەگەیشتێ) واتە: خەلیفە نەماوە، یان هەیەو دەسەڵاتی ناگاتە ئەوان، یان قازی رەسمییان بۆ دانەنراوە (دانانی قازییە شەعبییەكەی خۆیان بۆ خۆیان راست و دروستەو حوكمەكانی دەبێ جێبەجێبكرێت) كە دەفەرموێ: (ئەگەر خەلیفە دەستی دەیانگەیشتێ نابێ داوەر بۆ خۆیان دابنێن) ئەم خاڵە تەعینكردنی قازیەكەیە، نەك حوكمكردن و نەكردنی، بۆیە بۆچوونی یەكەم

---

[١] الأحكام السلطانية (ل ٧٣).

لاوازناكات، چونكە تەعینكردنی قازی مافی خەلیفەیە.. باسەكە داوەرییبردنە لای داوەرە، نەك مەسەلەی تەعینبوونی یان تەعیننەبوونی.

٢-ئیمامی حەرەمەین (جوەینی) _كە لە پێشەنگی گەورەشەرعناسانی مەزهەبی شافیعیە_ بەدوورودرێژی باسی لەم مەسەلەیە كردووە. دەفەرموێ: (كاتی ئەوە هاتووە ئەگەری ئەوە دانێم كە ئەگەر زەمانێك بەسەر موسوڵماناندا هات، كە نە خیلافەتیان ما، نە كۆڕی ئەهلی حەللوعەقد.. تا دەگاتە: ئەو كاتە ئیتر بواركراوەیە لە بەردەم موسوڵماناندا كە سەربەخۆیانە ڕەفتاربكەن. بەڵام ڕەفتاری شیاو ئەوەیە كە پرسوڕای پیاوماقوڵان و هەڵكەوتووانیان بكەن و بچنەوە لای دەركەوتووانی زەمانی خۆیان، تا بزانن چۆن كۆمەڵكار دەبنەوەو چۆن سەربازان ئامادەی جیهاد دەكەنەوەو دادگا دادەمەزرێنن و مافی گیانی لەدەستچوو، یان جەستەی پەككەوتوو دەسێننەوە.. چونكە لەم حاڵەتەدا ئەمەیان لەسەر پێویستدەبێت... بەردەوام دەبێت تا دەگاتە: ئەگەر خەڵكەكە كەسێكی شیاوی وایان دەستنەكەوت بیكەنە ئەمیری خۆیان و كارەكانی پێبسپێرن، ئەستەمە شەرع ڕێیان پێبدا هەروا بە پەرتەوازەیی و لاوازییەوە بمێننەوەو دانیشن، چونكە حەتمەن خراپەكاریی زۆریان لەناودا بڵاودەبێتەوەو خەڵكەكەش زەلیل و لاوازدەبن.. بۆیە هەندێ لە زانایان فەرموویانە: ئەگەر زەمانێك هاتەپێشەوە دەسەڵاتداری موسوڵمانی تێدا نەما، فەرزە لەسەر دانیشتوانی هەر ناوچەیەك پیاوماقوڵ و ژیرو هزرەوانانیان بخەنەپێش، لەوانەی قسەڕۆشتوون و خەڵكی بەقسەیاندەكەن، فەرمانیانوەردگرن و لە بەرهەڵستیكراوەكانیان دەكشێنەوە، حەتمەن دەبێت لەو زەمانی پشێوی و

گەڕەلاوژێتیی و بێسەروبەریەدا ئەمە بکەن.. ئینجا ئەو پیاوماقوڵانە (کە وەکو ئەهلی حەللو عەقدن) پێشەوایەك لەناو خۆیاندا هەڵدەبژێرن و دەیکەنە ئەمیر (یان ئیمام/ خەلیفە) .. ئینجا دەفەرموێ:

کەوابوو هەر کاتێك خەلیفە نەما، هەروەها کۆڕی پیاوماقوڵان و جوامێرو شیاوو لێزانانی کار نەما، کاروباری خەڵکی دەبێت بکەوێتەوە دەست زانایان و شەرعناسان، ئەو کاتەش لەسەر هەموو چین و توێژێکی خەڵکی فەرزە بگەڕێنەوە لای زاناکانی شەرع و هەموو کاروبارێکی ڕێکخستن و ئاڕاستەوانی لەوانەوە وەربگرن، ئەگەر ئەمەیان کرد ئەوە ڕێی راستیان گرتووەو حەتمەن سەرفرازدەن پێی، ئەو کاتە شەرعناسەکان دەبنە کاربەدەست و دەسەڵاتداری سیاسی خەڵکەکە.. ئینجا ئەگەر زەحمەتبوو هەموو ناوچەکانیان یەکبخرێن دەبێت لە هەموو ناوچەیەکدا بەسەربەخۆیی ئەم کۆڕەی پیاوماقوڵ و قسەڕۆیشتووان دابمەزرێت و ئەمیر یان والییەکیان لێ هەڵبژێررێت.. ئەگەرنا شەرعناسی گەورەی ناوچەکە هەموو کاروبارەکان دەگرێتەدەست، ئەگەر شەرعناسان زۆربوون، شارەزاترینیان دەخرێتەپێش، ئەگەر هەموو وەکویەکبوون لە ئاستی شارەزاییاندا – کە ئەوە زۆر زەحمەتە رووبدات – بڕیاری دەستەجەمعی دەردەکەن، هەرچەندە ئەمە لەگەڵ زۆربوونی مەزهەب و دیدو هەڵوێستی جیاوازدا زەحمەتە. بۆیە هەر دەبێت لەسەر ئەمیرێتی یەکێکیان ڕێکەون و کاروباری پێبسپێرن، ئەگەر لەناو خۆیاندا ڕێکنەکەوتن و هەر دەستەو کۆمەڵێك جودا کەوت و کەوتنە ململانێی یەکتر، پێمباشە قورعەبکەن

بۆ ئەمیرێتیەکەیان، هەر کەس ناوی لە قورعەکەدا دەرچوو ئەوە پێشدەخرێت)[١].

-ئیمامی جوەینی دوای ئەوە باسی زەمانێك دەکات، کە نە خەلیفەی تێدا ماوەو نە کوڕی ئەهلی حەللوعەقدو نە پێشەوایەکی موجتەهیدی شەرعناسیی. دەفەرموێ دوای ئەوە خەڵکەکە دەبێت بگەڕێنەوە لای مەلایەکی مەزهەبەکەو بیکەنە ئەمیری خۆیان. دەفەرموێ: (ئەو مەلایەی کە دەڵێن لە کاتی نەبوونی پێشەوایەکی موجتەهیدی شەرعناسدا خەڵکەکە بگەڕێنەوە بۆ راو بۆچوونی و ئاڕاستەی لێوە وەرگرن، ئەو کەسەیەکە خەڵکەکە راهاتوون لەم حاڵەتانەدا فەتوای شەرعیی لێوە وەربگرن. ئەمە لە شوێنی ئەو پێشەوا شەرعناسەیە کە بە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی ئیجتیهاد گەیشتۆتە پلەی ئیجتهاد)[٢] .

-ئەمەی ئیمامی جوەینی باسی لێوەدەکات کە زەمانێکە نە خەلیفە ماوەو نە ئەهلی حەللوعەقدو نە پێشەوای موجتەهیدی شەرعناسیی، ئیمامی ئیبنولقەیمیش رحمەاللە باسی لێوەکردووە، کە لەو بترازێت دەبێت بگەڕێنەوە سەر مەلایەکی مەزهەبەکان، ئەگەر ئەویشیان دەستنەکەوت دێنەوە لای فەقێیەك کە یەك دوو کتێبی شەرعی خوێندبێت!! دواتر بە تەفسیل باسی ئەمە دەکات و دەفەرموێ؛ (ئەگەر کابرایەك کتێبێکی فیقهی، یان زیاتری خوێندبوو، لەگەڵ ئەوەدا کە لە ئەحکامی قورئان سوونەت و ئاسەواری سەلەف تێناگات

---

[١] (ل ٣٨٥_٣٩١).

[٢] الغياثي چاپی دووەم توێژینەوەی د/ عبدالعظيم الديب ١٤٠١ک (ل٤٢٧).

و نازانێت حوکمی شەرعی چۆن وەردەگیرێت و بەراوردی بۆچوونە جیاوازەکانی پێناکرێت و پەسەندترینی پێهەڵنابژێرێت، ئایا دەشێت کە فەتوایدا لێی وەربگیرێت؟ زانایان و شەرعناسان لەوەڵامیدا چوارجۆر بۆچوونیان هەیە:

_بەگشتی: بەڵێ.

_ نەخێر بەهیچ شێوەیەك.

_ بەڵێ ئەگەر پێشەوایەکی موجتەهید دەسنەکەوت.

_ بەڵێ ئەگەر زانی کە شەرعناسی نووسەری کتێبەکەی چۆن حوکمی شەرعیی شتەکانی دیاریکردووە، ئەگەر نەیزانی فەتوای لێوەرناگیرێت.

ئینجا خۆی دەفەرموێ: راستتر ئەوەیە کە تەفسیلی زیاتر بدرێت تا بۆچوونەکان روونبکرێنەوە:

١-ئەگەر فەتواخواز دەیتوانی بگاتە زانایەکی شەرعناس ڕێی نیشانبدات، بۆینییە لەم جۆرە کەسانەوە فەتواوەربگرێت. ئەم کۆلکەفەقێیەش بۆینییە خۆی بە موفتی و شەرعناس بناسێنێت، مادام ئەو زانایە هەیە.

٢-ئەگەر لەو ناوچەیەدا کە فەتواخوازەکەی لێ دەژی، کەسیتری غەیری ئەو (کۆلکەفەقێ)یە دەستنەکەوت، بێگومان وەڵام و ئاڕاستەی کۆلکەفەقێکە وەربگرێت باشترە، وەك لە ئەنجامدانی کارو هەڵوێستێك کە بە بێ حوکمی شەرع دەیکات، یان لەو پشێویەی خۆی تێدادەبینیتەوەو بەکوێریی و نەفامی خۆی بەملاو لادادە بدات! ئەمەی باشترە.. هەر ئەمەش لە توانادایە کە ئەو

کۆلکە فەقێیە بکاتە چاوساغی خۆی.. ئەمە وەکو ئەوەیە کە دەسەڵاتداری ئیسلامی کەسێکی وای دەستناکەوێت کە مەرجەکانی قازی رەسمی تێدابێت، جا بۆ ئەوەی ناوچەکەش بێ قازی نەبێت، ئەم کۆلکەفەقێیەو ئەمسالی ئەم دەکاتە قازی)[١] .

ئەمە بۆچوونی سەلەف و شەرعناسانی ئوممەتە دەربارەی زەمانێك کە ئیمامی ئەعزەم (خەلیفە)ی تێدا نامێنێت، کە لەسەر دانیشتوانی موسوڵمانی هەموو وڵاتێك فەرزدەبێت داوەریی خۆیان ببەنەوە لای زانایان و شەرعناسان، لە پێشەوا موجتەهیدەکان، ئەگەر نەبوون، بۆ شەرعناسیی مەزهەب، ئەگەر نا، بۆ مەلایەك، بۆ فەقێیەك. چونکە فەرمانیشتی خوای گەورە تەعلیماتەو بۆ هەموو ئوممەتەکە هاتووە.. کە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا) المائده/٣٨ واتە: دەستی دزی نێرینەو دزی مێینە ببڕن. هەروەها (الزَّانية وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ) النور/٢ واتە: مێینەی زیناکارو نێرینەی _کە یەکجاریش زینایان کردبێت_ هەر یەکەیان سەد جەلدەیان لێبدەن. ئەمانە فەرمانی خوای گەورەن و بۆ ئوممەتەکە هاتوون. ئوممەتەکەش خەلیفە دەکاتە جێگری خۆی بۆ راپەڕاندنی. وەکو لەفەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (إنَّما الإمامُ جُنَّةٌ) خەلیفە قەڵغانە. (خەلیفە شوانی رەعیەتەکەیەو بەرپرسە لێیان، ئەگەر خەلیفە نەما فەرمایشتەکانی خوای گەورە روودەکەنەوە ئوممەتەکە، ئیتر ئەوانیش یەکێکی شیاو دەکەنە بە بەرپرسی جێبەجێکردنی شەرع و داوەریی خۆیانی دەبەنەلا، یان جێگرو

[١] ئیبنولقەییم: أعلام الموقعين (١٩٦/٤_١٩٧).

نوێنەرەکانی. بۆیە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەفەرموێ: (حەتمەن خەڵکەکە دەبێت حاکمێکیان هەبێت چما دەبێ لێەگەڕێن ماف و خوێن هەروا بەهەدەر بڕوات؟)[١].

تەعینکردن قازی ڕەسمیی فەرزی کیفایەیە، بۆ ئەوەی ماف و ئەرك و دەسەڵاتەکان بپارێزرێن، ئەگەر کەسانێکی شیاو ئەم کارەیان نەگرتەدەست، دانیشتوانی ناچەکە هەموویان گوناحباردەبن. خوای گەورە دەفەرموێ: (يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ) النساء/١٣٥ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، دادپەروەریی پیادەکەن.

-هەروەها (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ) الحديد/٢٥ واتە: ئێمە نێرراوەکانی خۆمانمان بەبەڵگەو نیشانەوە نارد، پەیام و تەرازووشمان لەگەڵدا ناردەخوارەوە، تا خەڵکی دادپەروەریی پیادەبکەن.

شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە رحمەاللە ئاشکراو راشکاوانە ئاماژەی بەمە داوە، کە فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ئەحکام و سزاکان بۆ هەموو ئوممەتەکەیە، بەڵام دەسەڵاتداری خاوەنهێز جێبەجێیدەکات، ئەگەر دەسەڵاتداریی بەهێز نەماو دەکرا خەڵکێکیتر جێبەجێیبکەن، ئەوە لەسەریان فەرزدەبێت، بەمەرجێك خراپەکاریی لێ نەکەوێتەوە. ئیمامی ئیبنوتەیمیە دەفەرموێ: (خوای پەروەردگار بە شێوەیەکی گشتی بەرنامەی بۆ

---

[١] ئەبويەعلا لە کتێبی: الأحكام السلطانية (ل ٢٤ و ٧١) دا هێناوێتیەوە.

ئوممەتەکە داناوەو فەرمانپێکردووە کە دەبێ پیادەیبکات، لەوەی تێدایەتی حوکمی دەستبڕینی دزوسزای زیناو تۆمەتبارکردن و ئەوانیترە:

(وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا) المائده/٣٨ واتە: دەستی دزی نێرینەو دزی مێینە ببڕن.

(الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ) النور/٢ واتە: مێینەی زیناکارو نێرینەی _کە یەکجاریش زینایان کردبێت_ هەر یەکەیان سەد جەلدەیان لێبدەن.

-(وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ..)النور/٤ ئەو کەسانەی داوێن پاکەکان (ژن) بەزیناو داوێنپیسیی تۆمەتباردەکەن و پاشان ناتوانن چوارشاهیدیان لەسەر بهێنن..

-(...وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً...)النور/٤ واتە: تاماون شاهێدیدانیشیان لێ قبوڵمەکەن.

ئەوە بەڵگەنەوویستە کە دەبێت فەرمانپێکراوان توانای جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان هەبێت، چونکە ناتوانا فەرزی لەسەر نامێنێت.. ئەوە ئاشکرایە کە ئەمە فەرزی کیفایەیەو لەسەر بەتواناکانە، (توانا) لە جێبەجێکردنی سزاو ماف و ئەرکدا (دەسەڵاتی سیاسی بەهێز)ە. لەبەر ئەمەیە کە ئەوی سزا شەرعییەکان جێبەجێدەکات خەلیفەو جێگرەکانین.. چونکە جێبەجێکردنی سزا شەرعییەکان وەکو جیهادکردنە، بەڵکو خۆشی بەشێکە لە جیهادکردن. کە خوای گەورە دەفەرموێ:

-(كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ)البقرة/٢٤٦ واتە: جەنگ و جیهادتان لەسەر فەرزکراوە. یان:

-(وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ)البقرة/١٩٠ واتە: لەپێناوی خوادا کوشتار (جەنگ و جیهادبکەن) یان:

-(إِلاَّ تَنفِرُواْ يُعَذِّبْكُمْ)التوبە/٣٩ واتە: ئەگەر لە پێناوی خوادا جەنگناکەن خوای گەورە سزاتاندەدات.

کەوابوو جێبەجێکردنی ئەم فەرمانانە، بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی ئوممەتن، پەیوەستن بە هەبوونی دەسەڵات و هێزەوە، جا دەسەڵاتەکە سوڵتانە (حکومەتی ئەم سەردەمە) یان خاوەن هێزیتر (شۆڕش و حزبی سەردەم).

سوونەت وایە کە موسوڵمانانی دنیا یەك خەلیفەیان هەبێت، دەسەڵاتداری ناوچەکانیتر نوێنەری خەلیفە دەبن لەو ناچانەدا. ئەگەر ئوممەتەکە بە هۆی گوناحکاریی هەندێکەوە لەم ڕێسای یەکبوونە دەچوون، کە هەندێکیان یان ناوچەیەك لە دەسەڵاتی مەرکەزیی خەلیفە یاخیبوو، سەربەخۆ ڕەفتاریکرد، ناوچەیتریش وایانکرد، دەبێ سەرۆکی هەر ناوچەیەك بەرپرسێتی جێبەجێکردنی سزا شەرعییەکان بخاتەئەستۆی خۆی، هەر وەکو کە ماف و ئەرکی هەموو ڕەعیەتەکەی لەئەستۆدادەبێت. لەبەرئەوەیە کە شەرعناسان فەرموویانە: حوکمی دەسەڵاتی یاخیبووان جێبەجێدەکرێت. هەمان حوکمیشە ئەگەر لە ناوچەیەکدا بوون و کۆمەڵ کۆمەڵ پێکەوە بەشداری پێکهێنانی دەسەڵات و هێزەکەیان بەهەموویانکرد .

لەم حاڵەتەدا بە هەموویان ئەحکامەکان جێبەجێدەکەن، هەر وەکو _ئەگەر پێکەوە هاوکارنەبوون_ دەبێت ئەحکامەکان جێبەجێبکەن بەسەر ئەندامەکانیاندا.)[١] .

کەوابوو جێبەجێکردنی ئەحکام و داوەرییکردنی خەڵکی بە پێی شەرع، بەرپرسێتی خەلیفەو جێگرانێتی، ئەگەر هەبوون، ئەگەر نەبوون بەرپرسێتی دەسەڵاتدارانی ناوچەکانن، ئەگەر نا بەرپرسێتی کۆمەڵ و گروپە دەسەڵاتدارەکانە، کە لەسەر ئەو کەسانەی جێبەجێدەکەن کە گوێڕایەڵ و ملکەچیانن، هەر کۆمەڵ و گروپێك لەبەرنەبوونی هێزی تەواو نەیتوانی ئەحکام جێبەجێبکات و داوەریی شوێنکەوتوانی لە دادگای شەرعی خۆیدا بکات، دەبێتە خاوەن عوزر، بەڵام ئەوانیتر کە توانایان هەیە، لەسەریان فەرزدەمێنێت.

**ڕەواندنەوەی گومانێک: (دەبێت حکومەتێک سزاکان جێبەجێبکات):**

(شەرعناسان دەفەرموون ئەسڵ ئەوەیە کە دەسەڵاتداری خاوەنهێز _ئەگەر دادپەروەربوو_ بەرپرسێتی جێبەجێکردنی سزاکانی دەکەوێتەسەر، بەڵام ئەگەر خاوەن هێزبوو بەڵام دادپەروەرنەبوو، سەروەت و سامانی بەهەدەردەدا، نابێت ماڵی هەتیوو زەکاتی لا کۆبکرێتەوە، چونکە ئەویش بەهەدەردەدات، بۆیە دەبێ ئەو سامانانە لە جێیەکیتر بپارێزرێت، مادام دەتوانرێت.. سزاو ئەحکامەکانیش هەر وان، ئەگەر بە دەسەڵاتدارێکی خاوەنهێزی دادپەروەر سپێرران، ئەمە لە جێی خۆیدایە، ئەمما ئەگەر دەسەڵاتدارەکە خاوەنهێزبوو، بەڵام دادپەروەریی

---

[١] مجموع الفتاوى (٣٤/١٧٥_١٧٦).

نەدەپاراست، نابێت جێبەجێكردنی حوكم و سزاكانی بخرێتەبەردەست، چونكە دەیانفەوتێنێت، دەبێت بدرێتە دەست كەسانیتر تا جێبەجێیبكەن، مادام لەتوانادابێت.. ئەسڵی مەسەلە ئەوەیە كە دەبێت بەباشترین شێوەو شیاوترین چۆینەتیی ئەم حوكم و سزایانە جێبەجێبكرێن، ئەگەر ئەمە بە ئەمیرێك دەكرا، پێویستناكات بكرێت بەدووئەمیر.. ئەگەر چەند كەسانێك توانیان بواری جێبەجێكردنیان بۆ بڕخسێنن –بە مەرجێك خراپەیتری لێ نەكەوێتەوە_ فەرزە لەسەریان جێبەجێیبكەن، ئەگەر ترسی ئەوەیان هەبوو كە خراپەكاریی زیاتر لە تاوانی ئەو سزایانە لە دەسەڵاتداران، یان لە خەڵكەكەوە دروستدەبێت، بۆیان هەیە نەیكەن. والله اعلم)[١] .

ئەمانە بەڵگەشەرعییەكان و بۆچوونی ئەو زاناو پێشەوایانەن كە راستیی و دروستیی ئەوە دەسەلمێنن كە جائزە خەڵكی _لە كاتی هەبوونی قازی رەسمیی خەلیفەشدا_ بۆ چارەسەری كێشەكانیان داوەریی خۆیان ببەنە لای داوەر، مادام شیاوی داوەرێتی و حوكمدەركردن بێت. ئیبنولمونزیر كۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەتی لەسەر ئەمە هێناوەتەوە. ئەوەش راستە. بەڵگەو بۆچوونی زانایان جەخت لەسەر فەرزێتی ئەوە دەكەنەوە كە لە زەمانی نەمانی خەلیفەو خیلافەتدا دەبێت موسوڵمانان لەناو خۆیاندا رێكەون كە داوەریان ببەنە لای كەسێك، كە شیاوی داوەرێتی بێت، تا بەپێی شەرع كێشەكانیان چارەسەربكات.

---

[١] مجموع الفتاوى (٣٤/١٧٥_١٧٦).

ئەمە بەرپەرچدانەوەیەکی حەق و زانستیانەی مامۆستای دانەری کێبی (البیعة بین السُّنة والبدعة) یەکە ئەرکی سەرشانی ئەویش و خەمخۆرانی بانگەوازی ئیسلامە، کە زیاتر بە خەمی شەرعەکەوە بن و موسوڵمانان بانگهێشتبکەن بۆ داوەرییبردنەوە لای شەرع، نەك ڕێگرتن و ساردکردنەوەیان لێی.

داوەرییبردنە لای شەرعناسێك، فەرزی سەرشانی موسوڵمانانە، مادام بواریان هەبێت، ئەمەشیان بۆ دنیاو قیامەتیان چاکترە، وەك لەوەی داوەریی ببەنە لای طاغووت و یاسا کوفرینەکان، کە سایەی قورسی بەسەر زۆرینەی موسوڵمانانی ئەمڕۆدا کشاوەو موسوڵمانانێکیش لەژێر ئەو سایە نامۆیەدا ماف و سامانی یەکتریی بە ناحەق هەڵدەلووشن.. خوێن و مافی یەکتریی حەڵاڵدەکەن!! زۆر بەداخەوە کە لە بێتەقواییاندا بەسەرکەوتن و (بردنەوە)ی دەزانن!.

**لە وڵاتانی کوفردا چۆن موسوڵمانان داوەریی خۆیان ببەنەوە لای شەرع؟**

لەو وڵاتانەدا کە یاسای کوفر تێیدا دەسەڵاتدارە، فەرزە لەسەر موسوڵمانان ـبەپێی توانایان- داوەریی خۆیان ببەنەوە لای شەرع.. خوای گەورە فەرمانی تەئکیدو توندی بەمە کردووەو ئەوی نەیکات لەریزی کافراندا دایدەنێت: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ) النساء/٦٥ واتە: سوێندبێت بە خوای پەروەردگارت، ئەوانەی ـکە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ناوخۆیانـ جەنابت ناکەنە داوەر، موسوڵمان نین!.

ئەمە چوار خاڵ لەخۆدەگرێت:

١-داوەرییبردنە لای شەرع لەسەر کێ فەرزە؟.

٢-سیفەتی ئەو کەسەی داوەرێتی دەبرێتەلا چییە؟.

٣-داوەرییکردن لە چ جۆرە کێشەیەکدا دەکرێت؟.

٤-ئەوی بۆ داوەرێتی شەرع بانگدەکرێت و ناچێت!.

**بڕگەی یەکەم: داوەرییبردنەلای شەرع لەسەرکێ فەرزە؟**

داوەرییبردنە لای شەرع فەرزی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکە، ئەمە بەڵگەنەویستێکی زانراوە، هەموو موسوڵمانێك قەناعەتی وایە کە ئەگەر ناکۆکیی لەگەڵ خەڵکیتردا بۆ دروستبوو دەبێ بگەڕێتەوە سەرشەرع، تا بزانێت یەکلاییکردنەوەو حوکمی ڕەوای شەرع تێیدا چۆنە، ئەم داوەرییبردنەوە لای شەرع لە بنەماکانی ئیمانداریتیی و موسوڵمانبوونە! بەڵام ئەوەی دەمەوێ لێرەدا جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە، کە ئەوە لەسەر سەرکردایەتی کۆمەڵ و کۆمەڵەو دەزگا ئیسلامیەکان فەرزە. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ (كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْؤول عَنْ رَعِيَّتِهِ) متفق عليه[١] واتە: هەمووتان شوانن (سەرپەرشتیارن) هەمووشتان لە شوێنکەوتووەکانتان بەرپرسیارن. لەسەر ئەمیری کۆمەڵە ئیسلامییەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی و قسەڕۆیشتووەکانیان فەرزەو زەروورییە ئەوە بەهەند وەربگرن، کە بە هندامان و شوێنکەوتووانی خۆیان بڵێن و فەرمانیانبدەنێ کە بەم ئەرکە شەرعیەوە

---

[١] بوخاری (٨٥٣)، موسلیم (١٨٢٩).

پابەندبن، پەیماننامەو پەیڕەووپرۆگرامی ناوخۆ پێویستە ئەم فەرزەی بە ڕۆشنی تێدابێت و ئەندامان بەیعەتبدەن کە پێوەی پابەندبن. ئاوا شوێنکەوتووەکان سەرڕاستانەو جیددیتر دەڕواننە فەرزێتی داوەریبردنەوە لای شەرع ، کە دەبینن لە سێ لاوە لەسەریان فەرزبووە:

١-بە پێی خودی شەرع فەرزبووە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ) النساء/٦٥ .

٢- بەپێی بەیعەت و گرێبەستی ڕێکخستن فەرزبووە. خوای گەورە _دەرهەق بە زەرووڕەت و فەرزێتیی پابەندبوون بە هەموو گرێبەستێکەوە_ بە موسوڵمان دەفەرموێ: (وَأَوْفُواْ بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْؤُولاً) الاسراء/٣٤ واتە: بەڵێن ببەنەسەرو پێوەی پابەندبن، بەراستی پەیماندان مەسئوولیەتێکی گەورەیە.

٣-بە پێ ئەندامێتی، گوێڕایەڵێتی ئەمیر فەرزە. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (أطِيعُواْ اللّهَ وَأَطيعُواْ الرَّسُول وَأُولِي الأمر مِنكُمْ)النساء/٥٩ واتە: گوێڕایەڵی خوای گەورە بکەن، گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ و کاربەدەستانی خۆتان بکەن، کە لە خۆتانن.

ئەمە، کە لەسەرکردایەتی کۆمەڵە ئیسلامیەکان فەرزە، لەسەر هەموو قسەڕۆیشتوویەکی تری وەك سەرۆك عەشرەت فەزرە، ئەوانیش دەبێ خۆیان و عەشرەتەکەشیان بە داوەریبردنەوە لای شەرع پابەندکەن.

**بڕگەی دووەم: سیفەتی ئەو کەسەی داوەڕێتی دەبرێتە لا:**

ئەو کەسەی دەکرێتە داوەری یەکلاییکردنەوەی کێشەی ناوخۆی موسوڵمانان، پێویستە شیاوترین بێت، ئەگەر دەسنەکەوت شیاوتر، ئەگەر نا، شیاوێك، کە لە ئەسڵدا دەبێت شارەزای شەرع و چۆنیەتی داوەیی و بیرتیژو ئازاد بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئیجتیهادبکات، واتە وا بێت لە دەرکردنی حوکمدا باش سەریدەرچێت، چونکە عەمری کوڕی عاص خوای لێی رازی بێت گێڕاوێتیەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ) متفق علیه[١] واتە: ئەگەر داوەر (حاکم) ئیجتیهادیکرد پاشان بڕیاریداو پێکای، ئەوە دوو پاداشتی هەیە.. ئەگەر کەسێکی لەم جۆرە موجتەهیدە دەسنەکەوت، داوەریدەبرێتە لای زانایەکی مەزهەب، ئەگەر دەسنەکەوت لای مەلایەك، ئەگەر نا، فەقێیەك. هەر وەکو کە دیمان ئیمامی وەکو جوەینی و ئیبنوتەیمییەو ئیبولقەیم ڕەحمەتیان لێ بێت جەختیان لەسەر ئەو ئاستبەندییکردنە کردەوە.

ئیبنوفەرحوونی مالیکی دەفەرموێ: (لەخمی دەیفەرموو: دەشێت داوەریی ببرێتە لای داوەرێکی دادپەروەری موجتەهیدی شەرعناس، ئەگەر دەسنەکەوت، بۆ لای عەوامێك، کە ڕێنمایی خۆی لە شەرعناسان وەردەگرێت، ئەگەر بڕیارێکی دەرکرد – بێئەوەی پرسوڕای شەرعناسان بکات– حەقیش بپێکێت هەر لێی وەرناگیرێت، چونکە ئەمە خۆفڕێدانە ناو دژواریی و مەغرووربوون و چەواشەکارییە) .

---

[١] بوخاری (٦٩١٩)، موسلیم (١٧١٦).

دەبێ ئەوە باش بزانین عەوام لە پێناسەی شەرعناساندا لەسەرو ئێمە مانانەوەن[١]، ئەو مەلایانەن کە شارەزای شەرع و ئوصول و زانستیە شەرعییەکانن، بەڵام هەر لە بازنەی مەزهەبی خۆیاندا ماونەتەوە.. کە لە بەڵگەی مەزهەبەکەی خۆی توێژییەوەو فێری بەراووردی مەزهەبەکان بوو، لە عەوامێتی دەردەچێت و دەچێتە یەکەم ئاستی زانایانەوە.. ئەوە عەوامە نەك ئەوانەی کە مەلای کورد پێیان دەڵێن: عەوام. واتە نەخوێندەوارانێک کە نازانن شەرع چییە .

کەوابوو داوەریی دەبرێتە لای زاناترین، پاشان لای زاناتر، ئەگەر نەبوو، لای زانای شەرعناس، هەتا لە توانادا بێت ئەم ڕیز بەندییە رەچاودەکرێت، ئەگەر کەسی لەوانە دەستنەکەوت، فەرزەکەی هەر لەسەر دەمێنێت، تا دەگاتە فەقێیەك، ئەگەر نەبوو، داعییەکی خواناس دەکاتە داوەر.

بەرپرسێتی گەورەی ئەم کارە _کە لەسەر موسوڵمانانە بە گشتی_ لەسەر سەرکردایەتی کۆمەڵە ئیسلامیەکان فەرزێکی تایبەتی گەورەترە، لەسەر ئەمەشەوە مەسئوولن لەوەش کە دەبێت بە قەدەر ژمارەی پێویستی ڕێکخراوو ناوچەکانیان شەرعزانی شیاوی داوەرێتی پەروەردەبکەن، هەر کەسێکیان لە شوێنکەوتووانی خۆیان بینی ووریاو زیرەك و زیتەو حەزی لە خوێندنی شەرعە، پێویستە ڕێی خوێندنی شەرعی بۆ ئاسانبکەن و مەسروفی قوتابیانی شەرع

---

[١] ئەمە قەولی نوسەری بەڕێزە کە خاوەن عەقیدەیەکی راست و حافزقورئان و شارەزای فەرموودەوانی و شەرعناس و زمانەوانە! جگە لە زانستی سەردەم کە راوێژکاریی پزیشکیشە. دەبێ ئێمەمانان لە کوێی ریزی ئەو عەوامانەدابین؟!

بکێشن و مووچەی پێویسیان بۆ ببڕنەوە، تا بە تەواویی بۆ خوێندنەکەیان لێببڕێن و موتەفەڕیغ ببن.

**بڕگەی سێیەم: لە چ جۆرە کێشەیەکدا داوەریی دەکرێت؟.**

بۆچوونی پەسەند کە بەڵگەپشتی دەگرێت، ئەوەیە کە داوەریی لە هەموو جۆرەکێشەو ناکۆکیەکی نێوان موسوڵماناندا دەکرێت:

١-ریوایەتەکەی ئەبوشورەیح خوا لێی ڕازی بێت کە پێشتر لە ئیبنوقودامەو ئیبنوضویانەوە نەقڵمانکرد _کە شێخی ئەلبانیش بەسەحیحی داناوە لە: (الارواء/ ژ ٢٦١٥)_ کە تێیدا دەفەرموێ: (إِنَّ قَوْمِي إِذَا اخْتَلَفُوا فِي شَيْءٍ أَتَوْنِي، فَحَكَمْتُ بَيْنَهُمْ، فَرَضِيَ كِلا الْفَرِيقَيْنِ، فَقَالَ: مَا أَحْسَنَ مِنْ هَذَا)[١] واتە: ئەی پێغەمبەری خوا خزمەکانم کە ناکۆکیەکیان لەسەر شتێك تێدەکەوێت، دێنە لای من تا داوەرییانبکەم، منیش حوکمیاندەدەم و هەردوو لایەنیش ڕازیدەبن، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئای کە شتێکی چاکە.. ئەمە شێوازێکی گشتیەو هەموو جۆرە (شت)ێك دەگرێتەوە، کە خەڵکی ناکۆکیان تێدەکەوێت لەسەریی. (شیء) نەکیرەیەو لە دوای (اذا) هاتووە،کە لەڕێسای ئوصولی زمانەوانییدا پێیدەوترێ: (النكرة في سياق الشرط).

---

[١] ئەبوداوود (٤٩٥٥)، نەسائی (٥٧٣٦)، حاکم (٧٨١٢)، بەیهیقی (١٩٨٨٤). شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١٩٣٩ )و لە (أرواء الغليل ب٨/ ژمارە ٢٦١٥ )دا دەفەرموێ: سەحیحە.

٢-داوەریهێنانی جوولەکەکان بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە سزای ڕەجمکردندا، داوەرییکردن و حوکمەکەشی دەرکرد.

کەوابوو داوەرییکردنی ناو موسوڵمانان خۆیان، لە هەموو کێشەو ناکۆکییەکە کە لە نێوانیاندا ڕوودەدات، ئەمەش حوکمی گشتی ئەو موسوڵمانانەیە کە لە وڵاتێکدا دەژین کە شەرع حوکمیناکات، هیچ سنورێك بۆ جۆری کێشە دیارینەکراوە، مەگەر ئەوەی کە ئیبنوتەیمییە رحمەالله دەفەرموێ: (ئەسڵی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە دەبێت بە باشترین شێوەو شیاوترین چۆنیەتیی ئەم حوکم و سزایانە جێبەجێبکرێن. ئەگەر ئەمە بە ئەمێریك کرا پێویستناکات بخرێتە بەردەست دووئەمیر، ئەگەر چەند کەسانێك توانیان بواری جێبەجێکردنی برەخسێنن، بێئەوەی خراپەکاریی زیاتر لە تاوانەکەی لێ بکەوێتەوە، ئەوا فەرزە لەسەریان ئەنجامیبدەن) .

ئەگەر زانرا داوەرییکردن و حوکمدەرکردن و جێبەجێ کردنی سزا شەرعییەکان دژواریی دروستدەکات، دەشێت جۆرەکانی تری کێشەو سزاکان بخرێنە بەردەست، وەکو کێشەو ناکۆکی پارەو سامان، یان ماف و بەرپرسێتی، یان مارەیی و تەڵاق و هاوشێوەکانیان.. هەموو ئەمانە دەکەونە ناو بازنەی ڕێساخواییەکەوە، کە دەفەرموێ: (فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ)التغابن/١٦ هەروەها بەر ڕێسا شەرعیەکەی: (المیسور لایسقط بالمعسور) واتە: گران، ئاسان کەنارنادات. ئەمەی کە ووتمان شێخی ئیمامان عیززەدینی کوڕی عبدالسلام رحمەالله بە شێوەیەکیتربدایڕشتۆتەوە: (هەر کەسێك داوای کاری

خێرو چاكەی لێكرا، توانای ئەنجامدانی هەندێكیانی هەبوو، ئەوانە ئەنجامدەدات كە توانای بەسەریاندا هەیەو لەوانیتردا خاوەن عوزرە) .

**بڕگەی چوارەم: نەهاتنەوە لای شەرع بۆ داوەرییكردن، حەرامە:**

بۆ هیچ كەسێك جائیز نییە بۆ لای شەرعی خوا بانگبكرێت ـبۆ یەكلاییكردنەوەی ناكۆكیەكانیـ نكوڵیبكات و نەیات. خوای گەورە ئەو پشتهەڵكردنەی بەسیفەتی دووروو (مونافیق)ان باسفەرمووە: (وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَىٰ مَا أَنزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا) النساء/٦١ واتە: كە پێیان دەوترێت: وەرن داوەریی بهێننەوە لای قورئانەكەی خوا، دەبینیت دووڕووەكان بەربەست بە رووتدا دادەنێن و ڕێتلێدەگرن! هەروەها دەفەرموێ: (وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم مُّعْرِضُونَ وَإِن يَكُن لَّهُمُ الْحَقُّ يَأْتُوا إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ أَفِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَمِ ارْتَابُوا أَمْ يَخَافُونَ أَن يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُ بَلْ أُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) النور/٤٨-٥١ واتە: كاتێك لە داوەرییاندا بۆ حوكمی خواو پێغەمبەرەكەی بانگدەكرێن (تا بەقورئان و سووننەت حوكمبكرێن) كۆمەڵێكیان پشتهەڵدەكەن و نایانەوێت، (چونكە دەزانن لەسەرحەق نین)، ئەگەر بزانن لەسەرحەقن بە گوێڕایەڵییەوە ملكەچی بۆ داوەرییەكە دەردەبڕن! ئەریٚ ئەوانە دڵیان كرمێیە؟ یان گومان دڵی داڕزاندوون؟ یان لەوە دەترسن خوای گەورە پێغەمبەركەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕەوایانە حوكمیان بەسەردا

نەدات (حاشا) نا، لەراستیدا ئەوە لەبەر ئەوەیانە کە خۆیان دەستدرێژو ستەمکارن..

ئینجا داوی باسکردنی دیدو باوەڕو هەڵوێستی دووڕووەکان، کە ناشیرین و دزێوو ناقۆڵایە، نموونەی جوانی ئیماندارانە دەخاتە پێشچاو، تا ئیقتیدای پێبکرێت.. دەفەرموێ : ئەمما دیدو هەڵوێست و قسەی موسوڵمانان - کاتێك کە بانگدەکرێن بۆ داوەرییکردن و ساغکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان بەپێی حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (بە پێی قورئان و سوونەت) ئەوەیە کە یەکسەر رادەگەێنن: کە گوێڕایەڵیین و ملکەچین. ئا ئەوانە سەرفرازن..

کەوابوو داوەرییکردنی موسوڵمانان و چوونەوەیان بۆ لای شەرع، بۆ چارەسەری کێشەکانیان و توخننەکەوتنی دادگاو داوەری کافران، فەرزە. ئێمە داوای سەرەکییمان لە موسوڵمان ئەوەیە کە دژواریی ئەم مەسەلە عەقائیدیەیان لەبەرچاو بێت و خۆ بە شەرعی ئیسلامەوە (یاسادارڕشتن و حوکمپێکردن و داوەرییبردنە لای) پابەندبکەن، تا دەتوانن کێشەکانیان لەناوخۆیاندا چارەسەربکەن، کە لە توانادانەبوو با لە سەروەت و سامانیاندابێت،ئەمە لە بازنەی (توانای تەقواو دینداریدایە) هەروەها لەسەر رێسای ئوصوڵی (الميسور لايسقط بالمعسور) کاری سەخت ئاسانەکان لانادات. ئەمە کە عیززەدینی کوڕی عبدالسلامی گەورە پێشەوای مەزهەبی شافیعی کە پێیدەوترێت (سلطان العلماء) بەم شێوەیە دایڕشتۆتەوە: (هەر کەسێك داوای ئەنجامدانی خواپەرستیی و خێرکاریی لێکرا، ئەگەر توانی هەندێکبکات و

نەیتوانی هەندێکیتری بکات، ئەوە دەکات کە دەتوانێت، لەوەدا کە ناتوانێت دەبێتە خاوەن عوزر) ئەم ڕێسایە لەو فەرمایشتەی خوای گەورەوە وەرگیراوە، کە دەفەرموێ (فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ) التغابن/١٦ واتە: ئەوەندەی دەتوانن تەقواکارییبکەن و لەخوابترسن. هەروەها لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کە دەفەرموێ: (وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ)متفق علیه[١] واتە: ئەوەی کە فەرمانمپێداون ئەوەندەی لێ جێبەجێبکەن کە دەتوانن.. لەوەی لە توانای خەڵکدایە: بۆ نموونە زەکاتدەرکردن، ئەگەر حاکمیش فەرمانی پێنەداو کۆینەکردەوە، هەروەها هەقی خوێن و بریندارکردن و کەفارەتدان و هاوشێوەیان، کە دادگای کوفر بۆ کەسی وەرناگرێتەوە. دیسان بەرهەڵستیکراوەکانیش هەر وان، سوو حەرامە، بەڵام لە یاسای کافراندا حەڵاڵەو موسوڵمان بۆی نییە بیخوات، یان کڕین و فرۆشتن بە پارەیەك کە لە داهاتوودا بدرێت، لە داهاتووشدا نرخی پارەکە دەگۆڕێت، شەرع حساب بۆ ئەو پارانە ناکات، شەرع زێڕو زیوو دەکاتە بنەمای نرخ و ئامێری کڕین و فرۆشتن.. بۆ نموونە کابرایەك پێش سی ساڵ لەمەوبەر هەزار دیناری لێ قەرزکردوویت، ئەو کاتە نرخی زێڕ (ئاڵتون) وەکو ئێستا نەبوو، خۆ ناشێت تۆ ئێستا هەر هەزار دینارەکە وەرگریتەوە، کە ناکاتە دەیەکی نرخی ئەمڕۆی زێڕ.. ئەو کات گرامیك زێر بەسەد دینار بووبێت، قەرزەکە دەیکردە دەگرام زێڕ، ئێستا یەك گرام دەکاتە هەزار دینارەکە، ئەگەر هەر هەزارەکەت بداتەوە یەعنی یەك گرام زێڕی داویتەوە، نۆگرامی خواردووە! شەرع چۆن بەمە رازیدەبێت؟ ڕەنگە هەزارەکەی

[١] بوخاری (٦٨٥٨)، موسلیم (١٣٣٧).

ئەوسا ئێستا دەهەزار دینار بکات. هەروەها بە پێچەوانەوە، ئەگەر قەرزت بە لیرەی تورکی دابێت ئەو زەمانە _لەبەر کەمنرخی_ سێ سفری نە دەخوێندرایەوە، خۆ ناکرێت ئێستاش هەر هەمان بڕ بدرێتەوە، بەڵکو توانای کڕین (القدرة الشرائية)ی پارەکە حسێبدەکرێت.

پارەی ئێستا لەشەرعدا خۆی لەخۆیدا نرخی نییە، نرخەکەی وا لە توانای کڕینی بڕە زێڕ یان زیوودا.. ئەمەشە کە موسوڵمان کاتی زەکاتدانی حسابی دەکات.

ئەم حساباتە مانای ڕێدان نییە بە وەرگرتنی پارەی بانق، کە سووەو حەرامەو لە ریزی گوناحە هەرەگەورەکانە. هەروەها راسپاردە ناگرێتەوە. تۆ هەزار دینارت لای کەسێك داناوە ئەو بۆی هەڵگرتوویت، دوای چەندین ساڵ هەر وەکو خۆی دەتداتەوە، بە بێکەم و زیاد. شێخ ئەحمەد زەرقا لە کتێبەکەیدا (شرح القواعد) توێژینەوەی ئەمەی کردووەو فەرموویەتی ئەمە بۆچوونی ئیمامی ئەبویوسفە.

لەسەرەتامەوە ئامۆژگاریی و بیرخستنەوەی موسوڵمانانم هەر وا کردووە کە دەبێ ئەوەتان لا بەڵگەنەوویست بێت کە خوای گەورە دەسەڵات ناداتە دەست موسوڵمانان تا بەراستی بۆ خوای گەورە ساغنەبووبنەوەو شەریعەتە پاکەکەییان وەرنەگرتبێت و داوەری خۆیان نەبەنەوە لای، هەرچەند بارودۆخیان قورسبێت، هەرچەند تین و فشاریان لەسەربێت. رێی هەندێك داوەریان لەلای شەرعناسان هەر دەمێنێت. گرنگ ئەوەیە لەسەری رابێن و قەدری داوەریی شەرعناسی بگرن، چونکە خوای گەورە لە خۆڕا موسوڵمانان

هەر وا سەرناخات. سەرخستنیان بەپێی ڕێسای نەگۆڕی خۆی پێدەپەخشێت، وەکو (إِنَّ اللَّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمْ)الرعد/١١ واتە: خوای گەورە ئەوەی لە قەورمێکدا هەیە، نایگۆڕێت تا خۆیان نەیگۆڕن.

لە داوەرییبردنەوە بۆ لای شەرع _لەم زەمانەدا_ موسوڵمان سوودی زۆر بەخودی شەرعەکەش دەگەیێنێت، بەوەی بەنوێیی رادیگرێت، ڕێساکانی بۆ حوکمی تازە زیندوودەکاتەوە، بە پێچەوانەی وویستی طاغوتانەوە کە دەیانەوێت لە گۆشەو کەناری بیرچوونەوەدا گیریدەن و نەهێڵن ببێتەوە بە ئەحکامی واقیعی ژیانی موسوڵمانان.

هەموو ئەمانە پێشەکی هاتنەوەی حوکمی ئیسلامین.

لەبەرامبەریدا یاسا طاغووتییەکان کوفرن، کوفری گەورەن و بکەریان: (داڕێژەرو حوکمپێکەرو داوەرکارپێیان) لە دین و ئوممەتی ئیسلام دەچێتە دەرەوەو پێی کافردەبێت.

هەر کەسێك بە سەربەستیی و سەرپشکانە بچێتەبەردەم دادگای کوفر، تا بە یاسای کوفرینیان حوکمی بکەن، وەکو ئەوان کافردەبێت.. کافری یاسا زۆر گەورەیە، دژوارە، خراپە، بۆیە لاوازترین پلەی ئیمانداریی موسوڵمان بوغزاندنی ئەم یاسایەنەو ئەهلی ئەم یاسانەیە، کە لانیکەم بەدڵ دەکرێت، لەگەڵ هەوڵدان بۆ گۆڕینیی، بۆ لادان و رادانی، پێویستە موسوڵمانان خۆ لەو دادگایانەی کوفر دابڕن، لە یاسایان، لە داوەرییان، لە ئامادەبوونی حوکم و

شاهیدیدان لێیان. موسوڵمان پێویستە تەبەڕابوونی خۆیان لێ راگەیێنێت، نەك بچێتە کۆلیژی یاسا!! و بخوێنێت، تا ببێتە پارێزەرو داوەری کافر!!.

ئەمما نکوڵیکردن و بەرهەڵستیکردنی ئەم کوفرە گەورەیە بە زمان، ئەوە بەشێکی بەم جۆرە نووسینانە دێتەدیی..

ئەمما نکوڵیکردن و بەرهەڵستیکردنی و گۆڕینی بە دەست و لادانی داڕێژەرو حوکمکار پێیان ،ئەوە رەنجێکی زۆرتری دەرێت، لە بونیاتنانی هێزو مەشق و پێداوویستی بەربەرەکانێ.. خوای گەورەش یارمەتیدەری موسوڵمانان بێت ئامین.

**لاباس: جیاوازی نێوان حەکەم (داوەر) وقازی، یان قازی شەعبیی و قازی رەسمیی:**

١-قازی دەبێت خەلیفە یان دەسەڵاتداری باڵای ئیسلامی، یان جێگرو نوێنەری دایبنێن، بەڵام داوەری نێوان خەڵکی (حەکەم) رەزامەندی دەسەڵاتداری سیاسی ئیسلامی ناوێت، چ خەلیفە، چ جێگرو والیەکانی..

٢-قازی شەعبیی ناتوانێت بە بێ رەزامەندیی دوولایەنە ناکۆکە، کێشەکە داوەرییبکات، بەڵام قازی رەسمیی تەعینکراوی خەلیفەو جێگرو نوێنەرەکانی داوەریی لایەنە ناکۆکەکان دەکەن، پێیان خۆشبێت یان نا، رازیبن بە قازییە رەسمییەکە یان نا.. قازی رەسمیی دەتوانێت ناچاریان بکات بێتە دادگا، یان بنێرێت و بیانهێنن، مادام ئاگادارکراونەتەوە.

٣-قازی شەعبیی بە دوای راپەڕاندنی حوکمەکەیدا ناچێتەوە، بەڵام قازی رەسمیی خەلیفە سوورە لەسەر ج بەجێکردنی داوەرییەکەی و ماف و دەسەڵاتی پرسینەوەی هەیە..

-بەڵام هەر دوو داوەرەکە (حەکەم و قازی) مەرجەکانی داوەرییان دەبێت تێدا بێت، بۆیە بڕیاری هەردوو لایان لایەنە ناکۆکەکان بە بڕیارەکانیانەوە پابەنددەکەن، بەڵام ئەوە هەیە کە قازی رەسمیی بۆی هەیە هێزی پۆلیس بەکاربهێنێت بەڵام قازی شەعبیی ئەوەی نییە..

## باسی چوارەم

## فرەکۆمەڵکاریی موسوڵمانان

مادام کۆمەڵکاریی لەم زەمانەدا بۆ سەرخستنی دینەکە فەرزەو دوورەپەرێزیی و گۆشەگیریی خزمەت بە ئیسلام ناکات، ئەدی هەڵوێست لە زۆربوونی کۆمەڵە ئیسلامیەکاندا چ دەبێت؟ موسوڵمان لەگەڵ کامیاندا کاربکات؟ زۆرجار ئەم پرسیارەم لێدەکرا، لێرەدا وا وەڵامێکی پوخت و بەسوود دەدەمەوە، تا سوودێکی گشتی بەرفراوانتر لەخۆبگرێت. جیهادکردن لەم زەمانەدا لە هەموو ئەرکێك لەپێشترە، کە گومانی تێدانییە سەرکەوتنی دینی خوای پێوەیە، قوتارکردنی ئوممەتی پێوەیە لەو زەلیلییەی کە سەرجەم گەلانی تێیکەوتوون، هاتنەوەی خیلافەتی ئیسلامی پێوەیە کە هەموو موسوڵمانانی کەمتەرخەم لە هێنانەوەیدا گوناحبارن، کە دەبێت نەمرێت و بەیعەتی لە گەردنتدابێت! وەکو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ (مَنْ مَاتَ وَلَيْسَ فِي عُنُقِهِ بَيْعَةٌ مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً )[١] واتە: هەر کەسێك بمرێت و بەیعەتێکی لە گەردندا نەبێت، ئەوە بە مردنێکی جاهیلیانە مردووە.

مەبەستیش لەم بەیعەتە بەیعەتی خەلیفەیە (وەکو لەشوێنی خۆیدا باسکراوە) جیهادکردنیش لە کتێبی (دیدڕوونی)دا بەتەفسیل باسکراوە. ئەمە ئەو فەرزەیە کە ئێستا کاتی کەمی ماوەو ئەرکی موسوڵمانە بەجێی بهێنێت. هەر

---

[١] موسلیم (١٨٩٥)، فتح الباری (٦٦٤٥).

کۆمەڵێك بەرنامەی وا نەبێت هەڵەیەو کەمترخەمە. با هەندێ ئەرکیتری دینەکەش راپەڕێنێت.[١]

کەوابوو پێویستە لەسەر موسوڵمان ئەو کۆمەڵە سەرخات و پشتیوانی لێبکات کە لە پێناوی خوای گەورەدا جیهاددەکات، دەتوانێت هاوکاریی کۆمەڵە ئیسلامیەکانیتریش بکات، بەڵام بەدوو مەرج: یەکەمیان: هاوکارییکردنەکەی نەکاتە بەهانەی وەلکردنی جیهادەکەو ساردبوونەوە لێی، دووەمیان: هاوکارییکردنەکەی لەگەڵ سەرخستنی کۆمەڵە جیهادییەکەدابێت، نەك لەسەر حسابی ئەمیان. زەروریشە بەردەوام ئامۆژگاریی ئەندامانی کۆمەڵەکانیتر بکات، تا یارمەتی جیهادییەکە بدەن و پشتیوانیلێکردنیان بەفەرزی کات بزانن. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ)المائدە/٢ واتە: هاوکاریی و یارمەتی یەکتریی لەسەرخێرو چاکەو دینداریی بکەن، لەسەر گوناح و دەستدرێژیی هاوکاری یەکتریی مەکەن.

ئەو کۆمەڵە ئیسلامیانەی جیهادی نین فرەبوونیان رێپێدراوە، (ئەمە لەبابەتی بەیعەتدا باسکراوە) مەگەر لە رقەبەرایەتی یەکتریدابن و زیان بەیەکتریی بگەیێنن.. ئەمما ئەو کۆمەڵانەی رێبازی جیهادیان گرتۆتەبەر فرەبوونیان حەرامە، چونکە جیهاد بەکۆمەڵێکی خاوەن هێزی یەکگرتوو دەکرێت. بەڵگە لەسەر رێنەدان، یان حەرامبوونی فرەکۆمەڵکاریی جیهادیی زۆرە، لەوانە: ئایەتی

---

[١] بڕوانە: کۆسپی شەشەمی شەیتان کە بریتییە لە مەشغووڵکردنی عەبد بە کردەوە چاکەکانەوە تا چاکترینیەکان وەلکات، کە لە (مدارج السالکین ٢٢٦.٢٢٢/١) ی ئیبنولقەییمەوە نەقڵکراوە.

(وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ)ال عمران/١٠٣ واتە: بەدینەکەی خواوە دەستەجەمعی پابەندبن و تەفرەقەتان تێنەکەوێت. هەروەها: (وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولئِكَ لهُمْ عَذَابٌ عَظيمٌ) ال عمران/١٠٥ وەکو ئەوانەتان لێ نەیات کە دوای ئەوەی نیشانەو بەڵگەو ڕێنمایی خوایان بۆ هات ناکۆکبوون و تەفرەقەیانتێکەوت، سزاو ئەشکەنجەی گەورەو بەژان بۆ ئەوانەیە.. پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لاضررَ ولاضرار)[١] واتە: نەزیان لێکەوتن و نەزیانگەیاندن.

چ زیانێك لە موسوڵمانان و کۆمەڵی جیهادیان دەکەوێت ئەگەر بووبوون بەدەیان کۆمەڵی جیهادییەوە؟ هێزو توانای جەنگی دوژمنانیان چۆن بۆ

---

[١] نووسەر: دارەقوطنی لە ئەبوسەعیدەوەو حاکم هەر لەوەوەو زیادەیەکیشی هەیە کە دەفەرموێ: (من ضار ضره الله، ومن شاق شق الله عليه) ووتم (نووسەر دەفەرموێ): لە حوکمی ئەم فەرموودەدا راجوێبوون. لە چەندین یاوەرەوە گێڕراوەتەوە. زەیلەعی هەمووی لە (نصب الراية ٣٨٦.٣٨٤/٤)دا هێناوەتەوە بێ ئەوەی حوکمی سەنەدەکەی بدات. بەڵام ئەوانەی حوکمیان لەسەر سەنەدەکەی داوە: هەندێکیان فەرموویانە: لە لایەنی سەنەدو دەقییەوە لاوازە، مورسەلە، هەروەکو کە ئیمامی مالیک بە مورسەلی لە یەحیای ماوەنییەوە گێڕاوێتییەوە، ئیبنوحەبدولبەڕیش وایفەرمووە. هەندێک توێژەرەوەش _وەکو ئیبنوصصەلاح و نەوەویی و ئیبنورەجەب فەرموویانە کە بە بزۆریی ڕێگاکانی ریوایەتکردنەکانی بەهێز دەبێت و دەبێت بە حەسەن. (جامع العلوم والحكم ل ٢٦٦)، حاکم دەفەرموێط: بە پێی مەرجەکانی موسلیم سەحیحە، بەڵام ئەلبانی رەتیکردۆتەوەولە (إرواء الغليل تخريج أحاديث منار السبيل ٤١٤.٤٠٨/٣ ژمارە٨٩٦)دا بە سەحیحی داناوەو ئاماژەشی بەوە کردووە کە المناوي لە (فيض القدير) و نەوەوی لە حافظ حەلائییەوە هێناویانە کە سەحیحە.

دەمێنێتەوە؟ کە ئاشکرایە هۆکاری هێزی موسوڵمانان _دوای ئیمان_ یەکریزیی خۆیانە، سەخستنی یەکترە، بە پاڵنەری وەلائی ئیمانەکە، کە هەموویانی کۆکردۆتەوە. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) التوبه/٧١ موسوڵمانان (ژن و پیاویان) خەمخۆری یەکترن، بەتەنگ یەکترییەوە دێن، فەرمان بەچاکە دەکەن و بەرهەڵستی لەخراپە دەکەن، نوێژدەکەن و زەکاتدەدەن، گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکەن، ئەوانە خوای گەورە لە داهاتووی نزیکدا ڕەحمیان پێدەکات. بەراستی خوای گەورە بە دەسەڵات و دانایە..

سەرنجبدە ئایەتەکە، فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستیکردنی لەخراپە خستۆتەپێش نوێژکردن و زەکاتدانەوە! چونکە فەرمانکردن و بەرهەڵستیکردنەکە هێزو توانا دەخوازێت، کە حەتمەن لە زۆربوونی موسوڵمانان و بەگەڕخستنی هەموو ووزەیاندا دێتەدیی، بەهاوکاریی و پشتگیریی یەکتریی بەهێزدەبن. لەبەرئەوەی باسەکە فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی لەخراپەیە، وەلائە ئیمانیەکەی پێشخستووە! ئەمەش وەکو ئایەتی: (وَالَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ) الانفال/٧٣ واتە: ئەو کەسانەی کافربوون هەندێکیان خەمخۆرو سەرپەرشتیاری هەندێکیتریانن، ئەگەر ئێوەش نەبنە خەمخۆری یەکتریی، ئەوە (خەمنەخۆرییەتەکەتان) دەبێتە مایەی پاشگەزکردنەوەی موسوڵمان لە

دینەکەی و سەرزەمین دەبێتە زبڵدانی گەورەی خراپەکاریی.. راستە چونکە ئەگەر موسوڵمانان نەبوونە خەمخۆرو پاڵپشت و دۆستی گیانی بەگیانی یەکتریی _وەکو کە زۆرێك لە کافران یەکدەگرن و دەبنە بەرەو هاوپەیمانی یەکتریی_ ئەوا ئەوان کۆمەڵکارانەو بە گەلەکۆمەکێ پەلاماری موسوڵمانان دەدەن _کە پەرتەوازەو لێکجوداو ناکۆکن_ ئەو ساتەش دەبێت موسوڵمانان تاکوتەرا یان بە کۆمەڵ کۆمەڵی گچکەو لاواز بەری لێشاوی دوژمنکارانەیان بگرن، ئەوەش دادنادات. ئاوا حەتمەن تاکوکۆی موسوڵمانان دەکەونە بندەستی کافرانی شەڕانی، کە بە دڵنیاییەوە پێش هەموو شتێك دینەکەیان لێ دووردەخەنەوە، ئینجا دەکەونە ڕیشەکێشکردنی دینداران، پاشان تین و فشار دەخەنەسەر موسوڵمانان، بەگشتی و لە هەموو ئەم کاتانەشدا گومان دژی دینەکەو دوودڵیی دژی دیندارێتی بڵاودەکەنەوە، حەتمەن ئەمەش پێکەوە دەبێتەمایەی پاشگەزبوونەوەو وەلکردنی دینەکەو پابەندنەبوون پێوەی.. جا باشە چ ئاژاوەو فیتنەو کارەساتێك لەمە گەورەترە؟! ڕێسای خوای گەورەش لە ژیاندا هەبوونی ململانێیە، کە ئەگەر موسوڵمانان بەهێزنەبن و کوفرو دیدو هەڵوێستیان لانەدەن، حەتمەن ئەوان بەهێزدەبن و شکستییەکە بەسەر موسوڵماناندا دێت.. ئەم ڕێسایەش نەگۆڕە: (وَلَوْلاَ دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الأرض)البقره/٢٥١ واتە: ئەگەر خوای گەورە کافرانی بەئەهلی ئیمان لانەدایە، حەتمەن خراپەکاریی هەمووسەرزەمینی دەگرتەوە.. کەوابوو موسوڵمانان _بە کەمتەرخەمی هەستوهۆش و غیرەت و بەتێنەگەیشتنی دینەکەو سەرڕاستانە پابەندنەبوون پێوەی و نەبوونی گیانی بەرپرسێتی و

تاکوتەراو پەرتەوازەیی خۆیان_ بەرپرسن لە لاوازبوون و ژێردەستەییان.. بەرپرسن لەوەی بەسەریانداهاتووە. ئەمەشیان رێسای نەگۆڕی قەدەرە: (وَمَا أَصَابَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ)الشورى/٣٠ واتە: هەموو ئەو بەڵاو کارەساتانەی دێنەرێتان سەرەنجامی رەفتاری خۆتانە، دروێنەی دەستی خۆتانە..

**ئەدی چ بکەین کە فرەکۆمەڵکارییەکە واقیعێکەو هەیە؟.**

راست ئەوەیەکە کۆمەڵە نوێیەکان بچنەریزی کۆمەڵە کۆنەکەوە، تاك تاکی موسوڵمانەکانیش دەبێ هەروا بکەن، بچنە ریزی کۆمەڵە کۆنەکەوە، بەو مەرجەی جیهادیی بێت. بەیعەتی کۆمەڵەکانی دوایی باتڵە. تەنانەت ئەگەر نەشیزاینبێت کە کۆمەڵێکی تری جیهادیی پێشتر هەیە. بەڵگەش ئەو فەرمودە (مەرفوعە)یە کە ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەیگێڕێتەوە: (كانت بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمْ الْأَنْبِيَاءُ كُلَّمَا هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ وَإِنَّهُ لَا نَبِيَّ بَعْدِي وَسَتَكُونُ خُلَفَاءُ تَكْثُرُ قَالُوا فَمَا تَأْمُرُنَا قَالَ فُوا بِبَيْعَةِ الْأَوَّلِ فَالْأَوَّلِ وَأَعْطُوهُمْ حَقَّهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ سَائِلُهُمْ عَمَّا اسْتَرْعَاهُمْ ) متفق عليه[١] واتە: نەوەی ئیسرائیل (کوڕو نەوەی سەیدنا یەعقوب علیه السلام) پێغەمبەران رێبەرێتیان دەکردن، هەر کە پێغەمبەرێك کۆچی دوایی دەکرد، پێغەمبەرێکیتر دەهاتەشوێنی، بەڵام لە دوای من پێغەمبەریتر نییە، خەلیفە دەبن و زۆردەبن، ووتیان: ئەدی فەرمانت بۆ ئێمە چییە؟ فەرمووی: بەیعەتی خەلیفەی یەکەم بپارێزن، پاشان ئەوی دوای

[١] بوخاری (٢٣٦٨)، موسلیم (١٨٤٢).

ئەو، ئینجا ئەوی دوای ئەو. ئێوە مافی خۆیان بدەنێ، خوای گەورە دەربارەی مافی ئەو رەعیەتەی کەوتۆتەبەردەستیان لێیان دەپرسێتەوەو موحاسەبەیاندەکات..

کەوابوو مادام فەرموودەکە رێ لە فرەخەلیفەیی دەگرێت، کەوابوو فرەکۆمەڵە جیهادییەکەش رێلێگیراوە، هەر دوو رێلێگرتنەکەش لەبەرخاتری پاراستنی یەکڕیزیی موسوڵمانانە.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەی تریشدا ئەم مەبەستە گرنگ و گەورەیەی رۆشنکردۆتەوە، ئیمامی موسلیم لەعەرفەجەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (إنَّهُ ستكونُ هَنَاتٌ وَهَنَاتٌ، فَمَنْ أرادَ أنْ يُفَرِّقَ أمَر هذهِ الأمَّه وهى جميعٌ فاضربُوه بالسَّيفِ كائناً مَنْ كان)[1] واتە: کە ئەم ئوممەتە کۆدەبێت و کەسێك دێت دەیەوێت تەفرەقە بخاتە ناویەوە، بەشمشێر لەملی دەن، هەر کەسێك بێت.

-هەروەها ریوایەتێکی تری مەرفوعیتر هەر لە موسلیمەوە، ئەویش هەر لە عەرفەجەوە دەگێڕێتەوە: (مَنْ أَتَاكُمْ وَأَمْرُكُمْ جَمِيعٌ عَلَى رَجُلٍ وَاحِدٍ يُرِيدُ أَنْ يَشُقَّ عَصَاكُمْ أَوْ يُفَرِّقَ جَمَاعَتَكُمْ فَاقْتُلُوهُ)[2] واتە: کاتێك کاروبارتان لەدەست پیاوێکتاندا کۆبۆتەوەو ئەو سەرپەرشتی کاروبارتان دەکات، کەسێك لەولاوە

---

[1] موسلیم (١٦٥٩)، ئەبوداوود (٤٧٦٢)، نەسائی (٤٠٢٠)، فتح الباری (٦٤٨٤).

[2] موسلیم (٣٤٤٩). ئەبوداوود (٤١٣٧)، نەسائی (٣٩٨٠)، ئەحمەد (١٧٩٢٧).

دێت، دەیەوێت دارعەسای دەستتان بقلێشێنێت (ئوممەتەکەتان پەرتەوازەکات)، بیکوژن[١].

-دیسان هەر موسلیم فەرموودەیەکیتری (مەرفوع) لە ئەبوسەعیدی خودریەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (إِذَا بُويِعَ لِخَلِيفَتَيْنِ فَاقْتُلُوا الآخِرَ مِنْهُمَا)[٢]واتە: ئەگەر لەیەك کاتدا بەیعەت بە دوو خەلیفە درا، دواییندەکەیان بکوژن.

سەرنجدە، دەفەرموێ بیکوژن! نەوەوی دەفەرموێ (ئەگەر خراپەکارییەکەی بە غەیری کوشتنی نەوەوەستێنرا، دەکوژرێت). دەکوژرێت ئەگەرچی باشتریش بێت لە خەلیفەی یەکەم، چونکە دەرکەوتنی پیاوی چاکتر، بەیعەتی پیاوچاکی پێش خۆی هەڵناوەشێنێتەوە[٣].

خۆ دیارە کوشتنی خەلیفەکەی دوایین زاهیرەن خراپەیە، چونکە کوشتنی مرۆڤیکی موسوڵمانە، کە سیفەتەکانی تەواون و گەیشتۆتە ئەو ئاستە بەرزەی شایانی خەلیفەیەتی بێت، بەڵام فەرمان بەکوشتنی دراوە، چونکە دەبێتە هۆکاری لێکترازانی ریزی موسوڵمانان و ناکۆکی دروستکردن لەناویاندا..ئەوە ئەوەت بۆ روونده‌کاتەوە کە یەکبوونی موسوڵمانان و کۆمەڵکاریان پێکەوە، چ بەرژەوەندییەکی گەورەو گرنگی پێوەیە.. ئەوە چەسپاندنی عەمەلی ئەو رێسا

---

[١] یەکبوونەکەی چواندووە بە دار عاسا، قەڵانگ، گۆچان، گۆپاڵ ، لیس، مەترەق کە ساغ و سەلیمە، هەر کە درزێکی تێبوو دەبێتە مایەی قلێشان و ریشاڵ ریشاڵبوون و پاشان لەت لەتبوونی.

[٢] موسلیم (١٨٥٣). بەیهیقی (١٦٠٤٣)، حاکم (١١٠٣).

[٣] ماوەردی: الأحكام السلطانية (ل ٨).

شەرعیەیە كە دەفەرموێ: (يُتَحمَّلُ الضررُ الخاص لدفع الضرر العام) واتە: ئارام لەسەر زیانی تایبەتی دەگیرێت، لەبەر لادانی زیانی گشتی. هەروەها ڕێسای (الضرر الأشدُّ يُزال بالضرر الأخف) واتە: زیانی سەخت بەزیانی سووك رادەدرێت. هەروەها ڕێسای: (اذا تعارَضَ مَفْسَدَتان روُعی أعظمَها ضَرَراً بارتكاب أخفهما) واتە: ئەگەر دوو شتی خراپ هاتنەپێش، سووكترەكەیان ئەنجامدەدرێت. هەروەها ڕێسای: (يُختارُ أهونُ الشَرَّين) واتە سوكترین خراپەیان هەڵدەبژێررێت [1].

ئیمامی نەوەوی لە شەرحی فەرموودەكەی پێشووی لای ئەبو هورەیرەدا: (وَسَتَكُونُ خُلَفَاءُ تَكْثُرُ قَالُوا فَمَا تَأْمُرُنَا قَالَ فُوا بِبَيْعَةِ الْأَوَّلِ فَالْأَوَّلِ) دەفەرموێ: (ئەم فەرموودەیە موعجیزەیەكی ئاشكرای پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەخۆگرتووە، مانای فەرموودەكە ئەوەیەكە ئەگەر كەسێك دوای دانانی خەلیفەو بەیعەتپێدانی، خەلیفەیەكی تر دانرا، بەیعەتی خەلیفەی یەكەم دروستەو پێویستە ئوممەت پێوەی پابەندبن، بەیعەتی خەلیفەی دووەم حەرامەو پابەندبوونیش پێوەی حەرامە، ئەویش بۆی حەرامە داوای بەیعەتی خیلافەت بكات، ئیدی كە بەیعەتدراوە بە دووەم، زانربێت كە خەلیفەی یەكەم دانراوەو بەیعەتی دراوەتێ یان نا، یان لەیەك وڵات بن یان لەدوو وڵاتی جیاواز، یان خەلیفەی دووەم هەر لە وڵاتی خەلیفەی یەكەم بێت. بەیعەتی خەلیفەی دووەم لە هیچ حاڵەتێكیاندا شیاونییە. ئەمە ئەو بۆچوونە راست و دروستەیە كە یاوەرانی شەرعناسی ئێمە (شافیعیەكان) هەیانە، هەروەها جمهوری

[1] ئەحمەد الزرقا: شرح القواعد الفقهية چاپی ١٤٠٣ (ڕێسای ٢٥_٢٨).

شەرعناسانیتریش.. ووتراوە کە ئەم هەڕەشەیە لەو کەسەیە کە لە وڵاتی خەلیفەدا دەبێتە خەلیفەی دووەم، هەندێکیش ووتوویانە (قورعە)یان بۆ دەکرێت! بەڵام ئەم دوو بۆچوونە گەندەڵن، چونکە شەرعناسان و زانایان لەسەر ئەوەن کە ناشێت لەیەك زەماندا دوو خەلیفە هەبێت، جا دارولئیسلام بەرفراوان و پانوپۆڕە یان نا)[١].

-ماوەردی لە (الأحكام السلطانية ل٩)دا دەفەرموێ: (راستتر ئەوەیە کە گرێبەست و بەیعەت بۆ ئەو کەسەیانە کە پێشتربووە) .

ئەبویەعلاش لە کتێبەکەی خۆیدا کە هەر بەو ناوەوەیە (الأحكام السلطانية ل٢٥) دەفەرموێ: (ئەگەر هەریەکەیان بەجیا گرێبەستی خەلیفەیەتی بۆ کرابوو، دەبێ سەیربکرێت داخۆ کامیان پێشتر بەیعەتی دراوەتێ، ئەویان دروستەو گرێبەست و بەیعەتی دووەمینیان هەڵدەوەشێتەوە) .

لەبەر ئەمەیە کە پێموایە نابێت رێ بەفرەکۆمەڵی جیهادیی بدرێت، چونکە ووزەو تواناکات پەرشوبڵاو دەکاتەوەو تۆپەڵ تۆپەڵ دەبن و دەکەونە ململانێی یەکتریی و رەنجیان لە دژایەتی یەکتری‌یدا سەرفدەکەن. ئەگەر پلانی دوژمنانیش بۆ ئەم پەرتەوازەبوونە ئیزافەبکەین، دەزانین کە هەموو هۆکارەکانی شکست و بێهێزیی _کە لە واقیعی موسوڵمانانی ئەمڕۆدا هەیە_ لەوەوەیە.

لەوانەیە خوێنەر پەی بەوە بردبێت کە لەم بەراوردکردن و حوکموەرگرتنەمدا ئەمیری کۆمەڵەکانم بە خلیفەی زۆری یەك كات نەچواند، چونکە سیفەتی دوو

---

[١] صحيح مسلم بشرح النووي (١٢/٢٢١_٢٢٢).

خەلیفەکەی یەك کات، ناشێت بچوێندرێت بە سیفەتی ئەمیری کۆمەڵە ئیسلامیەکانی ئەمڕۆ، نا ئەمە تایبەتە بە خەلیفە، بۆیە بە راشکاویی ئەوەم نەووتووە، چونکە ئەوە هۆکارو خاڵی هاوبەشی بەراوردکراوان نییە، من بەشێوەیەکی گشتی سەیری بەرژەوەندیی موسوڵمانانم کرد، کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەیهێننەدیی، یان لەدەستیان دەچێت، پاشان بۆچوونەکەمم بەو فەرموودەیە پشتڕاستکرد کە دەفەرموێ (فُوا بِبَيْعَةِ الْأَوَّلِ فَالْأَوَّلِ) وەکو خاڵی سەرەکی مەبەستەکانی شەرع (مقاصد الشريعه) واتە: مەبەستی شەرع لەم ڕێپێنەدانە چیبووە؟ ئائەم خاڵەیە کە دەبێت لەکاتی نەبوونی دەق (نص)دا لەبەرچاو بگیرێت، مەبەستی شەرع ڕۆشنە لە ڕێگرتن لە هەبوونی دوو خەلیفەدا، لەیەك کاتدا، کە بریتیە لە پاراستنی یەکڕیزیی موسوڵمانان.. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە لەبەرچاومگرت لە ڕێنەدان بە فرەکۆمەڵێتی لە کاری ئیسلامییدا، بەگشتی و لەجیهاددا بەتایبەتی.. لەبەر ڕێنەدان بەفرەکۆمەڵێتی جیهادیەکەیە کە ووتیشم دەبێت کۆمەڵەکانی دوایی بچنە ریزی کۆمەڵە جیهادیی یەکەمەوە (پێشینەکەیان)، چونکە فرە کۆمەڵێتییەکە خراپەی زۆری لە هەناودایەو دەبێت وورد حساب بۆ داهاتووی فرەکۆمەڵێیەکە بکرێت، کە لە داهاتوودا کێشەی گەورەی لێ دروستدەبێت. ڕەچاوکردنی (داهاتوو) خاڵێکی گرنگە لە مەبەستەکانی شەرعدا.. شاطبی رحمەاللە دەفەرموێ: (حساباتکردن و لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی داهاتووی ڕەفتار لەشەرعدا جێ سەرنجە، ڕەفتار شیاوبێت یان نەشیاو، بەپێی شەرع بێت یان پێچەوانەی، ڕێی پێ درابێت یان ڕێی لێگیرابێت، هەر دەبێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت، چونکە داوەری موجتەهید کە

تەماشای رەفتارێکی موکەللەف دەکات (چ کردن بێت چ خۆگرتنەوە لێی) لەوە دەکۆڵێتەوە کە سەرەنجامی ئەم رەفتارە چی لێ دەکەوێتەوە، بەرەو کوێ دەڕوات؟ پاشان رەحمەتی خوای لێ بێت کۆمەڵێك نموونەی هێناوەتەوە کە دەیسەلمێنێت خوێندنەوەو حساباتکردن بۆ داهاتووی رەفتار لەشەرعدا گرنگەو جێ سەرنجەو هەڵوێستی لەسەربدەردەبڕێت)[١].

ئەمەی کە ووتم دەبێت کۆمەڵەکانی دوایین بچنەریزی کۆمەڵە پێشینەکەوە، واتە کۆمەڵە تازەکە بچنەلای کۆمەڵە کۆنەکە وا دەبینم ببێت بە رێسایەکی کۆمەڵکاریی، زۆریی و هەبوونی زانایان لە ریزی کۆمەڵەکانی دواییدا سیفەتێکی باشن، بەڵام رێژەیین، دەشێت کۆمەڵێکی دواتر لەوان زۆرتربێت، یان زاناو شەرعناسی زیاتری بێتەناو، بەڵام پێشینەیی (ئەسبەقییەت) یەکجارەیەو یەك سیفەتییە (وەکو ژمارەی نەگۆڕ وایە) باشتر سنووداردەکرێت وەك لە زۆرێتیی و هەبوونی زاناو تواناو. هتد ئەمەش لەگەڵ پلەبەرزیی و قەدرو رێزیی پێشینەکاریدا دێتەوە، کە جێی مەتحی خوای گەورە بووە، وەك دەفەموێ: (لا يسْتَوِى مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَل أُوْلَئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَهِ مِّنَ الَّذِينَ أَنفَقُوا مِن بَعْدُ وَقَاتَلُوا) الحديد/١٠ واتە: ئەو کەسەی کە سەروەت و سامانی لە رێ خوادا بەخشی و پێش فەتحی مەککە (٨ی کۆچی) جەنگا، یەکسان نییە لەگەڵ ئەو کەسانەی دوای فەتحی مەککە سەروەت و سامانیان بەخشی و جەنگان، ئەوانەی پێش فەتح پلەیان باڵاترو مەزنترە.

---

[١] الشاطبي: الموافقات في أصول الشريعة. چاپی دارالمعرفة (١٩٤/٤_١٩٨).

بەڵام مەرجە کە کۆمەڵی پێشین (یەکەمەکەیان) لەسەر ڕێباز (دیدو هەڵوێست)ێکی شەرعی ڕۆشن بێت و ڕاستگۆ بێت و لە جێبەجێکردن و پراکتیزەکردنییدا سەرڕاستبێت[١]. ئەگەر لەپێشینەیی و یەکەمجارییدا دوو کۆمەڵ یەکسانبوون، داوەریان بۆ دیاریدەکرێت، تا پێشینەیی یەکێکیان بسەلمێت، بەمەش ڕێ لەفرەکۆمەڵێتی و شیرازە پسان و پەرتەوازەبوون دەگیرێت، کە دەبێتە مایەی لاوازی زیاتری موسوڵمانان. ئەستەمە شەریعەتی خوا باسی لەم کێشەسەخت و کاریگەرو دژوارە نەکردبێت. خوای گەورە دەفەرموێ: (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ) النساء/٥٩ واتە: ئەگەر ناکۆکیتان لەسەر شتێك کەوتە نێوانەوە بیگەڕێننەوە بۆ لای خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە چارەسەرەکەیان لایە.. (شَيْءٍ) نەزانراو (نکرە) یەو هەموو جۆرە کێشەیەك دەگرێتەوە کەلەسەر (شت) دروستدەبێت.

مەسەلەی فرەکۆمەڵێتی لەیەك وڵاتدا ئاوا دەبینم، ئەگەر لە وڵاتانی جیاوازدا بوو، لەوانەیە بوارو ڕێ پێدراوبێت، چونکە نەوەوی دەفەرموێ: (مەرج نییە کەسانی دەستەی سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة) هەموویان لە شوێنێکدا کۆمەڵبووبن، دەشێت بەهەموو وڵاتانی سەرزەمیندا بڵاوبووبنەوە)[٢] ئەگەر بەهۆی جیاوازی وڵاتانەوە کۆمەڵکارییەکەش جیاوازبوو، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە هەرکاتێك کۆمەڵێکیان لە وڵاتێکدا دەسەڵاتی گرتەدەست و

---

[١] بگەڕێرەوە سەر (دیدڕوونی).

[٢] صحيح مسلم بشرح النووي (٦٧/١٣).

خەلیفەی دیاریکرد، دەبێت ئەوانیتر گوێڕایەڵی و ملکەچیی بۆ دەربڕن و هیجرتبکەن بۆ خزمەتی و پشتیگریی بکەن و سەریخەن.. ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێ (هەر کەسێك بە زۆریی شمشیر زاڵبوو بەسەر خەڵکیداو بوو بەخەلیفەو ناونرا ئەمیری موسوڵمانان، بۆ هیچ کەسێك کە باوەڕی بەخواو بەرۆژی دوایی هەیە جائیز نییە یەکشەو بە بێ قبوڵکردنی خیلافەتەکەی سەربنێتەوە)[١] ئەمەی ئیمام ئەحمەد فەرموویەتی ئیبنوبەطتال کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەتی لەسەر نەقڵکردووە[٢].

کەوابوو فرەکۆمەڵی لەیەك وڵاتدا جائیزنییە، بەڵام لەزۆری وڵاتاندا جائیزە، ئەگەرچی هەریەکبوونیان چاکترە، ئەگەر بارو دۆخ ڕێینەدان، راستتر وایە لەبواری شارەزایی و ئامادەکارییدا هاوکاریی یەکتر بکەن. هەر کۆمەڵێکیان لە وڵاتەکەی خۆیدا نەیتوانی بزاوتێك دروستبکات و کاریگەر بێت لە گۆڕانکارییدا، پێویستە لەسەری هیجرەتبکات[٣].

چونکە لە وڵاتەکەیتر کە بواری بزاوتی کاریگەری گۆڕانکارییە ئیسلامییەکە هەیە، دەبێتە ووزەیەکی بەردەستی براکانی ئەوێی، مەگەر ئەمیری ناوچە بەهێزەکە پێی بڵێ لە ساحە لاوازەکە بمێنێتەوە بۆ بەردەوامی کارکردن و هەڵویستی تری شەرعییانە، هەر وەکو کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

---

[١] ئەبویەعلا: الأحكام السلطانية (ل ٢٣).

[٢] فتح الباري (٧/١٣).

[٣] ئەوە بۆچوونی قازی عیاضە (صحيح مسلم بشرح النووي ٢٢٩/١٢).

فەرمانی وای بە ئەبوزەڕی غیففاریدا دا خوا لێی رازی بێت[١].. هەر کە خەلیفەش لە شوێنێك دانرا، هیجرەت لەسەر هەموان فەرزدەبێت بۆ لای. والله اعلم.

بەڵگەنەوویستە کە کۆمەڵەکانی دوایین کە دەچنە ریزی پێشینە یەکەمینەکەوە، مەرجە کە پێشینەکە لەسەر حەق بێت، بە شەرعەوە پابەندبێت، لە پێناویدا جیهادبکات، مەبەستیبێت هەموو ئیسلامەکە بە هەموو لایەنێکییەوە پیادەبکات.. ئەوەی لەم بازنەدا نییە ئەو کۆمەڵانەن کە گەمەی سیاسی بەدینی خوا دەکەن، وەکو ئەوانەی پێیانوایە لەرێی هەڵبژاردن و پەرلەمان و شیرکی دیموکراسییەوە ئیسلام دەهێننەوە سەر حوکم!! هەروەها هاوشێوەو هاودیدو هاوهەڵویستیان کە زۆر کەس لە خۆیان و لایەنگرانیان کەوتۆتە دوای شەیتان کە (يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلَّا غُرُورًا) النساء/١٢٠ واتە: بەڵێنیان پێدەدات و هیوایان دەخاتە پێشچاو کە ئامانجیان ئاوا دێتەدی! بەڵام شەیتان هەر وادەی وا دەدات کە بەرامبەرەکانی هەڕاڵبکات.. ئاوا ئەوانە وزەی هەزاران گەنجیان بەهەدەرداو بەناوی ئیسلامەوە زەلیلی بەردەستی طاغووتانیان کردن، لەکاتێکدا شەرع داوایان لێ دەکات کە دژی طاغووتان بوەستنەوەو لایاندەن و رایاندەن!! ئیدی چی لەوە گومڕاییترە؟!

ئەمە دەربارەی گومانی یەکەمی نوسەری کتێبی (البيعة بين السنة والبدعة عند الجماعات الاسلامية) کە لەسەر ئیمارەتی کۆمەڵە ئیسلامییەکان وورووژاندویەتی، لە رەددەکەمدا ووتم کە بەڵگەیتریش هەیە کە راستیی و

---

[١] بوخاری (٣٨٦١).

دروستیی ئەم ئەمیرێتیە دەسەلمێنێت و قیاسکردنی ئەم ئیمارەتە لەسەر ئەمیرێتی سەفەر بەراوردو ئەنجامێکی دروست و شەرعییە، زۆر لە موجتەهیدانی ئوممەت باسیان لێوە کردووە، وەکو (ئیبنوتەیمییەو شەوکانی) هەروەها ئەوەم روونکردەوە کە ئەم کۆمەڵانە _کە بە ئەرکی پیادەکردنی دینەکە هەڵدەستن_ فەرزێکە لەسەریان و بەجێی دەهێنن، بەتاییەتی لە نەمانی خەلیفەو خیلافەتی ئیسلامیدا، لەوەش کە زانیبێتم سوودی بۆ موسوڵمان هەیە زیاترم باس لێوەکردووە. والحمدلله رب العالمین[١].

---

[١] تێبینییەکەم لەسەر ئەم بۆچوونەی نووسەری بەڕیز هەیە.. نووسەر خوا بیپارێزێت جگە لەوەی جۆرە بەراوردێکی لە نێوان هەبوونی دوو خەلیفەو هەبوونی دوو یان زیاتر لە کۆمەڵی جیهادییدا کردووە، بەرژەوەندییشی بەهەند وەرگرتووە. وا دەزانم ئەمە لە لایەنی واقیعییەوە پێویست بە روون کردنەوەیەک دەکات. چونکە واقیعی موسوڵمانانی سەردەم _تەنانەت ئەوانەشیان کە لە وڵاتێکدا دەژین_ زۆر لەوە سەختترە کە ئاسان بۆ یەکبوونی کۆمەڵە ئیسلامییەکانیان بە گشتی بچین چجای کۆمەڵە جیهادییەکانیان. دەشێت لە لەتە وڵاتێکی وەکو باشوری کوردستاندا کۆمەڵێکی جیهادی لە بادینان دروست ببن و ئێمە لە ناوچەکانی سۆران ئاگامان لێیان نەبێت، کە زانیشمان نەتوانین بگەینە لایان. خەڵکانێکی کرمانجی باکور ئاسانتر دەگەنە لایان وەک لە جوامێرانی ناوچەی گەرمیان بۆ نموونە.. ئەمە جگە لەوەی دەشێت لە یەک کاتدا جیهادەکە ببێتە واقیعێکی گەورەتر لە نەخشەی موسوڵمانان. وەکو ئەوەی لە سەرەتای جیهادی سوریادا، لە مانگی یەکەمیدا هەر لە حەڵەب حەوت کۆمەڵی جیهادی دروستبوون و هەر لە زیادبوونیشدا بوون! کۆمەڵە جیهادییەکانی سوریا بوون بە زیاتر لە سەد کۆمەڵ! گومانی تێدا نییە ئەوەی کە نووسەری بەڕیز فەرموویەتی لەوەی کە ئەمە دەبێتە لاوازیی موسوڵمانان و ئەگەریی شەڕی ناوخۆیان، هەموویمان بە چاوی خۆمان بینی و زۆر دژواریشبوو. بەڵام ئەمە واقیعەکەیە کە ناکرێت

---

بازی بەسەردا بدرێت.. ئێستا تاڵیبان لە ئەفغانستانە، بەڵام تەنزیمی دەولە گەیشتە ئەویٚ و موجاهیدانی تاڵیبانی ئیعدامکرد بە بەهانەی ئەوەی بە پەیمانی سایکس پیکۆ رازین و جیهادەکەیان هەر بۆ ئەفغانستانەو بەیعەتیان نەداوە بە خەلیفە ئەبوبەکری ئەوان. بمانەوێت و نەمانەوێت فرەکۆمەڵێتی ئاوا دروستدەبێت. لە غەززە حەماس دەسەڵاتدارە، حاکمە. لە سەنگەری جیهادەکەدایە. کەچی کۆمەڵێکی تری جیهادی "توندڕەو" وجودی خۆیان راگەیاند.. بیٚ ئەوەی لەگەڵ حەماسدا نەخشەی هاوبەشیان هەبێت. دژی ئیسرائیل وەستانەوە. ئەمە لە کاتێکدابوو کە حەماس لە مفاوەزاتی ئازادکردنی دیلەکاندا بوو. پەیدابوونی کۆمەڵێکی تری جیهادیی لە غەززە وایکرد حەماس بە توندیی لێیان بدات و نەهێڵێت وجودی چەکدارییان هەبێت، بە تایبەتی کە خودی حەماسیشیان تەکفیر دەکرد.. کێشەکە لەوەدایە کە هۆکارەکانی پەیدابوونی زیاتر لە کۆمەڵیکی جیهادیی لە ساحەیەکدا زۆر زۆرن. هۆکاری دیدو تێڕوانینی مەنهەجی، وەکو ئەوەی حەماس ئیخوانییەو فەتحی ئیسلام سەلەفی جیهادییەو تەنزیمی دەولەش جیهانێکی سەربەخۆی خۆیەتی. هۆکاری جوگرافیایی و دووری شوێنەکان لە یەکترییەوەو نەگەیشتنی کۆمەڵەکان بە یەکتریی، ئەگەرچی لە یەک وڵاتیشدابن. هۆکاری ئینتیمای نەتەوایەتیی و عەشائیرێتی. وەکو ئەوەی ئێمە لە کوردستان جیهاد راگەیێنین کابرای تورکمان یان کابرای عەرەبی کەرکووکی نەیاتە ناومانەوە! چونکە ئەوانیش کۆمەڵی جیهادیی خۆیان دەبێت.. کەوابوو نابیٚ وا تەصەور بکەین کە هەبوونی یەک کۆمەڵی جیهادیی لە ساحەیەکدا _کە دیدو ئاڕاستەی جیاواز هەیە_ ئاسانە، رەنگە لەم سەردەمەدا ئەوە لە خەیاڵەوە نزیکتر بێت. بۆیە پێم وایە دەبیٚ زۆر واقیعییانە سەیری ئەم کێشەیەشمان بکەین و بە هەستێکی بەرپرسێتی بەرزی دنیاو قیامەتییەوە رەفتاری لەگەڵدا بکەین.. واللّٰه اعلم.

# بەندی دووەم

# ماف و ئەرکی ڕەوتەوان

## ماف و ئەرکی ڕەوتەوانان

-پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ صَدَقَةٌ قَالُوا فَإِنْ لَمْ يَجِدْ قَالَ فَيَعْمَلُ بِيَدَيْهِ فَيَنْفَعُ نَفْسَهُ وَيَتَصَدَّقُ قَالُوا فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ أَوْ لَمْ يَفْعَلْ قَالَ فَيُعِينُ ذَا الْحَاجَةِ الْمَلْهُوفَ قَالُوا فَإِنْ لَمْ يَفْعَلْ قَالَ فَيَأْمُرُ بِالْخَيْرِ أَوْ قَالَ بِالْمَعْرُوفِ قَالَ فَإِنْ لَمْ يَفْعَلْ قَالَ فَيُمْسِكُ عَنْ الشَّرِّ فَإِنَّهُ لَهُ صَدَقَةٌ )متفق عليه[١] واتە: هەموو موسوڵمانێك خێرێکی لەسەرە بیدات، ووتیان ئەدی ئەگەر نەیبوو؟ فەرمووی: با بڕوات کارێکبکات سوود بەخۆی بگەیێنێت و خێریشبکات. ووتیان ئەدی ئەگەر نەیتوانی یان نەیکرد؟ فەرمووی: با یارمەتی موحتاجێك بدات، کە پێویستی بە هاوکارییکردنە، ووتیان ئەدی ئەگەر نەیکرد؟ فەرمووی: با فەرمان بە کەسانیتر بکات خێرەکە بکەن یان فەرمان بە چاکەکاریی بکات، ووتیان ئەدی ئەگەر نەیکرد؟ فەرمووی: با خۆی لە خراپە بگریتەوە، خۆ ئەمەش خێرە، سەدەقەیە، بۆی دەنوسریت.

-ئەبو زەڕ خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ الأَعْمَالِ أَفْضَلُ؟ قَالَ الإِيمَانُ بِاللَّهِ وَالْجِهَادُ فِي سَبِيلِهِ، قَالَ: قُلْتُ: أَيُّ الرِّقَابِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: أَنْفَسُهَا عِنْدَ أَهْلِهَا، وَأَكْثَرُهَا ثَمَنًا، قَالَ: قُلْتُ: فَإِنْ لَمْ أَفْعَلْ؟ قَالَ: تُعِينُ صَانِعًا أَوْ تَصْنَعُ لأَخْرَقَ، قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ إِنْ ضَعُفْتُ عَنْ بَعْضِ الْعَمَلِ؟ قَالَ: تَكُفُّ شَرَّكَ عَنِ النَّاسِ، فَإِنَّهَا صَدَقَةٌ مِنْكَ عَلَى نَفْسِكَ) متفق عليه[٢] واتە: ووتم: ئەی

---

[١] بوخاری (٥٦٧٦)، موسلیم(١٠٠٨).

[٢] بوخاری (٢٦)، موسلیم(٨٣).

پێغەمبەری خوا باشترین کار کامەیە؟ فەرمووی: باوەڕهێنانە بە خوای گەورەو جیهادکردنە لە پێناوی خوادا، عەرزمکرد: ئەدی کام کۆیلە بۆ ئازادکردن باشترینە؟ فەرمووی: ئەوەی کە لە لای خاوەنەکەی گرانبەهاترینە. عەرزمکرد: ئەگەر نەمکرد؟ فەرمووی: یارمەتی کەسێکی سەنعەتکار بدە (بەردەستی بۆ بکە) یان ناشییەک فێرە پیشەیەک بکە. عەرزمکرد: ئەی پێغەمبەری خوا ئەدی ئەگەر لاوازبووم هیچم لەو کارانە پێنەکرا؟ فەرمووی: خۆ دەتوانیت خراپەکاریی خۆت لە خەڵکی بگریتەوە! ئێ ئەمەش خۆی لە خۆیدا خێرە لە خۆتەوە بەخۆتی دەکەیت.

ئەوەی لە هەردوو فەرموودەکە وەردەگیرێت ئەوەیە، کە تۆ ئەگەر نەتتوانی خێرو سەدەقە بکەیت، یان نەتتوانی یان نەتوویست یارمەتی خەڵکی بدەیت، دەبێت خۆت لە خراپەکردن بپاریزیت. لە هەردوو حاڵەتەکەدا پاداشتی خۆت مسۆگەرە. ان شاء اللّٰه. ئەگەر هەر نەتکرد، لەوە مەترازێ و مەچۆرە حاڵەتی سێیەمەوە کە سنورشکاندنی خەڵکی و خراپەکردنە بەرامبەریان.

کەوابوو لەم روانگەوە باشتر وایە پەیوەندی رەوتەوان بە براکانیەوە بکەین بەدوو بەشەوە:

**بەشی یەکەم: خۆگرتنەوە لە خراپەکردن بەرامبەر براکانی:**

ئەمەش ئاستی هەرە کەمی داواکراوە لە هەموو موسوڵمانیك.

**بەشی دووەم: گەیاندنی سوود بەبراکانی:**

ئەمەش جوانترین سیفەتی موسوڵمانە بەرامبەر بەبراکانی.

سەرنجمدایە ریزبەندیی فەرموودەکانی (الاربعین النووية) بینیم بە پێی ئەو دوو بەشە ریزیکردوون، بۆ نموونە فەرموودەی سیوپێنجەمی هێناوە، _کە لەسەر خۆگرتنەوەی موسوڵمانە لە ئازاردانی موسوڵمانانیتر_ کە دەفەرمووی: (لاَ تَحَاسَدُوا وَلاَ تَنَاجَشُوا وَلاَ تَبَاغَضُوا)[1] پاشان فەرموودەیەکی تری بەدوادا هێناوە _کە لەسەر گەیاندنی سوودە بەخەڵکی_ ئەم جۆرە ریزبەندییە لە قورئانی پیرۆزدا وا هاتووە. بۆ نموونە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا الرِّبَا أَضْعَافًا مُّضَاعَفَةً وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ وَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ. وَسَارِعُوا إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ الَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ)ال عمران/١٣٠ تا ١٣٤ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە سوو مەخۆن کە کات لە دوایی کات (کە قەرزەکە نەدرایەوە) زیاتری دەکەن، لەخوا بترسن، بەڵکو خوای گەورە سەرفرازتان بکات. هۆشتان لەو دوزەخەش هەبیت کە بۆ کافران سازکراوە، گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکەن، بەو

[1] بوخاری (٥٧١٩)، موسلیم (٢٥٦٤) هەموو فەرموودەکە ئاوایە: (لاَ تَحَاسَدُوا وَلاَ تَنَاجَشُوا وَلاَ تَبَاغَضُوا وَلاَ تَدَابَرُوا وَلاَ يَبِعْ أَحَدُكُمْ عَلَى بَيْعِ أَخِيهِ وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لاَ يَظْلِمُهُ وَلاَ يَخْذُلُهُ وَلاَ يَحْقِرُهُ التَّقْوَى هَاهُنَا وَأَشَارَ بِيَدِهِ إِلَى صَدْرِهِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ حَسْبُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ).

ئومیدەی خوا گەورە بەزەیی پێتاندا بێتەوەو روحمتان پێبکات. خێراکەن خۆبگەیێننە لێخوشبوونی خوای پەروەردگارتان و ئەو بەهەشتەی پانتاییەکەی بە قەدەر هەموو ئاسمانەکان و زەوییەو بۆ دیندارانی سەرڕاست و تەقواکاران دانراوە، ئەو کەسانەی کە لە گرانی و بەرفراوانی رۆزییدا لەبەرخاتری خوا دەبەخشن، ئەوانەی کە توڕەیی خۆیان قووتدەدەنەوەو لە خەڵکی دەبورن، خوای گەورەش پیاوچاك و خێرەومەندەکانی خۆشدەویت.

سەرەتا باس لە سووخواردن دەکات، کە زیانگەیاندنە بە خەڵکی، بۆیە خوای گەورەو بەتوانا رێی لێدەگرێت، پاشان بەدوایدا باسی خێرەومەندیی و چاکەکاریی _لە هەردوو حاڵەتی گرانیی و هەرزانییدا_ کردووە ، ئینجا باسی خۆگرتنەوە لە ئازاردانی خەڵکی ورقخواردنەوەو دەرنەبڕینی تورەیی، پاشان دێتەسەر گەیاندنی سوود بەخەڵکی ولێبوردن و چاکەکاریی.

ئەم ریزبەندییە لەگەڵ ئەو رێسا شەرعییەدا دێتەوە کە دەفەرموێ: (درءُ المفسَدَة أولى مِن جَلب المصلَحَة)[١] واتە: لادان و رادانی خراپە لەپێشترە وەك لەهێنانی چاکە (بەرژەوەندیی).

ئیبنورەجەبی حەنبەلی دەفەرموێ: یەحیای کوڕی موعازی رازی دەیفەرموو: با موسوڵمان سێ سوودت لێببینێت: ئەگەر سوودی پێناگەیێنیت زیانی پێمەگەیێنە، ئەگەر خۆشحاڵیناکەیت خەمباریشی مەکە، ئەگەر مەدحیناکەیت زەمیشی مەکە .. ئەم قسە جوانە، ئاستی هەرەکەمی رەفتاری داواکراو لە

[١] العلامة ابن النجار: شرح الكوكب المنير (١/٥٩٩).

موسوڵمان بەرامبەر بە برا موسوڵمانەکانی نیشاندەدات، کە بریتیە لە ئازار پێ نەگەیاندنیان.

ئەوەی دەیبنم رەوشتی پەسەند لە دوو سەرچاوەوە دێت:

**<u>یەکەم: شەرمکردن:</u>** کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی دەفەرموێ: (الْحَيَاءُ لاَ يَأْتِي إِلاَّ بِخَيْرٍ) متفق عليه[1] واتە شەرمکردن هەر خێرو چاکە دینێتە رێ ، لە ریوایەتێکی موسلیمدا دەفەرموێ: (الْحَيَاءُ خَيْرٌ كُلُّهُ)[2] شەرمکردن هەمووی هەر خێرە.

ئاشکریە کە شەرمکردن بەشێکە لە باوەڕ، وەکو کە لە فەرموودەی (شعب الايمان) متفق عليه[3] و لقەکانی باوەڕدا هاتووە، کە ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت بە (مەرفووع)ی دەگێڕێتەوە: (الإِيمَانُ بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنْ الإِيمَانِ)[4] واتە: باوەڕ شەستو قسور لقە، شەرمکردنیش لقێکە لەباوەڕ. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەتایبەت لەناو هەموو رەفتارو رەوشتەکاندا شەرمکردنی خستۆتە ناو لقەکانی باوەڕەوەهو جەختی زیاتری لێکردوتەوە، هەر وەکو ئەوەی پاڵنەری سەرەکی رەوشتە پەسەندەکانیتر بێت. هەر کەسێك شەرمی لە خوا کرد، مافەکانی خوای گەورە بەجێدەهێنێت، بە

---

[1] بوخاری (٦١١٧)، موسلیم (٣٧).

[2] موسلیم (٤٧٩٦).

[3] بوخاری (٩)، موسلیم (٣٥).

[4] بوخاری(٩).

کردنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوەی لە بەرهەڵستییەکانی. هەر کەسێك شەرم لەخەڵکی بکات مافەکانیان جێبەجێدەکات، بەوەی زیانیان پێناگەێنیت و سوودیشیان بۆ دابیندەکات .

(شەرمکردن دوو جۆرە: یەکەمیان رەوشتێکی سروشتییەو وەرنەگیراوە، ئەمە لەگەورەترین و بەڕێزترین سیفەتی رەوشتە، کە خوای گەورە هەر لە سەرەتاوە لە کەسەکەیدا دەڕوێنێت.

دووەمیان شەرمی دەسکەوتووە کە لەناسینی خوای گەورەو مەزنێتیی و پەرستنیی و هەست بە چاودێرییەوەوە دێت، کە لە ناخی موسوڵماندا ئەوە دەچەسپێت کە خوای گەورە دەیبینێت و موراقەبەی دەکات و ئاگای لەختورەی دڵێتی، بەمەش زیاتر شەرمی لێدەکات)[١] جا هەر کەسێك شەرمی سروشتی تێدا نەڕوابێت، با شەرمە دەسکەوتەکە مسۆگەرکات، با خۆی لەسەر راهێنێت.

**<u>دووەم: ئەوەی بۆ خۆی پێخۆشە بۆ خەڵکێشی پێخۆش بێت</u>** ئەوەی بۆ خۆشی پێناخۆشە با بۆ خەڵکیشی پێناخۆشبێت. کە ووتمان شەرمکردن وا لە خاوەنەکەی دەکات مافی خەڵکی بپارێزێت، دەڵێین ئایا رێسایەك هەیە مافی خەڵکی پێ دیاریبکرێت؟ کە هەر کەسێک تەفسیلاتەکانی نەزانی لەو رێسایەوە وێنای گشتی هەموانی لەمێشکدا بچەسپێت؟ دەڵێم: بەڵێ، رێسای گشتی ئەوەیە کە ئەوەی بۆ خۆتت پێخۆشە، بۆ خەڵکیشت پێخۆشبێت، ئەوەی بۆ

[١] ئیبنوعەبدولبەڕ: جامع العلوم والحكم( ل ١٧٥).

خۆتتپێناخۆشە بۆ خەڵکیشت پێناخۆشبێت. ئەم ڕێسایە لەو فەرموودەی پێغەمبەری خواوە ﷺ وەرگیراوە کە دەفەرموێ: (لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ) متفق عليه[١] لە (مستخرج)ی الاسماعيلييەوە بەریوایەتی: (حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ الْمُسْلِمِ مَا يُحِبُّهُ لِنَفْسِهِ) واتە: تا ئەوەی بۆ خۆی پێیناخۆشە، بۆ برا موسوڵمانەکەشی پێیناخۆش بێت.

ئیبنورەجەب دەفەرموێ: (ئەو فەرموودەی ریوایەتی ئەنەس کە ئێستا قسەی لێدەکەین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە موسوڵمان خۆشحاڵە کە برا موسوڵمانەکەی خۆشحاڵ دەبینێت، چونکە ئەوەی بۆ خۆیی پێخۆشە بۆ ئەویشی پێخۆشە. ئەمەش هەمووی لە سینەفراوانیی و دڵپاکییەوە دێت، کە بەغیلیی و حەسوودیی و غەش و فێڵکاریی تێدا نەماوە )[٢].

هەر لە بازنەی فەرموودەکەی لای ئەنەس، موسلیم لە عبداللهی کوڕی عەمرەوە خوا لێی رازی بێت گێڕاوهێتیەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو (فَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يُزَحْزَحَ عَنِ النَّارِ، وَيُدْخَلَ الْجَنَّةَ، فَلْتَأْتِهِ مَنِيَّتُهُ وَهُوَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، وَلْيَأْتِ إِلَى النَّاسِ الَّذِي يُحِبُّ أَنْ يُؤْتَى إِلَيْهِ)[٣] واتە: ئەو کەسەی حەز دەکات لەئاگری دۆزەخ پەنابدرێت و بخرێتە بەهەشتەوە، با لە حاڵەتێکدا مەرگی بگاتێ کە باوەڕی بەخواو بە رۆژی دوایی هەبێت، با وا رەفتار لەگەڵ خەڵکیدا بکات کە حەزدەکات خەڵکی رەفتاری لەگەڵدا بکەنەوە.

---

[١] بوخاری (١٣)، موسلیم (٤٥).

[٢] ئیبنوعەبدولبەڕ: جامع العلوم والحکم(ل ١٠٤).

[٣] موسلیم (١٨٤٤).

سەلماندن و بەکردەوە نیشاندانەوەی ئەم ڕێسایە، بە زانینی سێ شت دەبێت: یەکیان خراپەو گومان لە خراپیدا نییە، یەکێکی تریان چاکەو گومان لە چاکییدا نییە، سێیەمیشیان لە نێوان ئەو دوانەدایە. ئەوی خراپە، داواکراو ئەوەیە خۆی لێ بەدووربگیرێت، ئەوەیە کە ئاماژەمان پێدا: ووتمان ئازار بەخەڵکی نەگەیێنێت. ئەوی کە چاکەیەو داواکراو ئەوەیە بکرێت: هەر ئەوەیە کە ئاماژەمان پێدا کە ووتمان بە پێی توانای خۆی سوود بەخەڵکی بگەیێنێت.. ئەمما سێیەمیان کە لە نێوان چاك و خراپدایەو دەبێت باش لێی ووردبینەوە، ئەوەیە کە ئایا ئەوە کارێکە بۆ خۆتت پێخۆشە یان نا؟ ئەگەر بۆ خۆتت پێخۆشەو پێچەوانەی شەرع نییە، بیکە. ئەگینا، نا. هەر وەك دەبینیت ئەم ڕێسایە (کە ئەوەی بۆ خۆتت پێخۆشە بۆ خەڵکیشت پێخۆشبێت و ئەوەی بۆ خۆتت پێناخۆشە بۆ خەڵکیشت پێناخۆش بێت) هەروەها دوو جۆری ڕەفتارو هەڵوێستەکەی تێدایە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا. واتە: (زیانیان پێناگەیێنیت و سوودیان بۆ دابیندەکەیت) کەس نییە حەز لەوە نەکات کە خەڵکی زیانی پێنەگەیێنن و سوودی بۆ دابینبکەن. باوەڕی موسوڵمانیش ئەوە دەخوازێت، کە هەرچییەکی بۆ خۆی پێخۆشە بۆ خەڵکیشی پێخۆشبێت، ئەگەرچی ئەوان واش نەبن بەرامبەر ئەم.

ئێستا هەندێ ڕەفتارو ڕەوشت باسدەکەم دەبینین کە هەمووی وا لە بازنەی ئەو ڕێسایەدا (زیان پێنەگەیاندن و دابینکردنی سوود بۆ خەڵکی) تەفسیلاتی ئەم باسانە وا لە بەشی (الادب) لەسەرچاوەکانی فەرموودەدا.

## باسی یەکەم

## هەندێك لەو ڕەفتارانەی وان لە بازنەی (زیان پێنەگەیاندن)

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: ( تَكُفُّ شَرَّكَ عَنْ النَّاسِ فَإِنَّهَا صَدَقَةٌ مِنْكَ عَلَى نَفْسِكَ )متفق عليه[١] واتە: خراپەکاریی خۆت لەخەڵکی بگرەرەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا خێرە، سەدەقەیە، لەخۆتەوە بۆخۆتە. ئەو ڕەفتارانەی وان لە بازنەی (زیان پێنەگەیاندن)دا زۆرن، گرنگترینیان ئەمانەن:

### ١-خۆگرتنەوە لە فیتنەی زمان:

فیتنەی زمان سەرچاوەی خراپەکارییە. هەموو کەسێکی ژیر ئەمە دەزانیت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ أَوْ عَلَى مَنَاخِرِهِمْ إِلَّا حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ)[٢] واتە: چما ئەو خەڵکەی کە ئاوا دەمەوڕوو، یان فەرمووی: کە ئاوا بەسەر لووتیاندا دەکەونە ئاگری دۆزەخەوە، هەر لەبەر دروێنەی زمانیان نییە؟!.

---

[١] بوخاری (٢٥١٨)، موسلیم (٣١٢٩).

[٢] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (رواه الترمذي عن معاذ بن جبل وقال حديث حسن صحيح راستە. ترمذی (٢٦١٦)، نەسائی لە الکبری: (١١٣٩٤)، ئیبنوماجە (٣٩٧٣)، ئەحمەد (٥/٢٣١)، حاکم (٢/٤١٢) و فەرموویەتی بە پێی مەرجەکانی بوخاری و موسلیم سەحیحە، ئیمامی ذەهەبیش فەرموویەتی: وایە. شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٣٢٨٤) و لە (صحيح الترغيب والترهيب/ ٢٨٦٦ )دا دەفەرموێ: سەحیحە.

چوارچێوەی فیتنەی زمان بەرفراوانە، زۆرشت دەگریتەخۆ، وەکو گاڵتەپێکردن (کە ئەمەش خۆی چەندین شێوازی هەیە: سووکایەتی پێکردن، ناوناتۆرەلێنان، جنێودان، غەیبەتکردن، بوختانهەڵبەستن، دوزمانییکردن، درۆکردن، لەعنەتکردن، قسەی بەدڕەوشتیی، شایەتی درۆو چەندەهایتر.. هەموو ئەمانە هەڕەشەیان لەسەر هاتووەو زەمکراون ، بەڵگە زۆرە لەسەریان. ئێرە شوێنی بەڵگەکان نییە، شوێنی خۆیان تەفسیرەکانە: (تەفسیری سورەتی الحجرات)و بەشە تایبەتیەکانی (الادب) لە سەرچاوەکانی فەرموودە.

فیتنەی زمان لە کاریگەرترین و دژوارترین هۆکاری تێکچوونی نێوان موسوڵمانان و شیرازەپسانی پەیوەندییەکانیانە، کە لە دنیادا ناکۆکیان دەکات و لە رۆژی دواییشدا رەنجبەخەسار. خوا لاماندا. ئەوی سنوری خۆپاراستن و پەرژینە. ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە دەفەرموێ: (وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ) متفق عليه[١] واتە: ئەوی باوەڕی بەخوای گەورەو بە رۆژی دوایی هەیە با قسەی خێر بکات، یان بێدەنگ بێت.. نەوەوی رەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی دەفەرموێ: (فەرموودەکە راشکاوانە دەفەرموێ: دەبێ قسەی خێر بکات، یان مادام قسەکردنەکەی باشتربێت باشییەکە ئەوەیە کە بە قسەکردنەکەی بەرژەوەندییەك دێتەدیی، هەر کاتێك گومانی لەوە هەبوو کە بەرژەوەندییەکی پێناهێنێتەدیی قسەنەکات)... دەڵێم : جڵەو بۆ نەفست شلنەکەیت و مۆڵەتیبدەیت و هەنجەتی فریوودان بۆخۆت بهێنیتەوە، گوایە قسەکردنەکەت باشەو بەرژەوەندی زۆر لایەن دەهێنیتەدیی.

---

[١] بوخاری (٦١٣٨)، موسلیم (٦٦٠).

بەم بەهانەوە بکەویتە فیتنەسازییەکی زمانەوە.. فیڵنەکەیت.. فیڵکاریی لەموسوڵمان ناوەشێتەوە ئەویش کەسانی خۆی هەیە، مەگەر نابینیت خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلا يحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلاَّ بِأَهْلِهِ)فاطر/٤٣ واتە: فیڵکاریی و چەواشەکارییش کەسانی خۆی هەیەو هەر لەوانیش دەوەشێتەوە.. حەتمەن سزای تایبەت بەخۆشیان پڕاوپڕدەدرێن.

**٢-فزولی نەکردن و خۆهەڵنەقورتاندن لەکاری خەڵکی:**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (مِنْ حُسْنِ إِسْلَامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لَا يَعْنِيهِ)[1] واتە: لەموسوڵمانێتی کابراوەیە کە ئەوەی پەیوەندی بەوەوە نییە وەل (ترك)ی کات، وازی لێبهێنێت. ئەو شتەی کە پەیوەندی بە موسوڵمانەوە نییە لەوانەیە سیفەتێکی زاتی شتەکە بێت، وەکو ئەوەی حەرامە، یان مەکرووهە، یان جێی گومانە، لەوانەیە پەیوەندی بە کەسایەتی خەڵکی ترەوە هەبێت و پەیوەندی بەوەوە نەبێت. ئەمەش لێرەدا مەبەستەکەی ئێمەیە... دەشێت ئەو شتە کەسایەتییانە تایبەتمەندێتی (خصوصيات)تی کەسەکەن بن، ناشێت فزووڵیانە چاویان لەدوو بگێڕێت و سۆراغیانبکات، یان لێیانبپرسێت و جاسووسییان بەسەرەوە بکات، تا بزانیت چین و چەندن و هی کێن و بۆچین؟! یان بەدووداچوونیان تا کەلێن و کونێکی ژیانیان کەشفبکات، یان خاڵێکی لاوازیی، یان عەیبوعارێکیانی بۆ دەرکەوێت.. ئەمە چ سوودێکی هەیە؟ هیچ...

[1] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی (رواه الترمذي عن أبي هريرة وقال حديث حسن). راستە: ترمذی (٢٣١٨)، شێخی ئەلبانی لە (صحيح الجامع الصغير/ ٥٩١١) و (الروض النضير/٢٩٣ و ٣٢١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

کۆڵدان و وازهێنانت لەم رەفتارانە _کە هیچ سوودێکی دنیاو قیامەتی تێدانییە_ چاکترەو پێچەوانەکەی زیانی زۆرت پێدەگەینێت.. باشتر لەویش کوڵدان و وازهێنانە لە رەفتارێك کە سوور دەزانیت زیانتی تێدایە، کەچی هەر دەیکەیت! لەبەر خاتری سەرخستنی نەفسی خۆت. وا دەزانیت ئەگەر کۆڵتدا بەزیووانە دەردەکەویت!! لەراستیشدا کۆڵدانت تۆبەکردن و گەڕانەوە سەر ریبازە راستەکەی خوای گەورەیە.

ئەم رێسایە لە زۆر بواریتردا دەردەکەوێت، کە زەحمەتە بە کەسێك هەژمارە بکرێت چونکە راهێنانی نەفسی زۆر تێدایە، بەڵام ئەوەی هەمیشە بۆت دەبێتە باشترین پێوەر (مقیاس) ئەو پرسیارەیە کە لەخۆتی بکەیت: ئایا سوودی ئەم رەفتارەم (گوفتار یان کردار) چییە؟ ئەگەر سوودی نەبوو، دیارە پەیوەندی بە تۆوە نییە، ئەمەش سوودی بۆت نییە، ئەدی ئەوەی کە زیانی بۆت هەیە چی؟ ئەمە بەڵگەنەوویستی پیاوی ژیرە، پرسیارکردنەکەش دەربارەی زیادەیە.

خۆ خەریککردن بەوەی پەیوەندی بەتۆوە نییەو شوێن ئەم و ئەو کەوتن و گوێ لەمولەو گرتنی بێسوود حەتمەن نیشانەی کەمتەرخەمێتی و ئیهمالکردنی پاڵفتەکردنی دەروونە. ئەمە دژوارە، ئەوە سەرەتای وازلەخۆهێنانە. سەرەنجامەکەشی (خوذلان)ە واتە: خوا لێتدەگەڕێت و ئیهمالتدەکات. بۆیە دەرهەق غافڵێتی و بێهۆش و گۆشیی دەفەرموێ: (نَسُوا اللَّهَ فَأَنسَاهُمْ أَنفُسَهُمْ) الحشر/١٩ خوایان لەبیرکرد، خوای گەورەش خۆیانی بەخۆیان فەرامۆشکرد ، کە نەکەونەوە سەر رەفتارێك کە هیدایەت و سەرفرازیانی تێدایە.

ئیبنورەجەبی حەنبەلی دەفەرموێ: (ئەم فەرموودەیە یەکێکە لە بنەما مەزنەکانی ئاداب و رەوشت. ئیمامی ئەبوعەمری کوڕی سەلاح لە ئەبومحمدی کوڕی ئەبوزەیدەو _کە لەزەمانی خۆیدا ئیمامی مالیکییەکان بوو_ گێڕایەوە: (سەرجەمی ئاداب و رەوشتە پەسەندەکان و سەرەداویان لەچوار فەرموودەوە هاتوون: فەرموودەی (وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ)[١] واتە : هەر کەسێك باوەڕی بەخواو رۆژی دوایی هەیە باقسەی خێر بکات یان بێدەنگبێت، هەروەها (مِنْ حُسْنِ إِسْلَامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لَا يَعْنِيهِ) لە چاکموسوڵمانێتی کابرا ئەوەیە کە ئەوەی پەیوەندی بەوەوە نییە وەل (تەرك)ی کات و خۆی تێهەڵنەقورتێنیت. وە (لا تَغضَبْ)[٢] تووڕەمەبە. بەو کەسەی فەرموو کە عەرزی کرد: (پێی ووت) ئامۆژگارییەکم بکە. ئەویش فەرمووی: توڕە مەبە. چوارەمیان (لا يُؤْمِنُ أَحدُكُمْ حتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ)[٣] واتە: ئەو کەسەتان باوەڕی نییە ئەگەر ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە، بۆ براکەشی پێخۆش نەبێت.

مانای ئەم فەرموودەیەش (مِنْ حُسْنِ إِسْلَامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لَا يَعْنِيهِ) واتە: هەر کەسێك موسوڵمانێتی ساغبێت، ئیسلامەتییەکەی سەرڕاستانە گرتبێت، تەدەخول لە شتی خەڵکیدا ناکات، کە جێبایەخی ئەم نییە، کە پەیوەندی بەمەوە نییە، شتێك کە لەمەبەستەکانی ئەمدا نییە.. دیسان لە

---

[١] بوخاری (٦٠١٨)، موسلیم (٦٦٠).

[٢] بوخاری (٥٧٦٥).

[٣] بوخاری (١٣)، موسلیم (٤٥).

چاکموسوڵمانێتی و پەسەندیی موسوڵمانەکە ئەوەیە کە خۆ لە حەرام و گومانلێکراوو مەکروهەکان لابدات. تەنانەت زۆر لە ڕێپێدراوەکانیش، کە پێویستی پێی نییە. ئەمانە کوا جێبایەخی موسوڵمانن؟ تا بایەخیان ئەوەندە پێبدات، کە خۆ لە کاری خەڵکی هەڵقورێنێت بۆیان؟! تا دەگاتە: (یەکێك لەو بوارانەی ئەم تەدەخولنەکردنە دەیگرێتەوە مەیدانی زمانگرتنەوەیەتی، لە زۆربڵێیی و قسەی هەلەقومەلەق.. ڕەحمەتی خوا لە عومەری کوڕی عبدالعەزیز بێت کە فەرموویەتی: هەر کەسێك قسەکانی هەژمارد بکرێت، مانای وایە کردەوەی زۆرەو تەدەخول لە شتێکدا ناکات کە پەیوەندی بەوەوە نییە.. ئەمەش وایە. هەیە قسەی لەچاو کرداریيدا کەمە.. بەڵام ئەم کەسانەش کەمن.. تا دەگاتە ئەوەی دەفەرموێ: (لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ) النساء؟١١٤ واتە: خێر لە زۆر لەو قسانەیاندا نییە کە بۆ یەکتریی دەکەن، مەگەر ئەوانەی پەیوەندییان بەفەرمان و هاندان لەسەر خێرو خێراتێك یان چاکەو چاکسازییەك، یان ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نیوان خەڵکییەوە هەبێت. ئەبوعوبەیدە لە حەسەنی بەسرییەوە دەگێڕێتەوە کە دەیفەرموو: لە نیشانەی ڕوو وەرگێڕانی خوای گەورە لە عەبدێك: مەشغووڵبوونیتی بە تەدەخولکردنی لە کاروباری خەڵکیدا، کە پەیوەندی بەوەوە نییە.. ئەمە خوزلانە، خوای گەورە ئەم کەسەی وەلکردووە، بۆیە بەکاری چاك و بەسوودی خۆیەوە خەریکی ناکاتەوە )[١].

[١] ئیبنوعەبدولبەڕ: (جامع العلوم والحكم/ ل٩٧_١٠).

دەبینیت وەکو پێشتر روونمانکردەوە: لەباسی فەرموودەی: (فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ) و لە فەموودەی: (حتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ)دا ووتمان جەخت لەسەر ئەوەیە کە موسوڵمان پێش ئەوەی قسەبدرکێنێت، یان کردارێك دەستداتێ، پێویستە باش بیریلێکردبێتەوە، نەك قسەیەک بکات کە لەگەڵ حەزی خۆیدا، یان لەگەڵ هەواوهەوەسی خۆیدایە، یان لەگەڵ هەواو هەوەس وحەزی کۆڕەکەدایە. ئەگەر بیری لە قسەو کردارەکە کردەوەو زانی خێری تێدایە بۆی، با بیکات، چونکە بەچاوساغییەوە گوێی لە خوای گەورە گرتووە، کە لە باسی دۆزەخیەکاندا دەفەرموێ: (وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصحَابِ السَّعِيرِ) الملك/١٠ واتە: ئەگەر چاك گوێمانبگرتایەو ئەقڵمان پێبشکایە، ئاوا نەدەبوینە دۆزەخیی! بەمەشدا دەزانی کە ژیریی چ نیعمەتێکی گەورەیەو بیرکردنەوەو تێفکرین وپەیپێبردن چەند راست و دروستەو ئامۆژگاری وەرگرتنیش چەند پێویستە، کە لە شوێنی وەکو ئێرەدا ووتراوە : بیرکەرەوە پێش ئەوەی بڵێیت، بیرکەرەوە پێش ئەوەی بڵێیت، بیرکەرەوە پێشە ئەوەی بکەت.

**٣-خۆگرتنەوە لە خۆبەزلزانین و پۆزلێدان بەسەریاندا:**

خۆبەزلزانین لە نەخۆشیەکانی دەروونە، کە لە زۆر تێکەڵاوی خەڵکییدا دەردەکەوێت. لە زۆر شێوەو چۆنیەتییدا دەردەکەوێت. پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم زۆرینەیانی لەو فەرمووده رەوانبێژییەی خۆیدا کۆکردۆتەوە، کە

دەفەرموێ: (الكِبْرُ بَطَرُ الحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ)[١]موسليم واتە: خۆبەزلزانین ڕەتکردنەوەی حەق و سوکایەتیکردنە بەخەڵکی.

بَطَرُ الحَقِّ: واتە قبوڵنەکردنی حەق و ڕەفزکردنەوەو گوێپێنەدانی. ئەمەش زۆر شێوەو چۆنیەتی هەیە. لەوانە: گوێنەگرتن لەحەق و ڕەفزکردنەوەی، هەر لەسەرەتای بیستنەوەو ڕێگرتن لەخەمخواران و ڕێنەدان بە دەرکەوتن و قسەکردنییان. هەروەها موناقەشەکردنی بەرامبەرەکە بۆ بەزاندنی، یان بۆ گاڵتەپێکردن و تانەو تەشەرلێدان و بەسووکناساندنی حەق و چەندین شێوازی تر، کە هەمووی لە (حەزی خۆسەرخستن)وە دێن.

ئەمما غَمْطُ النَّاسِ: ئەوە هەموو جۆرە گاڵتەپێکردن و بە بچوك و کەمدانان و سووکایەتی پێکردنێک دەگرێتەوە، کە دەشێت بە قسە بێت، یان بە ئاماژە، یان بە کردار، یان بە وەسفکردنێك کە لە ناو خەڵکیدا کەمێتییە وەکو : گەلۆرو نەزان و لەبرسامردوو (بۆ هەژار) و قسەووتن بە رهەچەڵەك و نەسەبی، یان تانەدان لێی، بە هۆی کەمئندامییەوە. خۆبەزلزانین ئەو لووتبەرزییەش دەگرێتەوە کە نایەوێت لەگەڵ هەموو کەسێکدا ببینرێت، یان ناچێتە ماڵ و دیداری هەموو کەس، لەبەر ئەوەی ئەوان بە کەم و بچوك دەزانێت و خۆشی بە گەورە! یان نەیەوێت لەگەڵیدا بخوات، یان نەخوازێت لە ناو یەك سەریارەدا بن، یان وەڵامی هەموو سەلامێك نەداتەوەو پێی خۆشبێت خەڵکی بە دەوروبەرییەوەبن، کە هەستا لەبەری هەستن. هەروەها لەهاتن و چوونییدا.

---

[١] موسليم (٩١)، ئەبوداوود (٤٠٩١)، ترمذی (١٩٩٩)، ئیبنوماجە (٥٩).

یان رازینابێت تا لە لای سەرەوەی کۆڕو دیوان جێی بۆ نەکەنەوە. یان نەهێڵێت کەس قسەی لەقسەدا بکات، یان حەزکردن بە جیاوازبوون لە غەیری پێویستی کارو ئەرکدا لەبراکانی تری.. وەهەروەها.

بەشێوەیەکی گشتی (خۆبەزلزان خۆی بە کامڵ و دەوروبەریی بە کەم و نوقسان دەبینێت، بۆیە سووك تەماشایاندەکات و بە شایانی هاوشانی خۆییان نازانێت، یان بەشیاوی پلەو ئاست و کارەکانی خۆییان نازانێت، بۆیە حەقیان لێوە وەرناگرێت کە بەڵگەشی بۆدێننەوە رەتیدەکاتەوە ).

زۆرینەی جاران خۆبەزلزان لە سەرسامبوونی بە خۆی و بە کەمزانینی خەڵکی، قسەیان پێدەڵێ، زیانیان پێدەگەێنێت، ئازاریاندەدات.. چارەسەری ئەوە هۆشدانەوەو تێفکرینە لە سەرەتاو کۆتایی ژیانی خۆی، هەستکردنەوە بە بەگەورەو مەزنیی و دەسەڵاتدارێتی خوای گەورە، ئەوە خوای گەورەیە کە ئەو هەموو نیعمەتە زۆرەی بەم عەبدە لاوازو سەرکەش و لارەی بەخشیووەو لێی ناگرێتەوە. هەستکردن بەو نیعمەتەی بە تۆی بەخشیووەو لە خەڵکیتری گرتۆتەوە. نیعمەتی خوا بە سوپاسکردن و شوکرانەبژێریی دەپارێزرێت، نەك بە خۆبەزلزانین و لووتبەرزیی و هەواوفیزیی. خۆبەزلزان ئەوەندە گێلە خۆی دەبینێت خوای گەورەی خاوەنی نیعمەتی نابینێ! وا رەوشتی خۆی لەبەرچاوەو پێی گەورەو پارسەنگە، کەچی دەسەڵات و دادی خوایی نابینیت! سەیرە. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ

کِبْرٍ)[١] واتە: ئەوی گەردانەیەك خۆبەزلزانینی لەدڵدا بێت، داخڵی بەهەشت نابێت.

خۆبەزلزانین درمی ناو کۆمەڵکاران و لوغمی کۆمەڵکارییە.. زۆر زەحمەتە خۆبەزلزان بۆ کۆمەڵکاری بشێت، چونکە تەوەرەی سەرەکی کۆمەڵکاریی گیانی هەرەوەزیی و پێکەوە گونجان و هاریکارییکردنی یەکترییە، خۆبەزلزانیش ئەمانەی تێدانیە، پێشی پەیداناکرێن تا لووتبەرزییەکەی چارەسەرنەکرێت.

## ٤-زیان نەگەیاندن بەخەڵکی:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (لاضرر ولاضرار )[٢] نەزیان لە خۆت بدە، نە لە خەڵکی، نەواش بکە زیانت لێبدەن... (ضرر) دیارە کە زیانە. کورد هەر بەزەرەریش ناوی دەهێنێت.

(ضرار): زەربەلێدانی یەکترە، واتە: ئەم زیان بە براکەی دەگەینێت ئەویش زیانێکی پێ دەگەێنیتەوە، هەر یەکەیان زەربەیەك لەویتریان دەدات. هەموو فیتنەسازییەکانی زمان دەچنە خانەی زیانلێدانەوە. هەروەها خۆبەزلزانین و تەدەخولکردن لە کاروباری خەڵکی. هەروەها حەزکردنت بە زیان لێکەوتنی

[١] موسلیم (٩١)، ئەبوداوود (٤٠٩١)، ترمذی (١٩٩٩)، ئیبنوماجە (٥٩).

[٢] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (رواه ابن ماجه والدارقطني عن أبي سعيد). راستە: دارەقوطنی (٢٢٨/٤ ژ:٨٦)، ئیبنوماجە (٧٨٤/٧ ژ: ٢٣٤١)، ئەحمەد (٣١٣/١)، بەیهیقی (٦٩/٦)، الحاکم (٥٧٧/٢)، دەشفەرموێ: بە پێی مەرجەکانی بوخاری و موسلیمە، ئیمامی ذەهەبیش لایەنگیریی بووە. ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ٧٧٨/١ و (إرواء الغليل ٤١٠/٣) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

براکەت و پەککەوتن و نەمانی خۆی بێت یان سامان و پلەو ئاستی ناو خەڵکیی، یان سووکبوون و حەیاچوون و تکانی ئابڕوی خۆی، یان هاوسەرو کەسوکاریی. دیسان بەغیلیپێنبردن (ئێرەیی) و ئەوی بەدوایدا دیت، لە گومانی خراپ و رقلێبوونەوەو بوغزاندنی.. هەروەها خۆشیدەربرین لەکێشەو موسیبەتی ئەودا. لە ئەوەش وا لەژێر هەڕەشەدا. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (لا تُظْهِرِ الشَّمَاتَةَ لأَخِيكَ فَيَرْحَمَهُ اللَّهُ وَيَبْتَلِيكَ)[١] خۆشحاڵی لە کارەساتی براکەت دەرمەبڕە، دەنا خوای گەورە رەحم بەو دەکات و تۆ تووشدەکات.

هەر لە بازنەی زیاندا: فریوودان و هەڵخەڵەتاندن لە سەوداو مامەڵەو گرێبەست و رێکەوتن. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (وَمَنْ غَشَّنَا، فَلَيْسَ مِنَّا)[٢] ئەوی غەش (فێڵی) لێکردین لە ئێمە نییە. غەش لەزۆرشتدایە ، غەشکردن لە ئامۆژگاریی و راوێژیشدایە! کە بەو شیوەیە نایکات کە سوودی بەرامبەرەکەی تێدابێت. ستەم و دەستدرێژیش لەبازنەی غەشکاریدایە. پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (اتَّقُوا الظُّلْمَ، فَإِنَّ الظُّلْمَ ظُلُمَاتٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[٣] واتە: خۆ لە ستەمکردن بپارێزن (زوڵممەکەن) بەتەئکید ستەمکردن لە قیامەتدا تاریکاییە.. بوخارییش رحمەاللە لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی رازی بێت لە

[١] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (رواه الترمذي واقال حديث حسن عن واثلة بن الأسقع مرفوعا). راستە: ترمذی (٢٥٠٦)، ئەحمەد (٣٣٧٩)، طەبەرانی لە: الكبير (١٢٧) و لە الأوسط (٣٧٣٩)، ئیبنوحیببان (٢١٣/٢). شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٥٤٢٦)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

[٢] موسلیم (١٤٧)، ترمذی (١٣١٥).

[٣] موسلیم (٦٦٦٨)، بوخاری لە (الأدب المفرد/ ٤٨٣)، ئەحمەد (١٤٥١٥).

فەرموودەی (مەرفوع)دا دەگێڕێتەوە: (مَنْ كَانَتْ لَهُ مَظْلَمَةٌ لأَخِيهِ مِنْ عِرْضِهِ أَوْ شَيْءٍ فَلْيَتَحَلَّلْهُ مِنْهُ الْيَوْمَ قَبْلَ أَنْ لا يَكُونَ دِينَارٌ وَلا دِرْهَمٌ إِنْ كَانَ لَهُ عَمَلٌ صَالِحٌ أُخِذَ مِنْهُ بِقَدْرِ مَظْلَمَتِهِ وَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسَنَاتٌ أُخِذَ مِنْ سَيِّئَاتِ صَاحِبِهِ فَحُمِلَ عَلَيْهِ)[١] واتە: هەر کەسێك ستەمێکی لە براکەی کردووە (قسەیەك یان شتێکی لێکردووە) با ئەمرۆ گەردنی خۆیی پێ ئازادبکات، پێش ئەوەی رۆژێک بێت کە نە دینار بەهەنایەوە دێت و نەدرهەم، ئەگەر کاری چاکەی هەبوو ئەوە بە تەئکید بەقەدەر ئەو بڕەستەمەی کە لە براکەیی کردووە، لێی وەردەگیرێتەوە، ئەگەر چاکەشی نەبوو، یان نەما، لە خراپەی هاوڕێ مافخوراوەکە هەڵدەگیرێت و دەخرێتە سەر گوناحی ستەمکارەکە.

لەو زیانەی کە دەشیت بێئاگایانە، یان بەئاگایانە، رەوتەوان لە براکانی بدات، یان لە یەکێکیان: کەشفکردنی ناو یان ناونیشانی، یان ئاشکراکردنی زانیاری ناسینەوەی، یان زیانگەیاندن بەو شتانەی لەبەردەست هەمواندایە: (پارە، چەك، دەزگا، دائیرە، رێکخراو، هۆکاری راگەیاندن، ناوولیستی رێکخستن.. پەیوەندییەکان یان سەیارە و کەلوپەلی کۆمەڵکارییەکە، یان کەشفکردنی شوێنی پێکەوە ژیان، یان رەفتاریی نەمەسئوولانەی وەکو دەرگا دانەخستن، راسپاردە نەپاراستن، یان میوانی غەریبە هێنانەوە، یان ئیهمال کردنی کارەباو ئاگرو غازو ... هتد) هەروەها توندوتیژبوون لەسەر شوێنکەوتووان و موجاهیدان و مەشقی سەخت و زۆریی پاسەوانێتی و زۆرقورس لەکۆڵدان و کەمکردنەوەی کاتی حەوانەوە، یان لە رێکخستندا زۆر توندوتیژبوون،

---

[١] بوخاری (٢٢٩٦).

زۆرموحاسەبەکردن، یان ناوهێنانیان لەدەزگاکانی راگەیاندندا، یان ئیهمالکردنی بەرهەمیان و ڕێگرتن لە دەرکەوتنیان، یان بە سزادانیان لە دائیرەدا، یان تەرفیعنەکردن و مەحرووکردنیان لە هەندێ ئیمتیازاتی مافی خۆیان.. سەدان شێوازو چۆنیەتی لە دەیان بواردا هەیە، کە هەموو لە خانەی زوڵم و دەستدرێژیی و زیانداندانداندایە، کە دەبێ ڕەوتەوان دینداریی و پارسەنگیی تەقوای خۆیی تێدا بپارێزێت و پارسەنگیی و دادپەروەریی خۆی بۆ کەفوکوڵێکی حەزی ناخی خۆی لەدەست نەدا، کە دەبوایە کۆنترۆڵی بکات. دیسان لە ریزی زوڵم و دەستدرێژیی لە خەڵکی: ڕەچاونەکردنی بارودۆخی گشتی و پاکوخاوێنی و سەلامەتییاندا. کەسێك خۆڵ و خاشاکی خۆی لەسەر رێی گشتی دەڕێژێت، یان پیسایدەکات. ئەمە جێهەڕەشەی پێغەمبەری خوایە ﷺ کەدەیفەرموو: (اِتَّقُوا اللعَّانَيْنْ. قالوا: وما اللَعَّانَانِ يا رسولَ الله؟ قال :الذي يَتَخلَّى في طريقِ النَّاسِ أَوْ في ظِلِّهِمْ)[١] واتە: خۆتان بەدووربگرن لەو دوو کەسەی نەفرین دەکرێن (ڕەفتاریان مایەی مایەی لەعنەتە کە دوورخستنەوەیە لە بەزەیی خوای گەورە) ووتیان: ئەو دوو کەس و ڕەفتارو جێ لەعنەتکارییە کامانەن؟ فەرمووی: ئەو کەسەی پیسای لە رێ خەڵکیدا یان لە ژێر درەخت و سایەی خەڵکییدا دەکات. واتە: دەستبەئاوگەیاندن لەو شوێنانەی خەڵکی پێدا دێت و دەچێت، یان دادەنیشن لێی.. هەروەها میزکردن لە شوینی گشتی، کە مافی هەموانە. وەکو میزکردنە ناو ئاوی گۆم و حەوزو ئەستێڵك، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ

---

[١] موسلیم (٢٧١).

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (نَهَى أنْ يُبَالَ فِي المَاءِ الرَّاكِدِ)[١] واتە: بەرهەڵستی لە میزکردن کردووە لە ئاوی وەستاودا.

هەر لە ڕیزی زیاندان لە خەڵکی: دانانی نەخۆش لای لەشساغەوە، کە لەوانەیە نەخۆشیەکە بۆ ساغەکەش نەقڵبێت. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (لا توردُوا مُمْرِضٌ على مُصِحٍّ) متفق عليه[٢] واتە: نەخۆش مەبەنە لای لەشساغ. ئەمە پێچەوانەی ئەو فەرموودەیە نییە کە دەفەرموێ: (لا عَدْوَى)[٣] واتە نەخۆشی لەکەسێکەوە ناچێت بۆ کەسیکیتر. لەبەر ئەوەی گونجاندنی هەردوو فەرموودەکە شیاوە.

لە ئازاردان و زیاندان لە برایانی خۆت: دەرس لێتێکدانیان، یان دەنگهەڵبڕین لای نووستووەوە. خوای گەورە بەگشتی قسەکردن بەدەنگی بەرز دەبوغزێنێت، کە هیچ زەرورەتێکی نەبێت. بۆیە دەفەرموێ: (.. وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ)لقمان/١٩ واتە: لە قسەکردندا ئاستی دەنگت نزمکە ، ناخۆشترین دەنگ کە کەس حەزی پێ نییە، زەڕینی گوێدرێژە.

لە زیان و ئازاردانە کە دووکەس بە چرپە قسەدەکەن و سێیەمیشیان لایە. ئەمە ڕێپیدراونییە. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (إِذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةً فَلَا يَتَنَاجَى

---

[١] موسلیم (٢٨١).

[٢] بوخاری (٥٤٣٧)، موسلیم (٢٢٢٠).

[٣] بوخاری (٥٧٧٦)، موسلیم (٢٢٢٤).

رَجُلَانِ دُونَ الْآخَرِ حَتَّى تَخْتَلِطُوا بِالنَّاسِ أَجْلَ أَنْ يُحْزِنَهُ)متفق عليه[١] واتە: ئەگەر سێ کەس بوون دوانتان بەچرپە جیا لەویترتان قسەنەکات، تا تێکەڵ بە خەڵکانیتر دەبن، چونکە ئەوە بۆ سێیەمەکە دەبێتەمایەی خەم. ئەمەش ڕەفتارێکی تاقیکراوەیەو هەموو کەسێك دەزانی. بەهەمان شێوەش تۆ هاتوویت قسە بۆ هەموان بکەیت، بەڵام روو تەنها لە یەکێکیان بکەیت. بوخاریی لە (الأدب المفرد)دا لە حەبیبی کوڕی ئەبوثابتەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە (كَانُوا يُحِبُّونَ إِذَا حَدَّثَ الرَّجُلُ أَنْ لَا يُقْبِلَ عَلَى الرَّجُلِ الْوَاحِدِ، وَلَكِنْ لِيَعُمَّهُمْ)[٢] واتە: یاوەران حەزیاندەکرد کە ئەگەر یەکێک قسەی بۆ کردن رووی دەمی نەکاتە تەنها یەکێکیان، بەڵکو روو لە هەموویانکات.

لە زیاندانە کە تۆ چارەی یەکێکت ناوێ یان حەزت بە رەفتاری نییە، بەڵام دەتەوێ بە قسە، یان بە کردەوە ئازاری دەروونی پێبگەینیت. بوخاری لە (لادب المفرد) دا لەئیبنوعەمەرەوە لە باوکیەوە خوا لێیان رازی بێت دەگێڕیتەوە کە سەیدنا عومەر دەیفەرموو: (لا يَكُنْ حُبُّكَ كَلَفًا ولا بُغْضُكَ تَلَفًا. فَقُلتُ: كَيفَ ذاكَ؟! قالَ: إذَا أحْبَبْتَ كَلَفْتَ كَلَفَ الصَّبِي، وإذا أبْغَضْتَ أحْبَبْتَ لِصاحِبِكَ التَّلَفَ)[٣] واتە: خۆشەوویستیت هۆگرانە نەبێت. بوغزاندنیشت گڕووگرتن نەبێت. عەرزمکرد: ئەمە چۆن وایە؟ فەرمووی: وا مەبە کە خۆشتوویست وەك

[١] بوخاری (٦٢٩٠)، موسلیم (٢١٨٤).

[٢] بوخاری لە (الأدب المفرد/١٣٠٤/٩٧٩ ) شێخی ئەلبانی لە توێژینەوەی فەرموودەکەدا هەر لەو کتێبەدا دەفەرموێ: حسن الإسناد مقطوعا.

[٣] بوخاری لە (الأدب المفرد/١٣٢٢).

منداڵ (سۆزدارانە) هۆگری ببیت، کە بوغزاندیشت حەز بە تێکوپێکدان و فەوتانی بکەیت.

## ٥- دوورکەوتنەوە لە بەدگومانی:

خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ)الحجرات/١٢ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە زۆر خۆتان بەدووربگرن لە بردنی گومانی خراپ، هەندێك گومان گوناحە.. پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێ: (إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ) متفق عليه[١] واتە: لە بردنی گومان خراپ بەحەزەربن ، چونکە گومانی بەد درۆترین قسەیە.

بەدگومانی بەرەو جاسوسیکردن دەبات. تۆ کە گومانی خراپت بە براکەت برد، گومانەکەت دەتبات بۆ بەدواداچوون و جاسووسیی لەسەر کردنی، چ خۆت بیکەیت (کە تەحەسسوسە) چ بە کەسانی تری بکەیت (کە تەجەسسوسە) چونکە هەردەتەوێت گومانە کەت بسەلمێنیت ونیتە بەر جاوان کە گوایە راست بووە ولەشوێنی خۆیدا بووە لەم روانگەوەیە کە دەبینیت بەدانایی لەئایەتەکەدا بەدگومانی وجاسوسی وغەیبت بەدوای یەکدا ریزکراون کەدەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا )الحجرات/١٢ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە، خۆتان زۆر بەدووربگرن لە بەدگومانیی. هەندێك گومان گوناحە. جاسووسیی بەسەر یەکترەوهە مەکەن و غەیبەتی یەکتریی مەکەن. گومانە خراپەکەت وات

---

[١] بوخاری (٦٠٦٤).

لێدەکات جاسووسیبکەیت، تا هەندێك زانیاریت لەسەر براکەت کۆدەکەیتەوە، ئەو کاتە خۆ لەسەر گرتن و شاردنەوەی ناگریت و حەتمەن دەکەویتە باسکردنی، کە غەیبەتە. ئاوا خراپەکاریی یەکەم بۆ خراپەکاریی دووەم و سێیەمت دەبات، تا تۆبەی لێدەکەیت. خوای گەورە تۆبەی ئەو کەسانە قبوڵدەکات کە وازلەگوناحەکە دێنن و پەشیماندەبنەوەو خۆڕاستدەکەنەوە.

بەم بۆنەیەشەوە ئەوەی کە ئیبنوحەجەری عەسقەلانی لەم بوارەدا هێناویێتیەوە لە باسی بەسەرهاتی سەیدنا موساو سەیدنا خدردا سەلامی خوایان لێ بێت کە سەیدنا موسا زۆرخێرا نکوڵی لە کارەکانی سەیدنا خدر دەکردو بەرهەڵستی دەکرد، بەڵام کە سەیدنا خدر وێنەی روداوەکانی بۆ روونکردەوە، لە حیکمەتی کارەکان گەیشت و زانی پەلەیکردوە. ئیبنوحەجەر دەفەرموێ: (ئەو پەندو ئامۆژگارییەی لێ وەردەگیرێت کە دەبێت لە دیتنی روداوێکدا _کە ئەگەری زۆری تێدایە_ دەبێ ئارامانە رەفتار بکرێت و نابێت یەکسەر دژایەتی بکرێت)[١] ئەمە بۆ ئێمەش جێی پەندو ئامۆژگارییە، جێی خۆیەتی کە برایانمان لە رەوتەکە بەئاگابهێنینەوە کەسەبر لەسەر رەفتاری براکانی تریان _بەتایبەتی سەروی خۆیان_ نەگرن و خێرا نەکەونە نکووڵیکردن و بەرهەڵستییکردنی کارەکانیان، کە دەشێت هەندێك لایەنی کردارەکە لە بارودۆخی تایبەتدا پەنهان کرابێت. با هەموو گومانی باش بە یەکتریی ببەین مادام کردارەکە ئەگەر (ئیحتمالات) هەڵدەگرێت.

---

[١] فتح الباري (١/٢٢٢).

**٦- وەرگرتنی مۆڵەتی ڕێپێدان:**

مۆڵەت وەرگرتن بۆ ڕێپێدانی رەفتار (گوفتار بێت یان كردار) لە شوێنی تایبەتدا فەرزە، چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: (يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَىٰ أَهْلِهَا) النور/٢٧ واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتانهێناوە مەچنە ماڵانێكی غەیری ماڵەكانی خۆتان تا مۆڵەتی ڕێپێدانی چوونەژوورەوە وەرنەگرن و سڵاو لە نیشتەجێیانی نەكەن.

پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێ: (إِذَا اسْتَأْذَنَ أَحَدُكُمْ ثَلَاثًا فَلَمْ يُؤْذَنْ لَهُ فَلْيَرْجِعْ) متفق عليه[1] واتە: ئەگەر یەكێكتان سێجار مۆڵەتی چوونە ماڵێكی خواست و مۆڵەتیان نەداێ با بگەڕێتەوە... سەهلی كوڕی سەعد خوا لێی رازی بێت لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: (إِنَّمَا جُعِلَ الِاسْتِئْذَانُ مِنْ أَجْلِ الْبَصَرِ) متفق عليه[2] واتە : داوای مۆڵەتی چوونەماڵ لەبەرخاتری سەیرنەكردن دانراوە. یەعنی بۆ ئەوەی كە لە ماڵدایە بە بێمۆڵەتی خاوەن ماڵەكە نەبینرێت و نەبیسترێت، لە عەورەت و نهێنی شتی تایبەت.. ئەوەش كە لەم خانەدایە نامەو كتێبی تایبەت، یان جانتا و مەلەف و كۆمپیوتەرو مۆبایل و... هتد هیچیان بە بێمۆڵەتی خاوەنەكانیان نابێت تەماشابكرێن.. ئەبوداوود لەئیبنوعەبباسەوە خوا لێیان رازی بێت فەرموودەیەكی (مەرفوع)ی هێناوەتەوە، دەفەرموێ: (مَنْ نَظَرَ فِي كِتَابِ أَخِيهِ

---

[1] بوخاری (٥٨٩١)، موسلیم (٢١٥٣).

[2] بوخاری (٥٨٨٧)، موسلیم (٢١٥٦).

بِغَيْرِ إِذْنِهِ فَإِنَّمَا يَنْظُرُ فِي النَّارِ) زەعیفە[١] واتە: هەر کەسێك بە بێمۆڵەتوەرگرتن تەماشای نامە (کتێب)ی براکەی بکات وەکو ئەوەیە تەماشای ئاگری دۆزەخی کردبێت.

ئەوەی لەم ڕێسایە بەدەرە ئەو کەسەیە کە گومانی (جاسووسییکردنی لەسەر موسوڵمانان) لەسەرە، کە دەشێت _بێزانیاریی و ڕێپێدانی خۆی_ تەماشای شتە تایبەتییەکانی بکرێت. زۆربەی جاسووسی دوژمنانیش لەم ڕێییەوە کەشفدەکرێن. بوخاریی رحمەالله لە سەحیحەکەیدا لە بابی (**باب من نظر في كتاب من يحذر على المسلمين ليستبين أمره**) واتە بەندی: شیاوێتی تەماشاکردنی نامەی ئەو کەسەی حەزەر (گومان)ی لێ دەکرێت کە جاسووس بێت بەسەر موسوڵمانانەوە، تا ڕاستییەکەی ڕوونبکرێتەوە. ئینجا بەسەرهاتی حاطەبی کوڕی ئەبوبەلتەعەی خوا لێی ڕازی بێت هێناوەتەوە کە نامەیەکی _پێش فەتحی مەککە_ بۆ سەرانی قوڕەیش ناردو هەواڵی تێدا بۆ نووسیبوون کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیەوێت هێرشبکاتە سەر مەککە.. کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەیدنا عەلی و میقدادی کوڕی ئەسوەدی نارد نامەکە لە نیوەی ڕێگا بگێڕنەوە، کە بە ئافرەتێکە سواری حوشترێك بووەو گەیشتوتە فڵان شوێن، ئەوانیش چوون و نامەیەکەیان لێسەندو هێنایانەوە. ئیبنوحەجەر رحمەالله لە شەرحییدا دەفەرموێ: (وا دیارە ئاماژە بەوە دەکات (مەبەستی بوخارییە) کە ئەسەرێك

---

[١] نووسەری بەڕێز هەر ئەوەندەی نوسیووە کە زەعیفە. بەڵێ، وایە. ئەبوداوود (١٤٨٥)، طەبەرانی لە: (المعجم الكبير/١٠٧٨١)، حاکم (٤٢٧٠). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة/٥٤٢٥ )دا دەفەرموێ زەعیفە.

هەیە لەسەر ڕێگرتن لە تەماشاکردنی نامەی خەڵکی، بەڵام دەیەوێت ئەوە روونبکاتەوە کە ناردنی ئەو نامەیەی حاطەب خوا لێی رازی بێت کەشفبوو، ئەو هێنانەوەو خوێندنەوەیەی لەپێشترە وەك لەو ڕێگرتنە لە تەماشاکردنی نامەی شەخسی کەسەکان، چونکە خراپەکارییەکی گەورەتر لە خراپەی تەماشاکردنی نامەکەی پێڕادەوەستێندرێت. ئەسەرەکەش ئەوەیە کە ئەبوداوود لە ئیبنوعەبباسەوە خوا لێ یان رازی بێت گێڕاویتیەوە کە دەفەرموێ: (مَنْ نَظَرَ فِي كِتَابِ أَخِيهِ بِغَيْرِ إِذْنِهِ فَإِنَّمَا يَنْظُرُ فِي النَّارِ)زەعیفە. تا دەگاتە ئەوە کە دەفەرموێ: (موهەللەب دەفەرموێ: تەماشاکردنی نامەی کەس بە بێوەرگرتنی مۆڵەت خۆی جائیزنییە) ئینجا ئیبنوحەجەر دەفەرموێ: (ئەمە وایە، بۆ هەر کەسێك کە گومانی لەسەر نەبێت، ئەمما ئەو کەسەی گومانی جاسووسییکردنی لەسەرە لەسەر موسوڵمانان حەرام نییە بە بێوەرگرتنی مۆڵەتی خۆی سەیری نامەی بکرێت)[1].

**٧-ڕووی چەقۆ نەکەیتە براکانت:**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (مَنْ أَشَارَ إِلَى أَخِيهِ بِحَدِيدَةٍ، فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ تَلْعَنُهُ حَتَّى يَدَعَهُ وَإِنْ كَانَ أَخَاهُ لأَبِيهِ وَأُمِّهِ) موسلیم[2] واتە: هەر کەسێک ڕووی ئاسنێك لە براکەی بکات، ئەوە فریشتەکان _تا ئەو کاتەی ئاسنەکە دا دەنێتەوە_ لەعنەتی لێدەکەن، با برای دایکوباوکی خۆشی بێت. لەعنەتی فریشتە

---

[1] فتح الباري (٤٧/١١).

[2] موسلیم (٢٦١٦)، ترمذی (٢١٦٢).

یەعنی لە خوای گەورە دەپاڕێنەوە: خوایە لە رەحمەتی خۆت دووریخەرەوەو مەحرومیبکە لێی!.

وەشەی (حديدة) پارچە ئاسن ، هەموو چەقۆو شمشێرو تیرو رمی ئەو زەمانەی گرتۆتەوە، کە چەك بوون، چونکە لە فەرموودەی تری سەحیحدا هاتووە: (لَا يُشِيرُ أَحَدُكُمْ إِلَى أَخِيهِ بِالسِّلَاحِ، فَإِنَّهُ لَا يَدْرِي أَحَدُكُمْ لَعَلَّ الشَّيْطَانَ يَنْزِعُ فِي يَدِهِ فَيَقَعُ فِي حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ) متفق عليه[١] واتە: کەستان رووی چەکەکەی نەکاتە براکەی، چونکە ئاگای لەخۆنامێنیت کە شەیتان وای لێدەکات بەکاری بهێنێت، ئیدی دەکەوێتە چاڵێکی ئاگری دۆزەخەوە. یەعنی لەپڕێکدا شتیکی لێ دێت و براکەی خۆی پێدەکوژریت، ئەمەش دەبێتە هۆی سزادانی بە دۆزەخ.

ئەمە لەم سەردەمەدا رۆشنترو دژوارترە، چونکە چەکی ئەم زەمانە خێراکوژترە، لەوانەیە چەکی پێبێت و میلی راکێشرابێت، ئاسانترین راکێشانی پەلەپیتکەکەی کوشتنێك دەقەومێنێت. بۆیە بە هیچ شێوەیەك تەنانەت لە مەشقیشدا نابیت رووی چەك بکرێتە موسوڵمان، مادام فیشەکی تێدابێت، کە تییدانەبوو (مەخزەن /ئێدەك)کەکەی پێوەنەبوو دەشێت بۆ دەرسدادان رووی تێبکرێت. مادام بۆ فێربوونێتی.

لەمانەش دژوارتر رومانەی دەستییە، کە دەبێ موسوڵمان زۆرتر لێی بەحەزەربێت، بەوەی کە ئاڵقەکەی لەکاتی غەیری پێوستیدا بەستبیتەوە، نەبادا لەشتێك گیربێت و کارەساتێک بقەومێت.

---

[١] بوخاری (٦٦٦١)، موسلیم (٢٦١٧).

ئەم بەرهەڵستیە لە کاتی کۆبوونەوەو بۆنەکاندا تەئکیدلێکراوترە، وەکو کاتی نوێژی جومعەو جەماعەت و جەژن و ئاهەنگ و کۆڕ.. پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ڕێی لەوە دەگرت موسوڵمان بە چەکەوە (چەکی ئەو زەمانە) بۆ مزگەوت و بازاڕدا بڕوات، نەبادا نووکی ڕم و تیرو شیرەکەی بەر خەڵکی بکەوتایەو ئازاریان پێبگەیشتایە. ئێ خۆ چەکی سووکی شان لەم زەمانەشدا هەر وایە، جگە لە دژوارێتی تەقەپێکردنی.

کەوابوو دەبێ موسوڵمان هۆشی لەوە بێت ئاسنێکی پێ نەبێت کە لە هەڵگرتنیدا بەر خەڵکی بکەوێت ئازاریان پێبگەێنێت. مەرجیش نییە هەر چەك بێت، دەشێت دارەشەق و گۆچان و عەسایەك بێت یان هاوشێوەیان.

<u>٨-فشقیات و گاڵتەنەکردن:</u>

بۆیە نەمووت سوعبەتکردن چونکە سوعبەتێك کە لە حەق دەرناچێت _نەك جائیزە_ بەڵکو سووننەتیشە. ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا ﷺ سوعبەتی لەگەڵ یاوەرانی دەکرد، بەڵام جگە لە حەق هیچ شتێکیتری نەدەفەرموو.. کەوابوو سوعبەتکردن لە سنوری خۆیداو بە ڕادەی خۆی ڕەفتارێکی باشە، بەڵام نەشبێت بە سیفەتی کەسایەتیی ڕەوتەوان و(هەزەلی) دەرچێت، نەشکات لە حەق دەرچێت و بچێتە خانەی فشقیات (قسەی هەلەق و مەلەق و نابەجێ)وە، یان گاڵتەکردن بە کەسانیتر، چونکە ئەوانە خراونەتە ناو بازنەی گوناحەوە، یان نوکتەیەك بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەبووان بخاتەپێکەنین، خۆشی دەزانێت درۆیە، یان نوکتەیەك لەسەر

قەومێك، عەشیرەتێك، خەڵكی شارێك، لادێیەك، دەگێڕێتەوە كە هەم درۆیەو گوناحبار دەبێت پێی، هەم دەكەوێتەوە بازنەی گوناحی گاڵتەكردن و سوكایەتیكردن بە خەڵكیتر، كە حەرامە.. ئەم جۆرە نوكتەو قسە ناڕەوایانە جگە لە گوناحباریی ناحەزێتیی و دوژمنایەتییشی لێدەكەوێتەوە.

ئیبنوحەجەر رحمەالله دەفەرموێ: ترمذی فەرمودەیەكی حەسەنی لەئەبوهورەیرەوە خوا لێی رازی بێت گێڕاوەتەوە، دەفەرموێ: (قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّكَ تُدَاعِبُنَا، قَالَ: إِنِّي لا أَقُولُ إِلا حَقًّا)[١] ووتیان: ئەی پێغەمبەر خوا صلى الله علیه وسلم جەنابیشت سوعبەتمان لەگەڵ دەكەیت، فەرموی: بەڵێ بەڵام من جگە لە حەق هیچیتر ناڵێم. ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت بە (مەرفوع)ی هێناوێتیەوە: (لا تُمَارِ أَخَاكَ، وَلا تُمَازِحْهُ)[٢] واتە نە جیدال لەگەڵ براكەتدا دروستكەو نە گاڵتەشی لەگەڵدابكە. پێكەوە گونجاندنی هەردوو فەرموودەكە ئاسایە، بەوەیە كە ڕێگرتن لە گاڵتەكردنەكە مەبەست لێی زۆر

---

[١] نووسەری بەڕێز دەفەرموێ: (ترمذی هێناوێتیەوەو دەفەرموێ: حەسەنە). راستە. ترمذی لە (الجامع/ ١٩٩٠) ولە: (الشمائل المحمدية/ ژ: ٢٣٠)دا هێناوێتیەوە. هەروەها: ئەحمەد (٨٥٢٢)، بەیهیقی لە: (السنن الصغیر/١٩١٠)، طەبەرانی لە(الأوسط/٨٩٣٨). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە تەخریجی فەرموودەكانی بوخاری لە: (الأدب المفرد/ ٢٦٥)دا دەفەرموێ: سەحیحە. نووسەری بەڕێز هەر ئەوەندەی بە دوایدا نوسیوە: (الحدیث). ئەم ریوایەتە لای بوخاری وا لە: (الأدب المفرد/ )، ترمذی ()،

[٢] نووسەری بەڕێز هەر ئەوەندەی بە دوایدا نوسیوە: (الحدیث). ئەم ریوایەتە لای بوخاری وا لە: (الأدب المفرد/ ٣٩٦)، ترمذی (١٩٩٥). ئەلبانی رحمەالله لە: (ضعيف الأدب المفرد/ ٣٩٤)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

سوعبەت لەگەڵدا کردنە، کە ئەوەندە لەگەڵ ئەموئەودا سوعبەتدەکات تا زیان لە پارسەنگی کەسایەتی خۆی دەدات، لە لایەکەوە دڵی ڕەقدەبێت و کەمتر مەشغوڵدەبێت بە زیکری خواوە، کەمتر بابەتە دینییەکان باسدەکات و دەبیستێت، پابەندبوونی سەرڕاستانەی بەدینەکەوە (دینداریّتی) شلدەبێت، کەسایەتی جیددییانەی نامێنێت، شتی حەق و راستیش بڵێ خەڵکی هەر حسابی سوعبەتچێتی بۆ دەکەن. ئەمەش خراپە، چونکە کەسایەتی پارسەنگی خواناسانەو پیاوچاکانەی بۆ دانامەزرێت. ئەوەی سنووری نێوان ئەم لاسەنگیی و پارسەنگییەیە سوعبەتکردنی کەم و حەقە، کە بە پاڵنەری خۆشکردنەوەی کەشودۆخەکە، یان بۆ موجامەلەی زویرێك دەکرێت، کە بەرژەوەندییەکی پێدێتەدی.. غەززالی رحمەالله دەفەرموێ: (زۆر هەڵەیە خەڵکێك سوعبەچێتی و نوکتەگێڕانەوە بکات بە پیشەی کەسایەتی، بە هەنجەتی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سوعبەتیکردووە)[١] ماوەردی رحمەالله لە کتێبی (ادب الدنیا والدین)دا دەفەرموێ: (دەڵێن سوعبەت کە (مزاح)ە لە (ازاحە)وە هاتووە، واتە: لادان. چونکە گاڵتەکردن لە حەق لادەدات.. ئیبراهیمی نەخەعی رحمەالله دەفەرموێ: گاڵتەکردن لە گەلۆریی و حەقنەناسینەوە دێت. لەپەندی پێشینانداوتراوە: گاڵتەکردن لە هەیبەتی کەسایەتی دەخوات، هەر وەکو کە ئاگر کۆتەرەدار دەخوات.. دانایان فەرموویانە: هەر کەسێك گاڵتەکردنی زۆر بوو حەتمەن سام و هەیبەتی نامێنێت، هەر کەسێك زۆر ناکۆکیی دروستکات غاییبوونی خۆشدەبێت... هەندێك لە ڕەونبێژان ووتوویانە: (مَنْ قَلَّ عَقْلُهُ كَثُرَ

---

[١] فتح الباري (١٠/٥٢٦_٥٢٧).

هَزْلُهُ ) واتە: هەر کەسێك گاڵتەکردنی زۆر ببێت ئەقڵی کەم دەبێتەوە. تا دەگاتە: (پیاوی ژیر کە سوعبەتدەکات دەخوازێت یەکێك لە دووچاك بەدەست بهێنێت کە نابن بەسێ:

یەکەمیان: دەیەوێت هاودەنگێتی کۆڕەکەی بکات، یان خۆشییەك بخاتە دڵی دەوروبەرانییەوە، ئەمەش بە قسەیەك دەبێت کە خۆی لەخۆیدا جوانە، بە کردارێك دەبێت کە پەسەندە.. سەعیدی کوڕی عاص بە کوڕەکەی خۆیی دەفەرموو: لە سوعبەتکردنت کەمبکەرەوە، چونکە نوورو هەیبەتی رووت کەمدەکات و گەلۆران هاندەدات بەرامبەرت بوەستنەوە، کەم سوعبەتکردنیش هاودەنگەکانت لێ دووردەخاتەوەو هاوڕێیانت هۆگرت نامێنن.

دووەمیان: دەیەوێت بەو سوعبەتکردنە کەمێك لە مەلەلی و بێتاقەتی خۆی بڕەوینێتەوەو خەفەتخواردنی سووکبکات. بۆیە ووتراوە سینەش دەبێت هەناسیەک بداتەوە.

<u>٩-دەرنەبڕینی تووڕەبوونی:</u>

ئەمەش یەکێکە لە دەستگرتنەوە لە ئازاردان و ئیزعاجکردنی خەڵکی.. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ)ال عمران/١٣٤ ئەوانەی کە رقی خۆیان دەخۆنەوەو تووڕەبوونی خۆیان کۆنترۆڵدەکەن و ئەوانەش کە لە خەڵکی دەبورن. ئەمە سیفەتی تەقواکارانە، کە پێشتر ئایەتەکە وەسفیتریان رووندەکاتەوە، پاشان دێتەسەر ئەم دوو سیفەتە گەورەیان، پێغەمبەری خواش ﷺ ئامۆژگاری ئەو کابرایەی وا کرد کە عەرزی کرد (پێی

ووت) ئامۆژگاریم بکە، یان شتیکم پێڕاسپێرە تا بیکەم، پێی فەرموو (لاَ تَغْضَبْ)متفق علیه[١] واتە: تووڕەمەبە.. خوای گەورە وەسفی هیمەتبەرزیی بەوە دەکات کە ئارامگرتن و لێبوردنە: (وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ)الشوری/٤٣ واتە: هەر کەسێك بە ئارام و لێبوردەبێت ئەوە سیفەتی هیمەتبەرزیی و وویستبەهێزییە.. پێشتر لە باسی ئارامگریی و خۆگرتندا لەسەر ئازارو کێشە دروستکردنی برایاندا باسمان لەمەش کرد، ووتمان: خۆگرتن لە توڕەیی دەربڕین و رقهەستان و سەبرگرتن و لێبوردەیی لەو رەوشتە سەرەکییانەن کە هەموو رەوتەوانێك پێویستی پێیەتی، چونکە تێکەڵ بە رەوتەوانانی نوێ و خەڵکی عەوام دەبێت. ئەم دووسیفەتەش بەخۆڕاهینان لەسەریی بەدەستدێت. ان شاءالله.

**<u>١٠- نهێنی پاراستن:</u>**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلَاثٌ: إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ) متفق علیه[٢] واتە: نیشانەی دووڕوو سێیە: کە قسەدەکات درۆدەکات، کەب هڵێندەدات نایباتەسەر، کە راسپاردەی لادانرا خیانەتی لێدەکات. لەریوایەتی موسلیمدا ئەم زیادەیەشی لەگەڵدایە: (وَإِنْ صَامَ

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی:(متفق علیه). بەڵام ئەمە لای موسلیم نییە. لای بوخاری (٦١١٦)، ترمذی (٢٠٢٠)، ئەحمەد (٢٧٣١١).

[٢] بوخاری (٣٣)، موسلیم (٥٩).

وَصَلَّى وَزَعَمَ أَنَّهُ مُسْلِمٌ)[١] واتە: با بەرۆژووش ببیت و نوێژیش بكات ولافی موسوڵمانیتیش لێبدات.

جابر خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوەكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:( إِذَا حَدَّثَ الرَّجُلُ بِحَدِيثٍ، ثُمَّ الْتَفَتَ فَهِيَ أَمَانَةٌ )[٢] ئەگەر كابرا قسەیەكی كردو لای كرد بەملاولاوە، ئەوە راسپاردەیە (یەعنی خەڵكە دەبێ لەوە تێبگەن مادام لەكاتی قسەكردنەكەدا سەیرێكی ئەملاولا دەكات بزانێ داخۆ كەسی تری غەیری ئامادەبووان گوێی لێ نییە، ئەوە یەعنی قسەكەم ئەمانەت بێت لاتان) ئەمە حوكمی راسپاردە وەردەگرێت كە لە لایان دانرابێت.

ئەبوداوود لە جابرەوە خوا لێی رازی بێت لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرمووی: (الْمَجَالِسُ بِالْأَمَانَةِ إِلَّا ثَلَاثَةَ مَجَالِسَ سَفْكُ دَمٍ حَرَامٍ أَوْ فَرْجٌ حَرَامٌ أَوْ اقْتِطَاعُ مَالٍ بِغَيْرِ حَقٍّ)[٣] واتە: قسەی كۆڕەكانتان راسپاردەن لاتان، بیانپارێزن و مەیبەنەدەرەوە، مەگەر قسەیەك بێت باسی رشتنی خوێنێك بێت بەناحەق، یان باسی زینا بێت، یان باسی زەوتكردنی سامانی كەسێك بێت، كە بەناحەق سێندراوە.

---

[١] موسلیم (٥٩).

[٢] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: ئەبوداوودو ترمذی. راستە: ئەبوداوود (٤٢٢٨)، ترمذی (١٨٧٨)، ئەحمەد (١٤٦٤٤). شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە: (صحيح الجامع/ ٤٨٦)دا بە سەحیحی داناوە.

[٣] ئەبوداوود (٤٨٦٩)، ئەحمەد (١٤٢٨٣)، بەیهیقی لە: (السسن الكبرى/٢٠٥٦٨).شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە: (ضعيف الجامع الصغير/٥٩١٤)دا بە زەعیفی داناوە.

لە قورئانیشدا هاتووە: (يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَخُونُواْ اللّهَ وَالرَّسُول وَتَخُونُواْ أَمَانَاتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ) الانفال/٢٧ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە، خیانەت لە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ و لەو راسپاردانە مەکەن کە خراوەتە بەر دەستتان.. پێشتر باسی بەسەرهاتی ئەبولوبابەی کوڕی مونذرو باسی حاطەبی کوڕی ئەبوبەلتەمان کرد خوا لێیان رازی بێت کە حاطەب نهێنی بزاوتی پێغەمبەری خوا ﷺ و لەشکرەکەی بۆ سەر مەککە لە نامەیەکی نهێنییدا نووسیبوو، ناردبووی بۆ سەرانی مەککە. خوای گەورە کەشفیکرد. کەوابوو قسەش راسپاردەیە، بە تایبەتی کە تەئکید لە نهێنیەکەی بکرێتەوە، با بە ئاماژەی لاکردنەوەیەکیش بێت بەملاولادا.

بوخاریی رحمەالله لە (باب: حفظ السر) واتە (بەندی پاراستنی نهێنی) لەسەحیحیەکەیدا لە ئەنەسەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە: ( أَسَرَّ إِلَيَّ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سِرًّا فَمَا أَخْبَرْتُ بِهِ أَحَدًا بَعْدَهُ وَلَقَدْ سَأَلَتْنِي أُمُّ سُلَيْمٍ فَمَا أَخْبَرْتُهَا بِهِ)[١] واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نهێنیەکی لادرکاندم، دوای کۆچی دوایی کردنی جەنابی ﷺ لای هیچ کەسێك نەمدرکاندووە .. ئوم سولەیم لێی پرسیووم پێم نەووتووە.. ئوم سەلەیم دایکی خۆیەتی... ئیبنوحەجەر رحمەالله لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرموێ: (هەندێك لە زانایان فەرموویانە: وا دیارە ئەو نهێنیە پەیوەندی بە خێزانەکانی پێغەمبەری خواوە ﷺ هەبووە، چونکە ئەگەر پەیوەندنی بە زانستییەکی شەرعییەوە بوایە، ئەنەس بۆی نەدەبوو نەیدرکێنێت، بە تایبەتی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ. ئیبنوبەططال (مامۆستای

[١] بوخاری (٥٩٣١)، موسلیم (٢٤٨٣).

ئیبنوحەجەرە) رحمەالله فەرمووی: ئەوەی کە زانستەوانانی شەرع لەسەری کۆن ئەوەیە کە نهێنی _ئەگەر بدرکێندرێت زیانی بۆ خاوەن نهێنیەکە ببێت_ نابێت باسبکرێت... زۆرینەی زانایانیش فەرموویانە، ئەگەر خاوەن نهێنییەکە مرد مەرجی باسنەکردنی نهێنیەکە نامێنێت ، مەگەر زیانی هەبێت.. دەڵێم: (ئیبنوحەجەر دەفەرموێ: وا دیارە ئەوە چەند جۆرێکە: ئەگەر باسی کەرامات و پیاوچاکێتیی کابرابوو، کە نەیویستووە لە ژیانییدا باسبکرێت، لەبەر پاڵفتەی دەروونیی و پیاوچاکێتیی خۆی، ئەوە دوای مردی باسبکرێت باشە، ئەگەر زانیارییەك بوو خزمەتێکی پێ دەکرا نابێت نەدرکێندرێت، ئەگەر زیانی هەبوو ئەوە وەکو (ئیبنوبەطال) فەرمووی: حەرامە.. بەڵام لەوانەشە درکاندنی فەرزبێت. وەکو ئەوەی مافێکەو لەسەرێتی. ئەو خاوەن عوزر بووە کە نەیداوەتەوە. لەوانەیە دوای مردنی ئەو کەسوکاری بۆی بکەن، مافێکەو لەسەری بووە، ئەمان بۆ خاوەن مافەکەی دەگێڕنەوە.. ماوەردی لە کتێبی (ادب الدنیا الدین)دا دەفەرموێ: (نهێنی پاراستن: بزانە کە نهێنی پاراستن و رازگرتن لە بەهێزترین هۆکاری سەرکەوتنەو یارمەتیدەری سەرەکی حاڵەتەکانی چاکسازییە، لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕراوەتەکە دەیفەرموو: (اسْتَعِينُوا عَلَى الحَاجَاتِ بِالكِتْمَانِ فَإِنَّ كُلُّ ذِي نِعْمَةٍ مَحْسُودٌ)[1] واتە لە پێداوویستیەکانتاندا

[1] نووسەری بەڕێز _دەربارەی ئەو فەرموودەیەی ماوەردی لە دەقەکەیدا هێناوێتییەوە_ نوسیوێتی: (ئەو فەرموودەیەی کەلەسەرەوەدا ماوەردی رحمەالله ئاماژەی پێکردووە طەبەرانی لەموعاذەوە خوا لێی رازی بێت هێناوێتیەوە، وزەعیفە). راستە. ئەوانەی بە زەعیفیان داناوە کۆمەڵێکی زۆرن لە توێژەرەوەو فەرموودەوانانی وەکو: ئیبنوئەبی حاتەم، ئیبنولجەوزی، حافزی عێراقی، سیوطی، عەجلوونی. بەڵام ئەلبانی رحمەالله لە: (صحیح

ئیعتیمادبکەنە سەر پاراستنی نهێنی، چونکە هەموو ئەو کەسانەی کە خوای گەورە نیعمەتی خۆیی پێداون، خەڵکی حەسوودییان پێدەبەن... لەسەیدنا عەلی کوڕی ئەبوطالیبیش دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (سِرُّكَ أَسِيرُكَ، فَإِنْ تَكَلَّمْتَ بِهِ، صِرْتَ أَسِيرَهُ) واتە: نهینیەکەت دیلی خۆتە، کە ئاشکراتکرد دەبیتە دیلی) سەرنجبدە چەند کەس بەهۆی درکاندنی نهێنیەکەوە کوژران؟ چەند کەس لە گەیشتنە ئاواتی مەحروومبووا ئەگەر نهێنییەکەی بپاراستایە لە زەرەرەکەی ئەمیندەبوو، لە کاردانەوەی بێخەمدەبوو، لە چارەنووسی خراپی ساغوسەلیم بۆیدەردەچوو، سەرفرازیی و سەرکەوتنەکەشی مسۆگەردەبوو.. درکاندنی نهێنی کەسانیتر لە دەرکاندنی نهێنی خۆت ناشیرینترو دژوارترو گوناحترە، چونکە ئەگەر پێتڕاسپێررابوو کە بیپاریزیت و درکاندت، ئەوە خیانەتەو کردووتە، ئەگەر زانینت و دەبوایە لای خۆت بتهێشتایەتەوە، بەڵام درکاندت، کردتە دووزمانی)[١].

---

الجامع/ ٩٤٣) و لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ١٤٥٣) توێژینەوەی بۆ هەموو ریوایەتەکانیان کردووەو موناقەشەی بە زەعیفدانانی ئەم ئیمامە بەڕیزانەی کردووە، پاشان دەفەرموێ: بەڵام ریوایەتەکەی کە سەهلی کوڕی عەبدالرحمانی جورجانی لە محمدی کوڕی موطەڕڕیفەوە، لە محمدی کوڕی مونکەدیرەوە، لە عوروەی کوڕی زوبێرەوە، لە ئەبوهورەیرەوە، بە مەرفووعی گێڕاوێتیەوە، لای من سەحیحە، کە ئەمەیە: (اسْتَعِينُوا عَلَى قَضَاءِ حَوائِجِكُمْ بِالكِتْمَانِ فَإِنَّ كُلُّ ذِي نِعْمَةٍ مَحْسُودٌ). هەروەها ریوایەتی: (اسْتَعِينُوا عَلَى إِنْجَاحِ الحَوائِجِ بِالكِتْمَانِ فَإِنَّ كُلُّ ذِي نِعْمَةٍ مَحْسُودٌ) (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ١٤٥٣).

[١] ماوەردی: أدب الدنيا والدين (چاپی ١٣٩٨ ل/٢٩٥).

گومانی تێدانییە کە ئەگەر نهێنی پاراستن خۆی لەخۆیدا گرنگبێت، بۆ کۆمەڵی جیهادی گرنگترەو _لەم سەردەمەشدا کە تەکنۆلۆژیای جاسووسیی زۆر پێشکەوتووە_ هەندێکی بۆتە فەرز، چونکە ئێستا لە زۆر شوێنی جیهاندا ئەهلی جیهاد خراونەتە بەرەی جەنگەوەو شەڕی بێئامانیان بەرامبەر ڕاگەێندراوە. نهێنی پارستنی ئێمەش و موسوڵمانانیتریش پێویستییەکی زەمانەیە، بە تایبەتی کە جەنگیش پلان و نەخشەی چەواشەکردنە. وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (الْحَرْبَ خَدْعَةً) متفق علیه[1]. چۆن دەتوانیت ڕێ لە دوژمنەکانت هەڵبکەیت ئەگەر نهێییەکانی خۆتت مەحکەم نەپاراستبێت.. ڕیوایەتی متفق علیەیە کە کەعبی کوڕی مالیك دەگێڕێتەوە (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أَرَادَ غَزْوَةً وَرَّى بِغَيْرِهَا) واتە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بیویستایە غەزایەك بکات وای نیشاندەدا کە جێیتری مەبەستە. جێمەبەستەکەی بەنهێنی دەهێشتەوە... لای شەرعناسان باس لێکراوە کە نهێنیپاراستن لە هەندێك حاڵەتدا درۆی بۆ جائیزە، بۆ شاردنەوە، بۆ کەشفنەبوون.. لەباسی مەشخەڵە سەرەکیەکاندا ئاماژەی تەفسیلترمان بەمە داوە[2].

ئەمە بڕگەی یەکەمی چۆنیەتی ڕەفتارکردن بوو، کە لە بازنەی (زیان پێنەگەیاندن)دا بوو، کە وا دەزانم لەسەر ڕەوتەوانان فەرزە کە دیندارانە پێوەی پابەندبن، تا ڕیزەکانیان بپارێزرێت ان شاء الله..

---

[1] بوخاری (٢٨٦٤)، موسلیم (١٧٤٠).

[2] کتێبی دیدڕوونیی/ ڕێسای هەژدەیەم.

## باسی دووەم

## دابینکردنی سوود بۆ خەڵکی

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (خَيْرُ الْأَصْحَابِ عِنْدَ اللَّهِ خَيْرُهُمْ لِصَاحِبِهِ، وَخَيْرُ الْجِيرَانِ عِنْدَ اللَّهِ خَيْرُهُمْ لِجَارِهِ)[١] واتە: باشترین هاوڕێ لای خوای گەورە باشترینەکەیانە بۆ هاوڕێکەی، باشترین دراوسێ لای خوای گەورە باشترینەکەیانە بۆ دراوسێکەی. ئەمەش چەند ڕەفتارێکی باش کە سوودی بۆ خەڵکی تێدایە:

### ١-قسەی جوان و ڕۆخۆشی کاتی دیتن:

ئەمە کەمترین ڕەفتاری جوانەو سەرەتایە، بۆیە منیش خستمە یەکەمەوە. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقّ تَمْرَةٍ، فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَبِكَلِمَةٍ طَيِّبَةٍ)متفق عليه[٢] واتە: خۆ لە ئاگری دۆزەخ لادەن با بە لەتکەخورمایەکیش بێت، ئەوی نییەتی (نەیبوو) با بە قسەیەکی جوان خۆی لێلادات.. هەروەها دەفەرموێ: (لَا تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئًا، وَلَوْ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (رواه الترمذي عن ابن عمر وقال: حديث حسن). ڕاستە. ترمذی (١٩٤٤)، ئەحمەد (٦٥٣٠)، حاکم (١٦٦٢)، ئیبنوخوزەیمە (٢٥٣٩)، داریمی/ السير (٢٤٣٧). شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ١٠٣٠)و لە تەخریجی فەرموودەکانی (مشكاة المصابيح/٤٩٨٧)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٢] بوخاری (٦٥٣٩)، موسلیم (٣٣).

بِوَجْهٍ طَلْقٍ) موسلیم[١] واته : هیچ رەفتارێكی چاكی بە كەم مەزانە، ئەگەرچی دیداری براكەشت بێت بە روویەكی خۆشەوە.. ئەمە شتێكە لەدەست هەموو كەسێك دێت، ئێتر بۆچی خۆت لە برا موسوڵمانەكەت مڕومۆچ دەكەیت؟ خوای گەورە دەفەرموێ: (أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ) المائدە/٥٤ واتە: ئەو موسوڵمانە خواوویستانەی پەیامی خوای گەورە سەرڕاستانە هەڵدەگرن (كە پێشتر باسی فەرموون) سیفەتێكیتریان ئەمەیە: بەرامبەر موسوڵمانان زەلیل و بەرامبەر كافران بە عززەت و بە هەیبەت و بەهێزن.. لە وەسفی یاوەرانی عەزیزی پێغەمبەری خواشدا ﷺ دەفەرموێ: (أَشِدَّاء عَلَى الْكُفَّار رُحَمَاء بَيْنَهُمْ) الفتح/٢٩ واتە: بەرامبەر كافران توندوتیژن و لەناوخۆشیاندا دڵنەرم و بەبەزەیین.

**٢-پاراستنی مافی برایەتی دینی:**

مافە دینیەكان زۆرن و هەمووی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتوون. بۆ نموونە: لە فەرموودەی متفق علیەدا لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی رازی بێت هاتووە، كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: (حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ خَمْسٌ: رَدُّ السَّلَامِ وَعِيَادَةُ الْمَرِيضِ وَاتِّبَاعُ الْجَنَائِزِ وَإِجَابَةُ الدَّعْوَةِ وَتَشْمِيتُ الْعَاطِسِ)[٢] واتە: مافی موسوڵمان لەسەر موسوڵمان پێنجە: وەڵامدانەوەی (سەندنەوەی) سلاوكردنی، سەدانی كاتی نەخۆشكەوتنی، شوێنكەوتنی جەنازەكەی كاتی مردنی،

---

[١] موسلیم (٢٦٢٦)، ترمذی (١٨٣٣)، داریمی (٢٠٧٩).

[٢] بوخاری (١٢٤٠)، موسلیم (٢١٦٢).

بەدەنگەوەچوونی دەعوەتکردنی، کە پژمی و ووتی الحمدلله تۆش پێی بڵێت یَرْحَمُكَ اللَّه. لە ڕیوایەتێکی تری موسلیمدا _هەر لەوێدا_ مافێکی تریشی هەیە: (وَإِذَا اسْتَنْصَحَكَ فَانْصَحْ لَهُ) واتە:ئەگەر داوای ئامۆژگاریی لێکردیت (ڕاوێژپێکردیت، رای وەرگرتیت) سەرڕاستانە ئامۆژگارییبکە. لە ڕیوایەتێکی تری متفق علیەدا لە بەرائی کوڕی عازیبەوە خوا لێی رازی بێت هاتووە: (إِبْرارُ الْقَسَمِ ونَصْرُ المَظلومِ)[1] واتە: کە سوێندی شتێکی لێ خواردیت، سوێندەکەی نەشکێنیت، هەروەها سەرخستن و پشتیوانیلێکردنی برا مەزلۆمەکەت.. کە کۆی مافەکان لەم فەرموودانەدا بوو بە هەشت ماف.

## ٣-سڵاولێکردنی:

چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا أَوَلَا، أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ. أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ) موسلیم[2] واتە: ناچنە بەهەشتەوە هەتا باوەڕنەهێن، باوەڕیشناهێن تا یەکتریتان خۆشنەوێت، شتێکتان پێبڵێم ئەگەر کردتان، بێتە مایەی یەکتر خۆشویستنتان؟ لەناو خۆتاندا سڵاولەیەکترییکردن پەرەپێبدەن.. سوونەتی سڵاوکردنیش وایە کە لە هەموو کەسێکی بکەیت، ئەوی دەیناسیت و ئەوی نایناسیت.

---

[1] بوخاری (٦٢٧٨)، موسلیم (٢٠٦٦).

[2] موسلیم (٥٤)، ئەبوداوود (٤٥٢٢)، ترمذی (٢٦٣١)، ئیبنوماجە (٣٦٩٠)، ئەحمەد (١٠٤٢٧).

## ٤-رەفتاری رەوشتبەرزانە:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (اتَّقِ اللَّهَ حَيْثُمَا كُنْتَ، وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ)[1] واتە: لەهەر کوێ بوویت ترسی خوات لەدڵدابێت و هەست بە چاودێریی ئەو بکە، کە گوناحتکرد، چاکەی بەدوادابکە، با بیسڕێتەوە، بە رەفتاری جوانیش لەگەڵ خەڵکیدا مامەڵەبکە. ئیبنورەجەبی حەنبەلی رحمەالله دەفەرموێ: (کە دەفەرموێ: بە رەفتاری جوان لەگەڵ خەڵکیدا مامەڵەبکە، یان هەڵسوکەوتبکە، ئاماژەیە بۆ سیمایەکی سەرەکی تەقواکاریی، تەقوا بەم رەفتارە بەرزو پارسەنگانە نەبێت جێگیرنابێت، بۆیە لێرەدا بە تایبەت لەگەڵ گشتییدا ناویهێناوە، تا گرنگیی و گەورەیی ئەم سیفەتە دەرخات چونکە زۆر کەس وا دەزانێت تەقوا هەر ئەوەیە کە مافی خوای گەورە بدات، بێئاگادەبێت لەوەی لایەنێکی تری تەقوا گەیاندنی مافی خەڵکییە، بۆیە بە دەق فەرمووی: لەگەڵ خەڵکییدا رەفتارت جوانکە). پاشتر ئیبنورەجەب دەفەرموێ: (پێناسەی رەفتارو رەوشتی بەرزو پەسەند لەلای سەلەف وا کراوە. عبدالله ی کوڕی موبارەك رحمەالله دەفەرموێ: (بریتیە لە رووخۆشیی وچاکەکردن و ئازارنەگەیاندن بە خەڵکی.. ئیمامی ئەحمەدی کوڕی

---

[1] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (رواه الترمذي عن معاذ). راستە. ترمذی (١٩٨٧)، ئەحمەد (٢٠٨٤٧)، داریمی (٢٧٩١). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الجامع الصغی/ ٩٦)دا دەفەرموو: سەحیحە.

حەنبەل دەفەرموێ: ئەوەیە کە سەبربگریت لەسەر ئەوەی خەڵکی بەرامبەرت دەیکەن)[١].

لە گەورەترین و دیارترین سیفاتی رەوشتبەرزیی و کەسایەتی دامەزراو: پاراستنی زمان و نەرمونیانیی و بێهەواوفیزیی و رەفتاری بە ئارام و دڵنەرمیی نواندنە، بەرامبەر خەڵکی. هەروەها خۆگرتن لە توڕەبووونداو رقخواردنەوە (قووتدانەوەی)و ئارامگرتن لەسەر ئیزعاجکردن و ئازاری خەڵکی لاسەنگ و لێبوردن و سینەفراوانیی. ئەمانەش هەمووی بۆ سەرکەوتنی تێکەڵاوبوونی هەموو موسوڵمانیك _بە تایبەتی داعی و چالاکوانی رەوت_ پێویستە.

زەروورییە رەوتەوان هۆشی لەوە بێت کە رەوشتبەرزیی مایەی سەرفرازیی دنیاو قیامەتە.. لە دنیادا هەموو خەڵکەکە _کە چاکەت لەگەڵ کردوون_ لەبەرخاتری خوا چاکەکەتیان لەبەرچاوەو دەیانەویت بۆت باشبن و چاکەت لەگەڵدا بکەنەوە، پاداشتیش لە جۆری کردوەکەیە. وەکو پێشینان ووتوویانە (صَنَائِعُ الْمَعْرُوفِ تَقِي مَصَارِعَ السُّوءِ)[٢] واتە کردەوەی چاك لە چارەنووسی بەد

---

[١] ئیبنورەجەبی حەنبەلی: جامع العلوم والحكم/ ل١٥٨_١٦٠).

[٢] نووسەری بەڕێز هەروا ئەم رستەیەی لە نوسینەکەدا هێناوەتەوە بێ ئەوەی ئاماژەی پێبدات. حاکمی نەیسابووریی لە (المستدرك/١/٢١٣ ژمارە: ٤٢٩) وەکو فەرموودە لە رێگای ئەنەسەوە خوا لێی رازی بێت گێڕاوێتیەوە. ئەمەش راستەو فەرموودەیەو شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الجامع/ ٣٧٩٦)دا بە سەحیحیشی داناوە. یەکێک لە ریوایەتەکانی ئەمەیە: (صَنَائِعُ الْمَعْرُوفِ تَقِي مَصَارِعَ السُّوءِ ، وَصَدَقَةُ السِّرِّ تُطْفِئُ غَضَبَ الرَّبِّ ، وَصِلَةُ الرَّحِمِ تَزِيدُ فِي الْعُمْرِ).

دەپارێزێت. هەر كەسێكیش لەبەر خاتری خوای گەورە دینداریتی سەرڕاستانە بكات _بەوەی مافی خوای گەورەو مافی خەڵكەكە بدات_ حەتمەن خوای گەورەش كارئاسانی زیاتری بۆ دەكات و بەرەكەت دەخاتە رۆزیی و تەمەن و كاروبایەوە[1]. ئەمما لە رۆژی دواییدا ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (يَقُولُ مَا مِنْ شَيْءٍ يُوضَعُ فِي الْمِيزَانِ أَثْقَلُ مِنْ حُسْنِ الْخُلُقِ وَإِنَّ صَاحِبَ حُسْنِ الْخُلُقِ لَيَبْلُغُ بِهِ دَرَجَةَ صَاحِبِ الصَّوْمِ وَالصَّلَاةِ)[2] واتە: هیچ شتێك نیە لەوانەی لە تەرازووی عەبددا لە قیامەتدا دەنرێن، لە رەوشتبەرزیی قورسترێت، خاوەن رەوشتی بەرز پێی دەگاتە پلەی خاوەن رۆژوو و نوێژ... هەردووكیان هەر نوێژو رۆژووەكەیان كردووە، یەكەمیان بەكوڵودڵ و پیاوچاكانە، كە هەمیشە هۆشی لە خواپەرستیەكەی بووە، دووەمیشیان كردوونی، بەڵام رەوشتبەرزییەكەی ئاوا بەرزیكردوتەوە بۆ ئاستی ئەو خواناسە بەهۆشە.. دیارە هەر یەكەشیان لە لایەنێكی دووبواری تەقواكەدا زەخیرەی زۆری خستووە: بواری هێنانەدیی مافەكانی خوای گەورەو بواری گەیاندنی مافەكانی خەڵكی.

[1] ئەمەش مانای ئایەتەكەیەو نووسەری بەڕێز هەر بە مانا هێناوێتییەوە: (وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا) الطلاق/٤ هەروەها ئایەتی: (وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا . وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ) الطلاق/٢_٣.

[2] نووسەری بەڕیز نوسیوێتی: (رواه احمد وأبوداود والترمذي عن أبي الدرداء). راستە: ئەبوداوود (٤٧٩٩)، ترمذی (٢٠٣٠). ئەحمەد (٢٦٨٩٧)، سەحیحی ئیبنوحیببان (٥٨١٠). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الجامع/٢٧٢٦)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

## ٥-ئاسانکردنی نارەحەتییەکانی خەڵکی:

کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی گشتگیرییدا چەندین خانەی نارەحەتییەکانی مرۆڤ بەیەکجار دیاریدەکات، کە دەفەرموێ: (مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيا نَفَّسَ اللهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ القِيامَة، ومَنْ يَسَّرَ عَلى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللهُ عَلَيْهِ في الدُّنْيا والآخِرَةِ ومَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللهُ في الدُّنْيا والآخِرَةِ واللهُ في عَوْنِ العَبْدِ ما كانَ العَبْدُ في عَوْنِ أَخِيهِ ومَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا سَهَّلَ اللهُ بِهِ طَرِيقًا إِلى الجَنَّةِ وما اجْتَمَعَ قَوْمٌ في بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللهِ يَتْلُونَ كِتابَ اللهِ ويَتَدارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ إِلاَّ نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ وغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ وحَفَّتْهُمُ الْمَلائِكَةُ وذَكَرَهُمُ اللهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ ومَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ) موسلیم[١] واتە: هەر کەسێك کێشەیەك، (نارەحەتییەك، بەڵاو موسیبەتێک)ی دنیا لەسەر موسوڵمانێك لادات، خوای گەورە نارەحتیەکی ڕۆژی قیامەت لەسەر ئەو لادەداتەوە، هەر کەسێك ئاسانکاریی ژیان بۆ کەسێکی نارەحەت و خاوەنکۆڵی قورسی ژیان بکات، خوای گەورە لە دنیاو قیامەتدا کارئاسانی بۆ دەکاتەوە، هەر کەسێك عەیبوعاری موسوڵمانێك لە دنیادا داپۆشێت، خوای گەورە لە دنیاو قیامەتدا ئەو ستردەکاتەوە، هەر کەسێك ڕێگایەك بۆ فێربوونی زانستییەك بگرێتەبەر، خوای گەورە ڕێیگایەکی بەهەشتی پێ دەگرێتەبەر، هەر کۆمەڵە کەسێك لە یەکێك لە ماڵەکانی خوادا (لە مزگەوتێك)دا کۆبنەوەو قورئان بخوێنن ودیراسەیبکەن (هەموو زانستیەکی شەرعی دەگرێتەوە)

[١] موسلیم ٢٦٩٩)، ئەبوداوود (٤٩٤٦)، ترمذی (١٤٢٥)، ئیبنوماجە (٢٢٥)، ئەحمەد (٧٣٧٩).

حەتمەن خوای گەورە هێمنیی خۆی بەسەریاندا دەبارێنێت و بە رەحمەتی خۆی دایاندەپۆشێت و فریشتەکانیش دەوریان دەدەن و خوای گەورە لای خۆی بەخێر باسیاندەکاتەوە.. هەر کەسێك بە رەفتاری خۆی پاشکەوت، رەچەڵەك و نەسەبی پێشی ناخاتەوە.

لێرەدا جارێکیتر جەخت لە فێربوون و فێرکردنەوەو بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی دەکەمەوە، کە لە ریزی ئەم سیفەتە جوامێریانەدا باسکراوە... عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەفەرموێ: (بایەخ بە بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی بدەن، بە کۆمەڵ دانیشن، تا ئەو کەسەی نازانێت فێرببێت. زانستی شەرعی کاتێك دەفەوتێت کە بە نهێنی دەگەێنریتەوە.. بوخاریی رحمەالله کە ئەم قەولەی لەو شوێنەی سەحیحەکەیدا هێناوەتەوە، مەبەستی ئەوەیە کە هۆشداریی بداتە زانستەوانان بەتایبەتی و خەڵکی بە گشتی کە هۆی نەمانی زانستی شەرعی و مردنی و بڵاونەبوونەوەی زانستی شەرعی دەگەڕێتەوە بۆ وەل (تەرك)کردنی خوێندنی... دەی سا رەوتەوانانی عەزیز سووربن لەسەر فێربوونی زانستی شەرعی و بە قەدەر ئەوەش سووربن لەسەر فێرکردنی براکانی ترتان و موسوڵمانانیتر بە گشتی لە قورئانخوێندن و تەجویدو تەفسیر، لە زیکرەکان و ئەحکامەکانی شەرع، لە پێووتنەوەی کتێبە مەنهەجییەکان، ئەگەر نەخوێندواربوون فێری خوێندنەوەو نووسینیان بکەن، فێری زمان و کۆمپیوتەریان بکەن، فێری جیهادو مەشق و شێوازەکانی جەنگیان بکەن، پسپۆڕی خۆتیان پێبگەێنەو کاری رێکخستن و راگەیاندنیان فێرکەن و شارەزای بواری ئەمنییان کەن، هەر یەکەتان ئەوەی لەبەرچاوبێت کە ئەمە بوراێکی گەورەو ئاسانی خێرەو

کەوتووینەتە ناویی، بە فێڕۆی مەدە، لەوانەیە ئەو هەل و دەرفەتەت نەمێنیت، لەوانەیە بمریت و زانستییەکەی لات کۆبۆتەوە نەتگەیاندبێتەوە. ئەگەر ئەم زانستیانەت فێرکردبوون، بۆت دەبنە خێری جاریی دوای مردن، پاداشتەکەی لە قیامەتدا دەبینیت، کە چەند زۆرە، تۆ هەر چۆنێك حسابی بکەیت، لەوە زیاترە. لەوانەیە یەکێکیان بەشێک لە زانیاریەکانی تۆ بکاتە کتێبێك و چاپیبکات، یان بێگەینیتەوە بە ووتاربێژێك، یان بە شێوازی (تەکنۆلۆژیا)ی نویێ بڵاویبکاتەوە، کەمتەرخەم مەبەو بیگەێنە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (مَنْ دَلَّ عَلَى خَيْرٍ فَلَهُ مِثْلُ أَجْرِ فَاعِلِهِ) موسلیم[١] هەر کەسێك رێنیشاندەرێتی خێرێك بکات پاداشتی وەکو بکەری خێرەکە دەستدەکەوێت.

هەموو ئەم چالاکیانە لە بازنەی (الدين النصيحة)دان، چونکە دین گەیاندنەوەی سوودە بە خەڵکی.

هەر ئەو فەرموودەی پێشوو سیفەتێکیتری جوامێرانە باس دەفەرموێ: کە ستری موسوڵمانە، داپۆشینی عەیبوعارێتی (وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا) ئەمە یەعنی کە برا رەوتەوانێکی خۆتت بینی گوناحێکدەکات؟ تۆ پلان بۆ فەزحکردنی دامەنێ، ئەگەر گوناحەکەی شەخسی خۆی دەگرتەوە، وەکو جگەرەکێشان یان شەرابنۆشیی نەخشەی ئامۆژگاریی و ئەدەبدادانی خواناسانەی بۆ دارێژە تا هەستێتەوە، ئەمما ئەگەر گوناحەکەی لاوازکردنی کۆمەڵکارییەکەی رەوتی دەگرتەوە، زەرووریيە ئەمیری لێ ئاگاداربکەیتەوە، بەڵام نەکەی لەوەو دوا هەر

---

[١] موسلیم (١٨٩٣)، ئەبوداوود (٥١٢٩)م ترمذی (٢٦٧١)، ئەحمەد (١٢٠/٤).

بە دوایەوە بیت، باسی نەکەیتەوە، نەیکەیتە قسە خۆشەی کۆڕ، نەهێڵیت نەفست پاداشتە گەورەکەت لەدەستبدات، فەزحی نەکەیت چونکە سزات گەورە دەبێت. لە قیامەتدا خوای گەورە لە پێشچاوی جیهانیان فەزحت دەکاتەوە، لە دنیاشدا بەدواتەوە دەبێت.. خوا لاماندا! پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (مَنْ سَتَرَ عَوْرَةَ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ، سَتَرَ اللَّهُ عَوْرَتَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ كَشَفَ عَوْرَةَ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ، كَشَفَ اللَّهُ عَوْرَتَهُ حَتَّى يَفْضَحَهُ بِهَا فِي بَيْتِهِ)[١] هەر کەسێك عەیبوعاری برا موسوڵمانەکەی داپۆشێت، خوای گەورە قیامەتدا عەیبوعاری ئەو دادەپۆشێتەوە، هەر کەسێکیش عەیبوعاری برا موسوڵمانەکەی کەشفکات، خوای گەورە هەر لە دنیادا کەشفی دەکاتەوە، ، تەنانەت لە کونجی ماڵەکەی خۆشیدا بێت، هەر فەزحیدەکاتەوە!.

هەر وەکو دەبینیت ئەم فەرموودەیە (مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً...) چەندین نموونەی لەخۆگرتووە، لەسەر ڕێسای (الجزاء من جنس العمل) واتە: پاداشت لە جۆری ڕەفتارەکەیە... ئەم ڕێسایە زۆر گرنگ و کاریگەرە، با هەمیشە لە پێشچاوت بێت، لە هەر کارێك کە دەستی دەدەیتێ : چاکەبێت یان خراپە، دڵنیاش بە کە پاداشت و سزاکەت هەر لە توخمی ڕەفتارەکەت دەبێت.

---

[١] ئیبنوماجە (٢٥٣٨)، بوصەیری لە: (الزوائد ابن ماجە/٢/٦٤ ). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح سنن ابن ماجە)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

## ٦-خزمەتکردنی براکانت:

بوخاریی لەسەحیحەکەیدا لە (کتاب الجهاد / باب فضل الخدمة في الغزو) دا لە ئەنەسەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَكْثَرُنَا ظِلًّا الَّذِي يَسْتَظِلُّ بِكِسَائِهِ وَأَمَّا الَّذِينَ صَامُوا فَلَمْ يَعْمَلُوا شَيْئًا وَأَمَّا الَّذِينَ أَفْطَرُوا فَبَعَثُوا الرِّكَابَ وَامْتَهَنُوا وَعَالَجُوا فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَهَبَ الْمُفْطِرُونَ الْيَوْمَ بِالْأَجْرِ)[١] واتە: لە غەزايەکدا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووین صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەو کەسەی سایەی زۆر هەبوو بوو، هەر سایەی عەباکەی خۆی هەبوو، ئەوانەی بەرۆژووبوون هیچ کارێکیان نەدەکرد، ئەوانەی بەرۆژوونەبوون (یان شکاندبوویان) خەریکی خزمەتی سوارییەکان (ئەسپ و حوشتر و... هتد) بوون و ئالیکیان دەدانێ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەمڕۆ بێڕۆژووەکان پاداشتەکەیان بۆ خۆیان برد (مسۆگەرکرد).

ئیبنوحەجەر رحمەالله لە شەرحییدا دەفەرموێ: (کە دەفەرموێ: پاداشتەکەیان بۆ خۆیان برد، مەبەستی لەوەیە کە پاداشتە زۆرەکەیان بەرکەوت، پاداشتی رۆژووەوانەکانیش کەم نەبۆتەوە، چونکە ئەوانەی بەرۆژوونەبوون پاداشتی زۆریان لە خزمەتکردنی رۆژووەوان و سوارییەکانیانەوە دەستکەوت، چونکە ئیشی ئەوانیشیان کرد.. ئیبنوئەبوصوفرە دەفەرموێ: بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پاداشتی خزمەتکردنی جیهادو موجاهیدان لە پاداشتی رۆژووەوان زیاترە. دەڵێم (ئیبنوحەجەر دەفەرموێ:) ئەمە بەگشتی وا

---

[١] بوخاری (٢٧٣٣)، موسلیم (١١١٩).

نییە، هەروەها فەرموودەکە هاندانە لەسەر جیهادکردن و ڕێدانە بە نەگرتنی ڕۆژوو، کە باشترە لە ڕۆژووگرتنەکەی، ڕۆژووگرتنەکە لەسەفەردا جائیزە، بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو کەسانەی فەرموویانە جائیز نییە)[١] .

ئیبنورەجەبی حەنبەلی دەفەرموێ: (موجاهید فەرموویەتی: لە خزمەت ئیبنوعومەردا چوومە سەفەر، کەچی لەجیاتی ئەوەی خزمەتیبکەم، ئەو خزمەتی منی دەکرد.. زۆر لە پیاوچاکان مەرجی هاوڕێیەتی سەفەریان لەسەر خەڵکی دادەنا، کە بەو مەرجە دێم لەگەڵتاندا کە خزمەتتان بکەم. پیاوچاکێك مەرجێکی وای لەسەر هاوڕێکانی کرد، کە چوونە سەفەر، یەکێکیان دەیوویست سەری بشوات، یان جلەکانی بشوات، دەیفەرموو من بۆت دەکەم، چونکە ئەوە لەناو مەرجەکەدایە)[٢].

__٧-زانینی مافی گەورەو بچوکێتی:__

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَرْحَمْ صَغِيرَنَا وَيَعْرِفْ شَرفَ كَبِيرِنَا)[٣] واتە: ئەو کەسە لە ئێمە نییە کە بەزەیی بە بچوکماندا نایاتەوەو ڕێزی پلەوئاستی گەورەکانمان ناگرێت.. ئەم سیفەتە ڕەوشتییە لەهەموو گەل ومیللەتێکدا هەیە، بەڵام لە نەوەی مرۆڤایەتی هیچ کات و لە هیچ شوێنکیدا

---

[١] فتح الباري (٦/٨٤).

[٢] جامع العلوم والحكم(ل ٢٩٩).

[٣] ترمذی (١٩٢٠). ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الجامع الصغیر/٥٤٤٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

نموونەی تاکوکۆی وەکو نەوەی یاوەران و تابعین نەبینراوەو نەبیستراوە.. (ڕەوتەوانیش ئەو کەسەی لە خۆی بچووکترە وا دەبینێت کە لای خوای گەورە پاکترە، چونکە گوناحی بەقەدەر ئەم نەکردووە! ئەو کەسەی لەم گەورەترە، لەم ساڵحترە، چونکە نوێژو ڕۆژوو و خواپەرستیی لەم زۆرترە).

**<u>٨-رەچاوکردنی خەڵکی:</u>**

رەچاوکردنی باری دەروونی خەڵکی و ئاستی کۆمەڵایەتییان و کاریگەریی تاکوکۆیان، زەروورەتە. تا سەرنجیان بۆ ئیسلام و کۆمەڵکارییە ئیسلامیەکە راکێشرێت و نەکەونە خانەی دوژمنەوە... خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ) فصلت/٣٤ واتە: چاکەو خراپە یەکسان نابن بەیەکتریی، هەر بە رەفتاری چاکەکارانە بجوڵێرەوە، جا دەبینیت ئەو کەسەی دوژمنانەیەتیتان وا لە نێواندا نەرمونیان دەبێت، وەکو دۆستکی نزیکی لێ دێت.. بوخاری لە سەحیحەکەیدا لە (بَاب الْمُدَارَاةِ مَعَ النَّاسِ) واتە: بەندی نەرمونیانبوون لەگەڵ خەڵکیدا، لە ئەبوددەردائەوە خوا لێی رازی بێت گێڕاوێتیەوە: (إِنَّا لَنَكْشِرُ فِي وُجُوهِ أَقْوَامٍ وَإِنَّ قُلُوبَنَا لَتَلْعَنُهُمْ)[١] واتە: بە رووی خەڵکانیدا پێدەکەنین لە کاتێکدا لە دڵەوە لەعنەتیان لێ دەکەین... هەر لەوێدا لە خاتوو عائیشەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَنَّهُ اسْتَأْذَنَ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَجُلٌ فَقَالَ ائْذَنُوا لَهُ فَبِئْسَ ابْنُ الْعَشِيرَةِ أَوْ بِئْسَ أَخُو الْعَشِيرَةِ فَلَمَّا دَخَلَ أَلَانَ لَهُ

---

[١] بوخاری/ ناوی بابێکە لە (كتاب الآداب).

الْكَلَامَ فَقُلْتُ لَهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قُلْتَ مَا قُلْتَ ثُمَّ أَلَنْتَ لَهُ فِي الْقَوْلِ فَقَالَ أَيْ عَائِشَةُ إِنَّ شَرَّ النَّاسِ مَنْزِلَةً عِنْدَ اللَّهِ مَنْ تَرَكَهُ أَوْ وَدَعَهُ النَّاسُ اتِّقَاءَ فُحْشِهِ )[١] واته: کابرایەك داوای مۆڵەتی کرد بێتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ڕێی بدەن کوڕێکی - یان کابرایەکی – خراپی عەشیرەتەکەیەتی، کە هاتەژوورەوە پێغەمبەری ﷺ بە نەرمونیانی لەگەڵیدا دواو. عەرزمکرد: ئەی پێغەمبەری خوا، وات بەرامبەری فەرموو، کەچی دواتر نەرمونیان دوایت؟ فەرمووی: بەڵێ عائیشە، خراپترین کەس لای خوای گەورە ئەو کەسەیە کە خەڵکی بۆ خۆدوورگرتن لە بەدیی و خراپەکانی خۆی لێ دوورەپەرێز بگرن، یان وەلیکەن.. ئیبنوحەجەر دەفەرموێ: (بوخاریی بۆیە لێرەدا ئەم ریوایەتەی هێناوەتە تا ئاماژەیەك بەوەش بدات کە لە هەندێك ڕێگای ترەوە بە لەفزی (مُدارات) هاتووە، وەکو لەحارثی کوڕی ئەبوئوسامەوە لە فەرموودەکەی صەفوانی کوڕی عەسسالدا وەکو ریوایەتەکەی خاتوو عائیشە هاتووە، کە تێدا دەفەرموێ: (إِنَّهُ مُنَافِقٌ أُدَارِيهِ عَنْ نِفَاقِهِ، وَأَخْشَى أَنْ يُفْسِدَ عَلَيَّ غَيْرَهُ) واتە: ئەمە کابرایەکی دووڕووە، نەرمونیان لەگەڵییدا رەفتاردەکەم، چونکە خەممە خەڵکانێکی ترم لێ چەواشەبکات.. هەروەها ئیبنوحەجەر رحمەاللە دەفەرموێ: (مودارات) لە پاڵپێوەنانەوەیە، مەبەستی ئەوەیە کە بەنەرمونیانی رابیدەکەم... فەرموودەی تری لەسەرە کە راشکاوانە وا دەفەرموێ: وەکو ریوایەتەکەی جابر خوا لێی رازی بێت لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: (مُدَارَاةُ النَّاسِ

---

[١] بوخاری (٥٧٨٠).

صَدَقَةٌ)[١] واتە: ڕەچاوکردنی بارودۆخی خەڵکی و بە جوانی راییکردنیان خێرە... لەئەبو هورەیرەشەوە ڕیوایەتیتر هاتووە دەفەرموێ: (رَأْسُ الْعَقْلِ بَعْدَ الإِيمَانِ بِاللَّهِ التَّوَدُّدُ إِلَى النَّاسِ)[٢] واتە: لوتکەی ژیرێتی دوای باوەڕهێنان رەچاو کردنی بارودۆخی خەڵکی و راییکردنیانە بەشێوەیەکی جوان... ئیبنوبەططال دەفەرموێ: جوان راییکردن رەوشتی پەسەندی موسوڵمانانە، کە بریتە لە نەرمونیانی نواندن و دوورکەوتنەوە لە توورەکردن و رقهەستاندن، کە لە کاریگەترین شێوازی دڵنەواییکردن و کەسبکردنە.. هەندێ کەس وا دەزانن راییکردن (مودارات) مساوەمەکردنە. ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە جوان راییکردن پەسەندە، سووننەتە، بەڵام موساوەمەکردن حەرامە. جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە موساوەمەکردن (کە بە عەرەبییەکەی مداهنةیە) لە (الدهان)ەوە هاتووە کە بریتییە لەوەی شتێك نیشاندەدات پێچەوانەی قەناعەتی ناخی خۆیەتی،

---

[١] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: (أخرجه ابن عدي والطبراني في الأوسط وفي سنده يوسف بن محمد المنكدر وضعفوه. وقال ابن عدي: أرجو أنه لا بأس به. وأخرجه ابن أبي عاصم في (آداب الحكماء) بسند أحسن منه). راستە: ئیبنوعەدیی لە: (الكامل/٧/٢٦١٣)و طەبەرانی لە: (الأوسط ١/٢٨/١/٢٩)، ئیبنوحیببان لە: (الضعفاء/٣/١٣٦). هەموو لە چوار یاوەری بەڕێزەوە گێڕاویانەتەوە: (جابرو ئەبوهورەیرەو ئەنەس و میقدادی کوڕی مەعدی یەکریب) خوا لێیان رازی بێت، بەڵام هەموو توێژەرەوەکانی بە زەعیفیان داناوە. کۆتاشیان شێخی ئەلبانییە رحمەالله کە لە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة. ١٣/١٠)دا هێناویێتیەوە کە زەعیفە.

[٢] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: (البزار بسند ضعيف). راستە: البزار (ل/٢٣٩)، ئیبنوعەدی (٢٣/٢)و هیتر. بەڵام ئەلبانی رحمەالله لە ((سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة. ١٢١/٨)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

زانایان بەوە لێکیانداوەتەوە کە جوان ڕەفتارکردن و هەڵسوکەوتە لەگەڵ کەسانی فاسق و گوناحکارو دەربڕینی رازیبوونێتی بەوەی ئەوانی لەسەرە، بێئەوەی نکووڵی لە ڕەفتارەکەیان بکات.. بەڵام مودارات و راییکردن بریتییە لە نواندنی ڕەفتار (گوفتار یان کردار)ی نەرمونیان بەتایبەتی لەگەڵ کەسانێکی نەزاندا تا فێربن، یان کەسانێلکی گوناحکار تا واز لە گوناحکردنەکەی بهێنێت، بێ ئەوەی توندوتیژیی بەرامبەر بەکار بهێندرێت، بە تایبەتی کە دەوویسترێت سەرنجی رابکێشرێت و کەسب بکرێت و ببرێتەوە)[1].

ئیبنوحەجەر رحمه‌الله لە شوێنیکیتردا دەفەرموێ: (جیاوازیی نێوان راییکردن (مودارات) و موساوەمەکردن (یان موداهەنەو سازشکردن) ئەوەیە: لە راییکردنەکەدا ڕەفتارێکی دنیایی بۆ چاکسازییەکی دنیایی، یان دینی، بەکار دەهێنرێت، بەڵام موساوەمەو سارش تەنازولکردنە بە دینەکە و لە دینەکە بۆ مەبەستێکی چاکسازیی دنیایی)[2] کەوابوو راییکردن و موجامەلە یەکە، بۆ مەبەستێکی دنیایی یان دینی یان بۆ هەر دووکیان دەگیرێتەبەر، موساوەمەو موداهەنەش تەنازولکردنی دینییەو بۆ رازیکردنی دوژمنانی دەگیرێتەبەر.

راییکردنی جوان و نەرمونیانی، کە ڕەفتارێکی سوونەتییە، ڕەوتەوان و داعی زۆر پێویستیان پێی دەبێت، چونکە لە تێکەڵاوبوونی خەڵکی و بۆ کەسبکردنیان پێویستە، لەبەر ئەوەی ئاست و باری دەرون و دیدو هەڵوێستی خەڵکی

---

[1] فتح الباري (١٠/٥٢٨).

[2] فتح الباري (١٠/٤٥٤).

جیاوازن. ئەمەش ڕەفتارێکی بەهێزی دڵنەوایی و دڵڕاگرتن و کەسبکردنە. چونکە نزیککردنەوەی بۆچوون و هەستوهۆشە لە یەکتریی و زەمینەسازییە بۆ کارتێکردن و قبوڵکردنی ئامۆژگاریی، ئاسان رامهێنان و ئاڕاستەکردنە بەرەو ڕێبازی ڕاست.

**٩-ئاشتەوایی نێوان خەڵکی:**

ناکۆکیی و پشێویی شەڕی ساردو گەرم لە نێوان خەڵکی هەموو کات و شوێنکدا ڕوودەدات، ئەمە سروشتییە، چونکە خەڵکی لە دیدو هەڵوێست و تەبیعەت و پاڵنەرە دەروونییەکانیاندا لێکجیاوازن. تەنانەت یاوەران _کە باشترینی ئەم ئوممەتەن خوالێیان رازی بێت_ ناکۆکیی و شەڕ دەکەوتە نێوانیانەوە، لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ناویاندا بوو کە جەنابی خۆی ﷺ دەکەوتە نێوانیانەوەو ڕێکیدەخستنەوە[١].

خوای گەورە دەفەرموێ: (فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَصلِحُواْ ذَاتَ بَيْنِكُمْ) الانفال/١ واتە: لە خوا بترسن و نێوان خۆتان چاککەن. هەروەها دەفەرموێ: (لاَّ خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلاَّ مَنْ أَمَرَ بِصدَقَهٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصلاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَن يفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا) النساء/١١٤ واتە: زۆر لەو چرپەچرپەی دەیکەن بێخێرە، مەگەر چرپەچرپێک کە فەرمانکردنێکی بە خێرو خێراتکردن تێدابێت، یان بە چاکەخوازییەك، یان ڕێکخستنەوەی نێوان خەڵکی

---

[١] بڕوانە سەحیحی بوخاری / كتاب الاحكام/ باب: الإمام يأتى قوما فيصلح بينهم. (فتح الباري ١٣/١٨٢).

بێت. هەر کەسێك لەبەرخاتری خوای گەورە ئەو کارانە ئەنجامبدات بە تەئکید دواتر ئێمە پاداشتی زۆری دەدەینەوە.

پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: (أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِأَفْضَلَ مِنْ دَرَجَةِ الصِّيَامِ وَالصَّلَاةِ وَالصَّدَقَةِ قَالُوا بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ إِصْلَاحُ ذَاتِ الْبَيْنِ وَفَسَادُ ذَاتِ الْبَيْنِ الْحَالِقَةُ)[1] پێتان رابگەیێنم کە ڕەفتارێک هەیە پلەی لە ڕۆژوو نوێژو خێروخێرات چاکترە؟ عەرزیان کرد (پێیان ووت): بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه، فەرمووی: چاکسازیی، ئاشتەوایی نێوان خەڵکی... خراپکردنی نێوان خەڵکی و تێکدانی پەیوەندییان دین و دینداریی دادەتاشێت.

تەنانەت بۆ سەرخستنی هەوڵی ئاشتەوایی و ڕێکخستنەوەی نێوان خەڵکی و بەستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان، درۆکردن جائیزە. بەو شێوەیەی لە لای هەر یەکەیان بڵێ: ئەولا حەزی بە ئاشتبوونەوەیە، بیستم مەدحی دەکردیت و حەزی دەکرد پەیوەندیتان خۆشبێتەوە. بەڵام باشتر لەو درۆکردنە ئەو شێوازانەی قسەکردنە کە دوو واتا دەگەیێنن، نەك درۆی زەق!! ئوم کلثومی کچی عوقبە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (سَمِعَتْ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ لَيْسَ الْكَذَّابُ الَّذِي يُصْلِحُ بَيْنَ النَّاسِ فَيَنْمِي خَيْرًا أَوْ يَقُولُ خَيْرًا ) متفق علیه[2] واتە: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەو کەسەی کە لە نێوان

[1] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (رواه الترمذي عن أبي الدرداء). ڕاستە: ترمذی (٢٥٠٩)، ئەبوداوود (٤٩١٩)، ئەحمەد (٢٦٩٦٢). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (صحيح الترمذي/ ٢٦٤٠)و لە: (المشكاة/ ٥٠٣٨)دا بە سەحیحی داناوە.

[2] بوخاری (٢٥٤٦)، موسلیم (٢٦٠٥).

لایەنەکانی ناکۆکی خەڵکیدا قسەی باش دەکات _کە قسەی خێر بۆ ئەمیان دەکات و بۆ ئەویان دەکات_ بە درۆزن حسێب نییە... موسلیم لەریوایەتی تردا هێناویتییەوە کە درۆکردن لە سێ حاڵەتدا جائیزە، یەکێکیان لە ئاشتەوایی خەڵکی ناکۆکدایە.

وەکو لە بەڵگەکاندا دەبینیت، ئاشتەوایی نێوان خەڵکی و ڕێکخستنەوەو چاکسازیی نێوانیان کارێکی چاك و خێرێکی دیارە، چونکە ناکۆکیی و ململانێ سەردەکێشێت بۆ دوژمنداریێتی و لە کۆمەڵکارییشدا بۆ دەنگدابڕین و گەلەکۆمەکێ و خەتخەتێن، کە دژوارترین هۆکاری لێکترازانی کۆمەڵکارییەکەیە. جگە لەو زیانە گەورەیەی لە دین و دینداریی کەسەکان دهکەوێت. کە پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی لەو ناکۆکیی و ململانێ ناوخۆییە ناوە (حالقە) واتە: تاشەر، ئەوی دین و دینداریەکەدا دەتاشێت، واتە: دەیپوکێنێتەوە. سەیدنا زوبێری کوڕی عەووام خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (دَبَّ إِلَيْكُمْ دَاءُ الأُمَمِ قَبْلَكُمْ الْحَسَدُ وَالْبَغْضَاءُ هِيَ الْحَالِقَةُ، حَالِقَةُ الدِّينَ لَا حَالِقَةُ الشَّعْرِ)[١] واتە: نەخوشیە کۆمەڵاتییەکانی ئوممەتانی پێشووتان کەوتە ناو ئێوەشەوە: بەغیلیپێبردن و یەکتربوغزاندن، کە تاشەرە تاشەری دین، نەك تاشەری موو، دینەکە لاوازدەکات. چونکە زۆرینەی دروشمەکانی دین کۆمەڵکاریانە ئەنجامدەدرێن کە کۆمەڵکارییەکەش

[١] نووسەری بەڕێز نوسیویێتی: (رواه احمد والترمذي). ڕاستە: ئەحمەد (١٤١٢)، ترمذی (٢٥١٠)، بوخاری لە: (الأدب المفرد/٢٦٠). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح سنن الترمذي/٢٥١٠) دا بە حەسەنی داناوە.

لەتلەتبوو دینەکەی بەتەواویی پێ پیادەناکرێت، دەینداریەکەش دەپوکێنێتەوە، چونکە لایەنە ناکۆکەکان هەر بە یەکتروە مەشغووڵدەبن! لەوانەیە دوعاکردنەکانیشیان هەر لە یەکتر بێت!!.

**١٠-بەیەکتربەخشین:**

بەیەکتربەخشین هاریکاریی و یارمەتی و دەستدانەباڵی یەکترییە. هەوڵی پارسەنگکردنەوەی تاکو کۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتە، کە تۆ پۆشاکێکی زیادەت داناوەو ساڵی دووجار لەبەریدەکەیت، بۆ نایدەت بە ڕەشوڕوتێك کە پێویستی ئێستاو ساڵەکەیەتی؟! کە زیادەت هەیە بۆ نایبەخشیتە ئەوی نییەتی؟! تۆی موسوڵمان، تۆی هیممەتبەرزی ڕەواتەوان بۆچی سەیرێکی کۆمەڵگەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ناکەیت؟! ئیمامی موسلیم لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (مَنْ كَانَ مَعَهُ فَضْلُ ظَهْرٌ فَلْيَعُدْ بِهِ عَلَى مَنْ لَا ظَهْرَ لَهُ، وَمَنْ كَانَ لَهُ فَضْلُ زَادٍ فَلْيَعُدْ بِهِ عَلَى مَنْ لَا زَادَ لَهُ، قَالَ: فَذَكَرَ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ حَتَّى رَأَيْنَا أَنَّهُ لَا حَقَّ لِأَحَدٍ مِنَّا فِي فَضْلٍ)[١] واتە: هەر کەسێك وڵاخێکی سواریی زیادەی پێیە، با بیداتە ئەو کەسەی وڵاخی پێ نییە، هەر کەسێك خۆراکی زیادەی پێیە، با بیداتە ئەو کەسەی کە خۆراکی نییە. ئیتر ناوی هەموو جۆرەکانی سامانی ئاوا هێنا، تاوامان هەستکرد کەسمان نیە شتێکی زیادەی پێنییە، حەقی خۆیی تێداما بێت!

ئاخر ئاوا هەستی یەکجەستەیی تێدا دەڕواندن.

[١] موسلیم (١٧٢٨)، ئەبوداوود (١٦٦٣)، ئەحمەد (١٠٩٠٠).

ئەبوهوریرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوەكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (طَعَامُ الِاثْنَيْنِ يَكْفِي الثَّلَاثَةَ وَطَعَامُ الثَّلَاثَةِ يَكْفِي الْأَرْبَعَةَ) متفق عليه[١] واتە: خۆراكی دووكەس بەشی سێ كەسیش دەكات، خۆراكی سێ كەس بەشی چوار كەسیش دەكات... لەریوایەتێكی تری (مەرفوع)ی موسلیمدا لە جابرەوە خوا لێی رازی بێت وا هاتووە: (طَعَامُ الْوَاحِدِ يَكْفِي الاثْنَيْنِ , وَطَعَامُ الاثْنَيْنِ يَكْفِي الأَرْبَعَةَ , وَطَعَامُ الأَرْبَعَةِ يَكْفِي الثَّمَانِيَةَ)[٢] واتە: خۆراكی كەسێك بەشی دووكەس دەكات، خۆراكی دووكەسیش بەشی چوار كەس دەكات، خۆراكی چوار كەسیش بەشی هەشت كەس دەكات.

بڕوانە چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ مەدحی ئەشعەرییەكان دەكات و بەچی؟ ئەبوموسای ئەشعەریی خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (إِنَّ الْأَشْعَرِيِّينَ إِذَا أَرْمَلُوا فِي الْغَزْوِ، أَوْ قَلَّ طَعَامُ عِيَالِهِمْ بِالْمَدِينَةِ، جَمَعُوا مَا كَانَ عِنْدَهُمْ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ، ثُمَّ اقْتَسَمُوهُ بَيْنَهُمْ فِي إِنَاءٍ وَاحِدٍ، بِالسَّوِيَّةِ، فَهُمْ مِنِّي وَأَنَا مِنْهُمْ)[٣] واتە: تیرەی ئەشعەرییەكان كە لە غەزادا دەبوون و خۆراكیان خەریكبوو تەواودەبوو، یان كە خۆراكی ماڵ و منداڵیان روولەكەمی بوو لە مەدینە، هەموویان هەرچی هەیانبوایە دەیانهێنایە شوێنێك و لە شتێكدا ـوەك عەبایەكـ كۆیاندەكردەوەو پاشان بە قاپێك وەكو یەك (بەیەكسانی) دابەشی ناوخۆیانیان دەكردەوە. ئەوانە لە منن و منیش لەوانم.

---

[١] بوخاری (٥٣٩٢)، موسلیم (٢٠٥٨).

[٢] موسلیم (٢٠٥٩)، ترمذی (١٧٣٨)، ئیبنوماجە (٣٢٥٣).

[٣] بوخاری (٢٤٨٦)، موسلیم (٢٥٠٠).

دەی باشە با هەموو رەوتەکە بکەینە تیرەی ئەشعەریی، خۆ بەژن و ژنخوازیی و خوێن نییە، بە یەك سیفەتی جوامێرییە، یەك سیفەت: دەستدانە باڵی یەکتریی ... با ئێمەش ئەو شەرەف و پلەو پایەمان دەسکەوێت: لە پێغەمبەری خوا بین ﷺ و جەنابیشی لە ئێمە بێت... ئای کە پلەیەکی بەرزە لە دنیاداو لە حەشریشدا بەر شەفاعەتی خۆیمانبخات.. خوا بکات.

لەوەش جوامێرانەتر (إيثار)هە ، واتە: بەرژەوەندی ئەو بخەیتە پێش خۆت، لەمیش جوامێرانەترە لوتکەی سەرەوەیە کە بەرژەوەندی ئەو دەخەیتەپێش بەرژەوەندی خۆت، کە خۆت موحتاجی شتە بەخشراوەکەی... وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: (وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ) الحشر/٩ واتە: ئەگەر هەژاریی و مەحروومبوونیشیان بەسەر خۆیاندا بهێنایە، هەر دەیانبەخشیە براکانیان.

ئەم یارمەتیدان و دەستگرۆیی و هاوکارییکردنەی یەکتریی، کۆڵەکەی سەرەکی کۆمەڵکارییە، بڕگەی سەرەکی کۆمەڵگەی موسوڵمانە بەگشتیی و بڕبڕەی پشتی بزاوتی جیهادیە بە تایبەتی... لە مەشخەڵە سەرەکیەکاندا باس لەوە کراوە کە ئوممەتی موسوڵمان ئوممەتی جیهادە، کەجیهادەکەشی بەرپاکرد کۆمەڵگەکە هەموو پشتیوانی لێدەکات و بەرەکانی پشتەوەی بۆ تەئمیندەکات. ئامادەکردنی کەلوپەل و مسۆگەرکردنی پێداوویستیی و مەشق و عومقی بەشەریی و سەرپەرشتی ماڵ و منداڵ و ئیدارەدانی کاروبارەکانیان هەمووی دەبێتە بەرپرسێتی کۆمەڵگەکە، ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو... لە بڕگەی (٩)ی

(دیدڕوونی)دا بەدووردرێژتر باس لە جیهادێتی ئەم ئوممەتە موسوڵمانە كراوە... ئەوەی لێرەشدا دەبێ جەختی لەسەر بكەینەوە باش تێگەیشتنە لەوەی:

لە هەموو قورئاندا _جگە لەیەك ئایەت_ جیهادكردن بە سامان و ماڵ خراوەتە پێش (جیهادكردن بە گیان)، چونكە جیهادكردن بە بەخشینی ڕۆح لە دوای جیهادی دارایی و بەخشینی سامان دێتەدیی... جیهاد سەدان و هەزاران بێوەژن و هەتیووی لێدەكەوێتەوە، حەتمەن دەبێت سەرپەرشتی بكرێن و خەمیان لێ بخورێت، تا جیهادەكە بەردەوام بێت و كابرای موجاهید ناچارنەبێت جیهادەكە بۆ كاسبیكردن بەجێبهێڵێت. كابرا چۆن جیهادی پێدەكرێت كە بینێت ماڵ و منداڵی لە ئێستاوە موحتاجی دەستی ئەموئەون؟! مانای وایە دوای خۆی دەكەونە سوا ! كەوابوو شتێكی حەتمیە، كە جیهادەكە وازلێدەهێنێت. لەبەر ئا ئەمەیە كە سەرپەرشتیارو بەخێوكاری بێوەژن و هەتیوویش پاداشتی وەكو موجاهیدەكەیە. وەكو ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێت لە فەرموودەی (مەرفوع)دا دەگێڕێتەوە: (السَّاعِي عَلَى الْأَرْمَلَةِ وَالْمِسْكِينِ كَالْمُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوْ كَالَّذِي يَصُومُ النَّهَارَ وَيَقُومُ اللَّيْلَ)[1] واتە: ئەو كەسەی سەرپەرشتی بێوەژن و هەژاران دەكات وەكو مجاهیدێكە كە لە پێناوی خوادا غەزادەكات، یان وەكو ئەو كەسەیە كە بە ڕۆژ بەڕۆژووەو بە شەویش شەونوێژدەكات... هەروەها دەفەرموێ: (أَنَا وَكَافِلُ الْيَتِيمِ كَهَاتَيْنِ فِي الْجَنَّةِ، وَأَشَارَ بِالسَّبَّابَةِ وَالْوُسْطَى) بوخاریی[2] واتە: من و خەمخۆرو بەخێوكاری هەتیوو لە بەهەشتدا ئاواین،

---

[1] بوخاری (٥٦٦٠)، موسلیم (٢٩٨٢).

[2] بوخاری (٤٩٢٠).

پەنجەی شایەتمان و پەنجەی درێژی ناوەڕاستی پێکەوە جووتکرد، یەعنی ئەئاوا پێکەوە دەبین.

جیهادو داخوازییەکانی سەرلەنوێ کۆمەڵگەی موسوڵمان بەشێوەیەکیتر دادەڕێژێنەوە، کە دەبێ کۆمەڵە ئیسلامیەکان _بەتایبەتی جیهادیەکان_ تێیبگەن و لەخۆیگرن، بەچەکدارکردنی موجاهیدان و کەفالەتی خێزان و منداڵیان و هاندانی فرەژنیی بۆ پاراستنی ژنی شەهیدان... هەندێک لەوانە پێش جیهادەکە دەبێت، وەکو هیجرەت. ئەوەش لەخۆگۆتنی ئەو خەڵکە دەخوازێت، کە دێتە ساحەی جیهادەکەو مەئواکەی پشتیی. ئینجا دەبێت برایەتییەکی راستەقینە لە نێوان موهاجیرەکان و ئەوانەی خەڵکی ناوچەکەن سازبکرێت. هەر وەکو کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینە کردی. بوخاریی لە ئەنەسەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (حَالَفَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنَ قُرَيْشٍ وَالأَنْصَارِ فِي دَارِي)[١] واتە پێغەمبەری خوا ﷺ رێکەوتنەکەی نێوان قورەیش (مەککەییەکان) و ئەنسار (پشتیوانەکانی مەدینە)ی لە ماڵی مندا رێکخست. واتە موهاجیران و پشطیوانەکان بوونە براماڵی یەکتریی و هەموو شتێکیان هاوبەش کرد، جگە لەحەرامەکانیان لەیەکتریی. ئاوا دەبینیت موهاجیرەکە دەبووە برابەشی پشتیوانەکەی مەدینە لە خانوو ماڵ و سامانییدا، تا ئەو کاتەی دواتر خوای گەورە سامانی غەنیمەت و فەی _کە سامانی کافرانە_ خستە بەردەست پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانی.

---

[١] بوخاری (٥٧٣٣).

پوختەی باس:

ئەو موسوڵمانەی ئەرکە دینییەکانی لە ئەستۆدایەو سەرڕاستانە جێبەجێیاندەکات و بە ئومێدی لێخۆشبوونی خوای گەورەیە، بەسێ قۆناغدا دەڕوات : تێگەیشتن، راستگۆیی، رەفتاری رەوا.. هەر سێکیشیان قۆناغی یەك لەدوای یەکن، ناشێت پێشبڕینی قۆناغی پێشوو، بازداتە قۆناغی داهاتوو.

-تێگەیشتن لەزانستیەوە دێت: خواپەرستی نەزان خێردارنییە، هەروەها رەفتار (گوفتارو کردار)ی بێزانین. وەکو عومەری کوڕی عبدالعەزیز دەیفەرموو: (مَنْ عَمِلَ بِغَيْرِ عِلْمٍ كَانَ مَا يُفْسِدُ أَكْثَرَ مِمَّا يُصْلِحُ)[١] واتە: ئەو کەسەی نەزانانە کاردەکات خراپەکاریی زیاتر دەبێت وەك لە چاکسازیی.... ئەگەر ئەمە لە ئەرکە دینییە تاك کەسییەکاندا ئەوەندە فەرزبێت، حەتمەن لە ئەرکە کۆمەڵکارییەکاندا فەرزێتییەکەی توندتر دەبێت. لەبەر ئەم زەرورەتی تێگەیشتنەیە کە چەندین کتیب و ناملکەمان لەسەر بنەما سەرەکیەکانی تێگەیشتن لە قورئان سووننەت و پابەندبوون پێیانەوە بۆ رەوتەوانان دەرکردووە، کە هەموویان کورتەو پوختەی باسە سەرەکییەکانن.

-راستگۆیی دوایی تێگەیشتنە: گومانی باش بە نەزان نابرێت، کە بتوانێت سوودێکی راستگۆیانە بگەیێنێت. ئەو کەسەی کە تێگەیشتووە دەزانێت لە رووی شەرعییەوە بەرپرسێتی چییەو دەبێ چی بکات. سەرڕاستی دینداریتیی وا لە خاوەنەکەی دەکات حەز کات زانینەکەی بخاتە گەڕو لەمەیدانی کردەوە و

---

[١] ئیمامی ئەحمەد: (الزهد/١/٣٠١).

چەسپاندنی عەمەلییدا دەردەکەوێت. ئاوا رادەی راستگۆییەکەی دەردەکەوێت، چونکە هەیە تێگەیشتووەو زانیوێتی بەڵام لەم قۆناغەدا وەستاوەو نەچۆتە قۆناغی سەلماندنی راستگۆیی.. ئەمە (ئیمان)ی هێناوە، بەڵام نایەوێت بە (عمل صالح) بیسەلێنێت! ئەمە قبوڵناکرێت. لەمیش خراپتر ئەو کەسەیە کە تێگەیشتووەو دەزنێت، بەڵام کردەوەی بەدو پێچەوانەی داخوازی شەرع ئەنجامدەدات... ئەمە درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات... پێشتر باسمان لەراستگۆیی لەگەڵ خوای گەورەدا کرد، کەسەرچاوەی دینداریتییە.

-رەفتاری رەوا: رەوشتی پارسەنگ دوای تێگەیشتنی قووڵ و راستگۆیی پابەندبوونەوە دێت. ئەگەر ئەم هاوکێشەی (تێگەیشتن و کارپێکردن رەسەنکردنەوە رەفتاری رەوا) لەسەر گەورەترین و گرنگترین کێشەی کاری ئیسلامی سەردەم بچەسپێنیت _کە جیهادە لەپێناوی خوادا_ هاوکێشەکە ئاوای لێدێت: ئەگەر موسوڵمان فەرزێتی جیهادەکە تێگەیشت و زانی، سەرڕاستانەش وویستی مومارەسەی بکات، حەتمەن ئەوە لە رەفتارو رەوشتییدا دەردەکەوێت.. رەفتار بریتییە لە سەرجەمی هەڵسوکەوتەکانی لە کاتی جێبەجێکردن ئەم فەرزەدا.

## جۆرکانی ڕەفتار

**ڕەفتاردووجۆرە: ڕەفتاری تاك و ڕەفتاری کۆ (کۆمەڵکاریی):**

**-ڕەفتاری تاك دووبەشە:**

***ناوەکی:** هەموو ئەو ڕەفتارانەن کە پەیوەندیان بە پاڵفتەی دەروون و پاکڕاگرتنی دڵهوە هەیە، کە لە کتێبی (الرقائق)ەکاندا باسدەکرێن. واتە؛ ئەو کتیبانەی دڵ نەرمدەکەنەوەو بۆ خوای ساغدەکەنەوە.

***دەرەکی:** ئەو فەرزهو ئەرك و ئادابانەن کە موسوڵمان ڕۆژانە مومارەسەیاندەکات، چ وەکو تاك، چ وەکو کۆمەڵکارێك، کە تێکەڵ بە کەسانیتر دەبێت.

-ڕەفتاری کۆ (یان کۆمەڵایەتی) بریتییە لە سەرجەمی هەڵسوکەوتی موسوڵمان لەگەڵ جۆرەکانی خەڵکی دەوروبەرییدا. ئەوەی لێرەدا جێباسی ئێمەیە ڕەفتاری ڕەوتەوانە لەگەڵ ئەمیرەکەی و لەگەڵ ڕەوتەوانانیتردا. هەروەها لەگەڵ جاسووس و دوژمن و دووڕوودا. بێگومان لەگەڵ موسوڵمانانیتری کۆمەڵە ئیسلامیەکانیتریشدا.

ڕەفتار لەگەڵ دوژمندا: ئەو ئێرە جێی نییە، چونکە باسێکی دوورودرێژە. ئێرە باسی بەشێک لە مافی ئەمیرو ڕەوتەوانانە، بەڵام دەربارەی مافی ئەمیر هەندێکمان بە تەفسیل باسکردو بە باشی دەزانم بیرخستنەوەیەکی خێرا بۆ هەندێکی بکەمەوە.

-ڕوەتەوان بەبێ ئەمیر نابێت. چونکە رەوت بەبێ ئەمیر نابێت. هەر وەکو کە جیهاد بەبێ ئامرو ئەمیر نابێت. ئەرکی رەوتەوانیش گوێڕایەڵیی و ملکەچیی ئەمیرو پاراستنی نهێنیەکانە کە لە لایەتی، لەگەڵ یارمەتیدان و پشتیوانیکردنی کۆمەڵکارەکانی برای.

-دیسان بۆ پاراستنی یەکپارچەیی رەوت و یەکڕیزی جەوهرو جیهادی رەوت، گوێڕایەڵیی و ملکەچیی و ڕێزگرتنی ئەمیر ئەرکێکی حەتمی ڕەوتەوانانە. ئەمەش زیاننەدان و دابینکردنی سوودە بۆ رەوت و ڕەوتەوانان بەگشتیی. پابەندبوون بەم رەفتارو رەوشتە کۆمەڵکاریانەوە _خواش دەیزانێت_ هۆکاری سەرکەوتنن. جگە لەو سوودانەی کە هەموو رەوتەوانان لە پارسەنگی رەفتاریاندا لە دنیاو قیامەتدا لێی سوودمەنددەبن. چونکە تا رەوتەکە پتەوترو تۆکمەترو بەهێزتر بێت ئومێدی هەموویان دێنێتەدیی، تا برایەتیی و پەیوەندی کۆمەڵکاریان لەناو خۆیان و بە ئەمیرەکەیانەوە بەهێزتر بێت، باشتر دەتوانن رەوتەکەیان لە درزو داڕزین و لەتبوون بپارێزن.

ئەوە جگە لەوەی ئێمە هەموو _وەکو موسوڵمان، وەکو ویندارێتی_ بەم رەفتارە ئیسلامیانەوە پابەند دەبین. چونکە لەوە دڵنیابن کە پشتیوانی خوای پێوەبەندەو رووسوریی دنیاو قیامەتی پێوەیە. ان شاء الله.

خاتوو خەدیجە خوا لێی رازی بێت لە سەرەتای وەحییدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی بردەوە ماڵەوەو ترسا، خەدیجەخان دڵنەواییکرد، بەوەی کە ئەستەمە خوای گەورە سەرینەخات، لەبەر ئەو سیفەتە کۆمەڵایەتییە

جوامێریانەی کە هەیەتی... بوخاریی لە خاتووعائیشەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (فَرَجَعَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَرْجُفُ فُؤَادُهُ فَدَخَلَ عَلَى خَدِيجَةَ بِنْتِ خُوَيْلِدٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، فَقَالَ زَمِّلُونِي زَمِّلُونِي فَزَمَّلُوهُ حَتَّى ذَهَبَ عَنْهُ الرَّوْعُ، فَقَالَ لِخَدِيجَةَ وَأَخْبَرَهَا الْخَبَرَ، لَقَدْ خَشِيتُ عَلَى نَفْسِي، فَقَالَتْ خَدِيجَةُ كَلَّا وَاللَّهِ مَا يُخْزِيكَ اللَّهُ أَبَدًا، إِنَّكَ لَتَصِلُ الرَّحِمَ، وَتَحْمِلُ الْكَلَّ، وَتَكْسِبُ الْمَعْدُومَ، وَتَقْرِي الضَّيْفَ، وَتُعِينُ عَلَى نَوَائِبِ الْحَقِّ)[١] واتە: بە دڵەلەرزەوە تەشریفی بردەوە ماڵەوە بۆلای خەدیجەی کچی خوەیلدی خێزانی خوا لێی رازی بێت وفەرمووی: دامپۆش، دامپۆشن، ئیتر دایانپۆشی هەتا شڵەژانەکەی تەواو بوو، هێمنبۆوە، دوایی هەواڵەکەی بۆ خەدیجەخان گێڕایەوەومفەرمووی:مترسام شتێکم لێ بێت، خەدیجە فەرمووی: نا بەخوا هیچ خەمێکت نەبێت و مەترسە، خوای گەورە قەت پشتت بەرنادات، تۆ کابرایەکی خزمایەتی دەفامێنێ و رێزی کەسوکار دەگریت و خەمی بێنەوایان دەگریتەکۆڵ و هاوکاری نەداران دەکەیت و رێزی میوان دەگریت و لەسەر حەقی خەمخوراوان بەجواب دێیت.

لە ریوایەتێکی تری بوخاریی دا زیادەی (وَتَصْدُقُ الْحَدِيثَ)ی لەگەڵدایە واتە: قسەی راستدەکەیت... کە دەفەرموێ: بەخوا خوای گەورە پشتتبەرنادات، هۆکاری ئیستیدلالی خاتووخەدیجە ئەمەیە: کە مادام جەنابت ئەو هەموو سیفەتە جوامێریانەت تێدایە (کە هەر یەکەیان بنەمایە بۆ رەوشتبەرزیتر)

---

[١] بوخاری (٤)، موسلیم (٢٣١).

خاتووخەدیجە وەکو پێشەکی و ئەنجام سەیری کارەکەی کرد، کە مادام جەنابت ئاوا چاکیت، خوای گەورەش چاکت بۆ دەکات و پشتتدەگرێت .

ئەمە دەسپێکی یەکەمی وەحی بوو، کە بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە ئەهلی جاهیلییەتیش دەیانزانی کە رەوشتبەرزیی پەیژەی سەرکەوتن و سەرفرازییە... بەراستی هەقە ئێمەش ئەم هەستەمان _بە یەقینەوە_ لابێت. کە مادام پابەندبین بەم ئیسلامە مەزنەوەو سەرڕاستبین، حەتمەن خوای گەورە پشتمان بەرنادات.. ان شاء الله.

ئەمەی خەدیجەخان خوا لێی رازی بێت وەسفیکرد، دۆست و دوژمن هەر وا وەسفی موسوڵمانانی دەوری پێغەمبەری خوایان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکرد. کە سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێت قوڕەیش تەنگی پێهەڵچنی و هەموو رێگاکانی دەرکەوتنیان لێگرت و لەماڵەکەی خۆشیدا تینوفشاریان بۆ هێنا، بڕیاریدا کۆچبکات بۆ حەبەشە.. کە لە مەککە دەرچوو، لە رێگا کابرایەکی تووشبوو، ناوی ئیبنوددەغینە بوو. عائیشەخان دەگێڕێتەوە: (لَقِيَهُ ابْنُ الدَّغِنَةِ وَهُوَ سَيِّدُ الْقَارَةِ فَقَالَ أَيْنَ تُرِيدُ يَا أَبَا بَكْرٍ فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ أَخْرَجَنِي قَوْمِي فَأَنَا أُرِيدُ أَنْ أَسِيحَ فِي الْأَرْضِ فَأَعْبُدَ رَبِّي قَالَ ابْنُ الدَّغِنَةِ إِنَّ مِثْلَكَ لَا يَخْرُجُ وَلَا يُخْرَجُ فَإِنَّكَ تَكْسِبُ الْمَعْدُومَ وَتَصِلُ الرَّحِمَ وَتَحْمِلُ الْكَلَّ وَتَقْرِي الضَّيْفَ وَتُعِينُ عَلَى نَوَائِبِ الْحَقِّ وَأَنَا لَكَ جَارٌ فَارْجِعْ فَاعْبُدْ رَبَّكَ بِبِلَادِكَ)[1] واتە: لەرێگا ئیبنوددەغینەی تووشبوو کەسەیدی هۆزی (قارە)بوو، لێی پرسی: بەرەو کوێ ئەبوبەکر؟

[1] بوخاری (٢١٧٦).

ئەبوبەکر فەرمووی: قەومەکەم دەریانکردووم منیش دەمەوێ لەم سەرزەویەدا بگەڕێم، شوێنیك پەیدابکەم تا خوای خومی لێبپەرستم. ئیبنوددەغینە ووتی: پیاوی وەکو تۆ نە وڵاتی جێدەهێڵێت و نە دەریشدەکرێت. تۆ پیاوێکی بەدەم هەژاراو مەحروومانەوە دەچیت، سیلەی روحمی خزمایەتی دەپارێزیت، کۆڵی لێقەوماوانت لەکۆڵگرتووە، میواندۆستیت، یارمەتی سووککردنی کێشەی خەڵکی دەدەیت و لەسەر حەقیان هەڵدەدەیتێ. بگەڕێرەوە، لە داڵدەی مندا دەبیت من پەناتدەدەم، بگەڕێرەوەو خوای خۆت لە وڵاتی خۆتدا بپەرستە.

ئەم سیفەتانەی سەیدنا ئەبوبەکر کە ئیبنوددەغینە دەیانڵێت، هەر هەمان ئەو سیفەتە جوامێریانەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوون کە خاتوو خەدیجە فەرموونی... ئاخر لەبەر ئا ئەم جوامێراییە سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێت بووبە (ثانِي اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ) التوبە/٤٠ بوو بە هاوڕێی گیانی بەگیانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ . ئاخر بۆیە سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێت چاکترین موسوڵمانی ئوممەتەیە دوای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

دڵنیابە کە سیفەتە جوامێرییەکان رێرەوی سەرکەوتن و سەرفرازین. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا) الطلاق/٤ واتە: هەر کەسێك دینداریێتی سەرڕاستانە بکات و تەقواکاربێت، خوا گەورە هەموو کارەکانی بۆ ئاساندەکات. هەروەها دەفەرموێ: (فَاصْبِرْ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ)هود/٤٩ ئارامبگرە چارەنوس هەر بۆ تەقواکارانە، بۆدیندار سەرڕاستەکانە. ئەمە هەمووی وا لە بازنەی ئەو گوێڕایەڵییەی خوای گەورە دا

کە دەفەرموێ: (وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا) النساء/٦٦ واتە: ئەگەر ئەوەیان جێبەجێ بکردایە کە پێی ئامۆژگاری دەکران و پێیان دەوترا، زۆر چاك دەبوو بۆیان و پێقایمتری دەکردن، زیاتر جێگیری دەکردن... ئەمە ڕێسایەکە لە ڕێسا گشتیەکانی سەرکەوتن، کە خوای گەورە دەرهەقی دەفەرموێ: (إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ) محمد ﷺ /٧ واتە: ئەگەر ئێوە دینەکەی خوا سەرخەن، حەتمەن خوای گەورە سەرتاندەخات و پێتان جێگیردەکات.

ئاوا دەبینیت گوێڕایەڵی و ڕەوشتبەرزیی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پارسەنگیی و لاسەنگیی بەرەی جیهاد هەیە، چونکە مایەی خۆگریی و سەبرو پێکانە، کە هەر یەکەیان هۆکاری سەرکەوتنی خواییین.

هەموو شتێکیش بە دژەکەیدا دەناسرێتەوە، پێچەوانەی سیفەتە خواناسییە جوامێرییەکان، بریتین لە گوناح و سەرپێچیی و تاوان، کە ئەمانیش کاریگەریی سلبی خۆیان لە بەرەکانی جیهادو پارسەنگیی و لاسەنگیی هێزەکاندا هەیەو ئەنجامی جەنگیشی لەسەر دەوەستێت. خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْا مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا)ال عمران/١٥٥ ئەو کەسانەی ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر دوو لەشکرەکە (لەغەزای ئوحود دا) پشتیان هەڵکردو هەڵاتن ئەوە بە هۆی هەندێ گوناحەوە بوو، کە بە قسەی شەیتانیان کردو ئەویش پێی هەڵخلیسکاندن.

ئەم ڕێسا گشتیانە کە ڕێسای سەرکەوتن و تێکشکانن، پێویستە لە بیرو هزرو هۆشدا هەمیشە ئامادەبن. ئایەتە مەککیەکانی قورئان هەموو ئەم ڕێسانە نەگۆڕانەیان لە خۆگرتووە، کە باسی چیرۆکی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت دەکات، کە لەگەڵ کوفری قەومەکانیاندا رووبەڕوو دەبوونەوە. ئەم باسانە لەو ئایەتە مەککیانەدا بەمەبەست هاتوون. بۆ ئەوەی بیانکەنە ئەو زەمینە عەقائیدییە نەگۆڕەی ئەم جیهادەی دواتر لە مەدینە لەسەر راگیرکرا، تا لە ناخیاندا هاوکێشەی هێزو ڕێسای سەرکەوتن و شکست و هۆکاری هەر دووکیان لەناخدا بچەسپێت و دڵنیابن لەوەی کە ئەگەر ئەمان موسوڵمانی سەرڕاستبن و بۆخوالێبڕابن حەتمەن خوای گەورە سەرکەوتنیان پێدەخشێت و شکستی گەورەش بەسەر دوژمنانیاندا دەهێنێت.. نابینیت چۆن ئەو ئایەتە باسی چۆنیەتی شکستە حەتمیەکانیان _وەکو ئەنجام_ بە هۆکاری چۆنیەتی رەفتاریانەوە دەبەستێتەوە؟! وەکو:

-دوای بەسەر هاتی سەیدنا نوح علیه السلام و قەومەکەی دەفەرموێ (تِلْكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَا أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا فَاصْبِرْ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ) هود/٤٩ ئەمە لە هەواڵەکانی غەیب (نادیار)ەوەیە، کە بە وەحی بۆ جەنابتی دەنێرین، کە پێشتر نە جەنابت و نە قەومەکەت هیچتان دەربارەی نەدەزانی، ئارام بگرە، چارەنووس هەر بۆ دیندارانی سەرڕاست و تەقواکارانە.

-هەروەها دەفەرموێ: (وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَاءُوهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَانتَقَمْنَا مِنَ الَّذِينَ أَجْرَمُوا وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ) الروم/٤٧

واتە: پێش جەنابت پێغەمبەرانمان بۆ قەومەکانی خۆیان نارد، نیشانەوە بەڵگەشمان پێدابوون، بەڵام ئەوان باوەڕیاننەهێناو دەستدرێژیشیان کرد، تۆڵەمان لەوانەیان کردەوە کە تاوانیاندەکرد.. ئەوە حەقە لەسەرمان و مافی موسوڵمانانە پشتگیرییان بکەین وسەریانخەین.

-هەروەها (وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءَكَ فِي هَٰذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ) هود/١٢٠ واتە: کە بەسەر هاتی یەکێك لەو نێرراوانەی خوات بۆ دەگێرینەوە، بۆ ئەوەیە دڵتی پێقایمتر بکەین (و وورەتی پێ بەرزبکەینەوە) تۆش پەیامی حەقی خواییت بۆ هاتووە، کە ئامۆژگاریی و رێنیشاندان و یاداوەری موسوڵمانانی تێدایە.

*ئەمە لەسەر موسوڵمانان و کافرە دوژمنەکانیان، ئەمما لەسەر فاسق و دانیشتوو و بەزیووەکانی بەرسێبەر، کە کۆڵی جیهادەکەیان تووڕهەڵداوە، کە خوای گەورە لەسەر هەمووماني فەرزکردووە ، نموونەی ئەوانەی ئاوا هێناوەتەوە: (قَالُوا يَا مُوسَىٰ إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا أَبَدًا مَّا دَامُوا فِيهَا فَاذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلَا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ. قَالَ رَبِّ إِنِّي لَا أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِي وَأَخِي فَافْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ. قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي الْأَرْضِ فَلَا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ) المائده/٢٤-٢٦ واتە: ووتیان: هۆ موسا ئێمە هەتاماوین، هەرگیزاوهەرگیز ناچینە ئەو شارەوە (قودس) مادام ئەوان (قەومی جەببارین)ی تێدان. کەوابوو برۆ هەر خۆت و خواکەت جەنگەکە بکەن، وا ئێمە لێرە دانیشتووین. سەیدنا موسا فەرمووی: خوایە من دەسەڵاتم هەر بەسەر خۆم و براکەمدا هەیە، دەی سا خوایە، لەم قەومە لادەرە فاسقە مان

هەڵاوێرەو جیامانکەرەوە. خوای گەورە فەرمووی: ئەو سەرزەمینە پیرۆزەیان تا ماوەی چل ساڵ لێ حەرامبێت، هەر بەسەرگەردانی بە (سەحرای سینادا) بڕۆن وبێن، جەنابت خەفەت لەو قەومە لادەرە گوناحکارە مەخۆ... ئایەتەکە دەسەلمێنیت کە سەرگەردانییەکە سزایەکی قەدەریی خوای گەورە بوو بۆیان، ئەنجامی ئەو ترسنۆکیی و وورەرەخان و پاڵدانەوەو وازهێنانەیان بوو لە جیهادێك کە لەسەریان فەرزبووبوو. بەڵێنی خوایان بە سەرکەوتن بۆ هاتبوو! کەچی ئاوا بەو ناجوامێرییە ووتیان: بڕۆ خۆت و خواکەت جیهادەکە بکەن وا ئێمە لێرە دانیشتووین!! چاوەڕێی بەرهەمی رەنجی غەدری خۆیانن! وادەزانم ئەمە حاڵەتی زۆرینەی زۆری موسوڵمانانی ئەم سەردەمەشە، بەداخەوە. کەهەموو لەرەفتاریاندا بوونەتە بەنوئیسرائیل...

لە کۆتاییدا زەروویە برایانی رەوتەوان، هەموویان بیربهێنمەوە کە رەفتاری ڕەواو رەوشتی پارسەنگ و پەسەند بەرهەمی رەنجە، بە خۆڕاهێنانیان دێتە دیی لەسەر (زیاننەدان و سوودگەیاندن)، کە دەبنە رەفتاری رۆژانەو راهاتن لەسەریان دەبێتە رەوشتی تاك؟؟؟ کە بەکۆمەڵکاریی مومارەسە دەکرێن، دەبنە قییەم و دابودەستووری کۆمەڵایەتی... ئەمە رەنجی دەوێ، سەبرگرتن و سەرڕاستیی و کۆڵنەدانی دەوێ، تا لە ناخدا دەبنە بەڵگەنەوویست و لە دڵدا دەبنە پاڵنەرو لە رەوشتدا دەبنە دینداریێتی رەسەن، کە تاکی لەسەر پەروەردە دەکرێت، ئەمەشە ئەو خشتە نایابانەی دیواری ئەم تەوحیدو جیهادەی پێهەڵدەچنرێت، کە سەروەریی شەرع و حوکمی ئیسلامی داهاتوومان بۆی دەبێتە سەربانی دەسەڵاتی باڵا.. ان شاء الله.

پابەندنەبوونمان بەم ڕێبازە (بەم دیدو هەڵوێست)انەمانەوە، خۆڕانەهێنانمان لەسەر ئاستی یەکەمی رەوشتی کۆمەڵکاریی جیهادخوازییمان، لە بەجێهێنانی ئەرکە شەرعییەکانماندا شلوشێواومان دەکەن. تۆ ئەگەر لە ناختدا تاکێکی تێگەیشتووی راستگۆو خاوەن رەفتار رەوای کۆمەڵکارانەی رەوت نەبوویت، ئەستەمە بۆ خوا لیبڕێیت و فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی لەخراپەت پێبکرێت، سەبر ناگریت لەسەر راهێنانی ساحەکە، چ جای سەبرگرتن لەسەر جیهادو کۆڵەقورسەکەی... بۆیە داوامان لە هەموو موسوڵمانان ئەوەیە مەنهەجی رەوتەکەمان بخوێنن و ئەگەر بینییان ڕێبازەکەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و سەلەفی ئەم ئوممەتەمان گرتۆتەبەر با ووزەیانمان لەگەڵدا بخەنەگەڕ... وەسێتیشم بۆ رەوتەوانانی عەزیز ئەوەیە زۆر ووردەکارانەو جیددییانە مەنهەجەکە بخوێنن، خۆیانی لەسەر پەروەردەبکەن، گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەمیر بن، ڕێکخستنەکانیان تۆکمەترکەن، سەبر لەسەر یەکتریی بگرن... ئەوەش بزانە ئەگەر بۆ خوا لێبڕایت و بۆ رەزامەندی ئەو کارتکرد، هیچ شتییت لاگران نابێت، چونکە هەستدەکەیت لەبەر هێنانەدیی بەرژەوەندییە باڵاکانی شەرع نکووڵی لە مافی خۆت دەکەیت. ئەمەش سیفەتی یاوەرانە، ئەمە سیفەتی حزبواللەییەکەی ئایەتی بیستودووەمی سوورەتی المجادلەیە: (لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ).

# کۆتایی

ئێستا شەوەو زستانێکی تۆفە (نیو مەتر بەفر لەدەرەوە باریووە) لەزیندانێکی سەرچیایەکم کە ٣٤١ مەتر لە ئاست دەریاوە بەرزەو ئەمشەو پێش نووسینی سێ لاپەڕەی کۆتایی ئەم پەیامە، حوکمەکەیان بەسەرمدا خوێندەوە (کە پێشتر دەرکرابوو راگەێنرابوو) بەڵام بەرەسمی ئەمشەو بە تەرجومە کراوی پێمدرا کە دوو ساڵ و دەمانگ زیندانییە والحمدلله رب العالمین بەڵام ئەگەر خوا لێی وەرگرێت، لەبەر خاتری رەزامەندی ئەو بووبێت، کاریگەریی سلبی الحمدلله لەسەرم دروستنەکردووە، کە بەم سەعات و نیوەی پێش خەوتنم ئەم لاپەڕانە تەواوکەم و نەیخەمە سبەی، کە نازانم تەمەن باقی دەبێت یان نا.

جارێکی تریش وەسیتم بۆ هەموو رەوتەوانانی عەزیزە، کە بە مەنهەجەکەوە پابەندبن، مەنهەجی رەوت خۆلاسەی تێگەیشتن و ئەزموونی ژیانمە، کە بە ئامادەیکراویی خستومەتە بەردەستتان، دڵنیاشم خوای گەورە لەهەموومان دەپرسێتەوە.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم تسليما

٢٠١٢-١٢-١٩/١٨

دوای ئەم كتێبە كە(كۆمەڵكاريي و مافەكانی ڕەوتەوانان لەسەر يەكتريي)يە

كتێبی دووەمی ئەم زنجیرەیە دێت كە دەربارەی

(ئەمیرێتی و بەیعەت و مافەكانی ئەمیر)ە

ان شاء الله

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێرخستنەوەی یەکەم: تیۆری کۆمەڵکاری و بزاڤ لە روانگەی ڕەوتی شاخەوە. | ٧ |
| پێرخستنەوەی دووەم: بزاوتی ئێمە لە کوێی کۆمەڵکارییەکاندایە؟ | ١٥ |
| بەندی یەکەم: فەرزێتی کۆمەڵکاریی | |
| باسی یەکەم: مانای کۆمەڵکاریی | ٢٩ |
| باسی دووەم: کۆمەڵکاریی بۆ سەرخستنی ئیسلام فەرزە | ٣٤ |
| دەستەی سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة). | ٤٩ |
| ئایا (کۆمەڵی سەرفراز) و (دەستەی سەرکەوتوو) هەریەکن؟ | ٥٣ |
| باسی سێیەم: ئەرکە هەنووکەییەکانی دەستەی سەرکەوتوو | ٥٨ |
| یەکەم: لادان ورادانی حوکمی کافران لەسەر موسوڵمانان. | ٥٨ |
| دووەم: داوەریی کردن. | ٦٧ |
| سێیەم: رەواندنەوەی گومانێک لەسەر داوەرییکردن | ٨٢ |
| رەواندنەوەی گومانی (دەبێت حکومەتێک سزاکان جێ بەجێ بکات). | ٩٢ |
| بڕگەی یەکەم: داوەریی بردنەلای شەرع لەسەرکێ فەرزە؟ | ٩٥ |
| بڕگەی دووەم: سیفەتی ئەوکەسەی داوەرێتی دەبرێتەلا | ٩٧ |
| بڕگەی سێیەم: لەم چ جۆرە کێشەیەکدا داوەریی دەکەیێت؟ | ٩٩ |

| | |
|---|---|
| چوارەم: نەهاتنەوەلای شەرع بۆ داوەریی کردن، حەرامە | ١٠١ |
| باسی چوارەم: هەڵوێست لەفرەکۆمەڵکاریی موسوڵمانان. | ١٠٨ |
| بەندی دووەم: ماف و ئەرکی ڕەوتەوانان لەسەریەکتریی | |
| ماف و ئەرکی ڕەوتەوانان لەسەریەکتریی | ١٢٦ |
| باسی یەکەم: زیانپێنەگەیاندن | ١٣٤ |
| ١_ خۆگرتنەوە لە فیتنەی زمان | ١٣٤ |
| ٢_ فزوولی نەکردن و خۆهەڵنەقورتاندن لە کاری خەڵکی | ١٣٦ |
| ٣_ خۆگرتنەوە لە خۆبەکەمزانین | ١٤٠ |
| ٤_ زیاننەگەیاندن بە خەڵکی | ١٤٣ |
| ٥_ دوورکەوتنەوە لە بەدگومانیی | ١٤٩ |
| ٦_ وەرگرتنی مۆڵەتی ڕێپێدان | ١٥١ |
| ٧_ ڕووی چەقۆ نەکەیتە براکانت | ١٥٣ |
| ٨_ فشقیات و گاڵتەنەکردن | ١٥٥ |
| ٩_ دەرنەبڕینی تووڕەبوونی | ١٥٨ |
| ١٠_ نهێنی پاراستن | ١٥٩ |
| باسی دووەم: دابینکردنی سوود بۆ خەڵکی | ١٦٥ |
| ١_ قسەی جوان و ڕووخۆشیی | ١٦٥ |
| ٢_ پاراستنی مافی برایەتی | ١٦٦ |
| ٣_ سڵاولێکردن | ١٦٧ |

| | |
|---|---|
| ٤_ ڕەفتارت ڕەوشتبەرزانە | ١٦٨ |
| ٥_ ئاسانکردنی نارەحەتییەکانی خەڵکی | ١٧١ |
| ٦_ خزمەتکردنی براکانت | ١٧٥ |
| ٧_ زانینی مافی گەورەو بچووکي | ١٧٦ |
| ٨_ ڕەچاوکردنی خەڵکی | ١٧٧ |
| ٩_ ئاشتەوایی نێوان خەڵکی | ١٨١ |
| ١٠_ بەیەکتر بەخشین | ١٨٤ |
| جۆرەکانی ڕەفتار | ١٩١ |
| کۆتایی | ٢٠١ |
| ناوەڕۆک | ٢٠٣ |

# زنجیرەی هۆشیاریی هاودین

کۆمەڵە کتێبێکە کە دەبێ هاودین ووردەکارانە بیانخوێنێت و تاقیکردنەوەکانیان بە پلەی ٧٠٪ و سەرووتر سەرکەوتووانە ببڕێت، تا بچیتە ئاستی هاویبیریی.

| ژمارە | کتێب | ئامادەکردنی |
|---|---|---|
| یەکەم | خواوویستی ڕەوتەوان | ماموستا کرێکار |
| دووەم | ئێمە کێین؟ | ڕەوتی شاخ |
| سێیەم | بوارەکانی شیاوکردنی ڕەوتەوان. | ماموستا کرێکار |
| چوارەم | پەیڕەوو پرۆگرامی ڕەوت. | ماموستا کرێکار |
| پێنجەم | برایەتی دینیی | ماموستا کرێکار |
| شەشەم | ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان. | ئیدریس سیوەیلی |
| حەوتەم | فەرزێتی کۆمەڵکاریی | ماموستا کرێکار |
| هەشتەم | بژاری دەروون | رابەر هەولێری |

## زنجیرەی هۆشیاریی هاوبیر

| کۆمەڵە کتێبێکە کە دەبێ هاودین ووردەکارانە بیانخوێنێت و تاقیکردنەوەکانیان بە پلەی ٧٠٪ و سەرووتر سەرکەوتووانە ببڕێت، تا بچیتە ئاستی هاوڕێ. | | |
|---|---|---|
| ژمارە | کتێب | ئامادەکردنی |
| یەکەم | بەیعەت و مافی ئەمیر | مامۆستا کرێکار |
| دووەم | کۆمەڵکاری تۆکمە | ڕەوتی شاخ |
| سێیەم | دیدڕوونی | مامۆستا کرێکار |
| چوارەم | دیدوڕێ | شەریف عبدالقادر |
| پێنجەم | کێشەکانی کۆمەڵکاریی و چارەسەریان | مامۆستا کرێکار |
| شەشەم | دەسپێکی بزاوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان. | ئیدریس سیوەیلی |
| حەوتەم | واقیعی کوردستان | مامۆستا کرێکار |
| هەشتەم | بژاری دەروون | رابەر هەولێری |

شاهیدانی خواویستی

ماڵپەر

rawtyshax.com

پەڕەی فەیسبووک

fb.com/rawtyshax

هەژماری تویتەر

twitter.com/rawtyshax

ئیمەیل

rawtyshax@gmail.com